# رووداو
RÛDAW

ژمارە (489) دووشەممە 2018/1/15 - 25ی بەفرانبار 2717 (750) دینار


## لە دهۆک نۆ کەس بە تۆمەتی گەندەڵی دەدرێنە دادگا

**رووداو- دهۆک**

ئەکرەم جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "نۆ کەس لە هەشت رێکخراوی ناحکومی هەرێمی کوردستان کە زۆربەیان لە شاری دهۆکن، بە تۆمەتی گەندەڵی دراونەتە دادگا".

بەپێی ئاماری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا نزیکەی 3400 رێکخراوی ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، تەنیا لە سنووری پارێزگای دهۆک 468 رێکخراوی لۆکاڵی و 116 رێکخراوی بیانی هەن کە بیانییەکان زۆرتر بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان لەوێن. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لەبارەی گەندەڵی لەنێو ئەو رێکخراوانە بە (رووداو)ی گوت "دوای هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، بەشێک لە رێکخراوەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە، لە جیاتی هاوکاریکرنی ئاوارەکان دەستیان بە گەندەڵی و خواردنی پارەی ئاوارە کرد".

ئەکرەم جەمۆ گەندەڵییەکانی ئەو رێکخراوانەی ئاشکرا کرد و گوتی "بەشێک لەو رێکخراوانە بەناوی رێکخراو پارەیان لە خەڵک وەرگرتووە و بەشێکی دیکەشیان لە پارەی پرۆژەکان گەندەڵییان کردووە، هەندێکیشیان دەستکاری پسوولەی خەرجییەکانیان کردووە". سەبارەت بە سزادانی ئەو رێکخراوانە لەلایەن فەرمانگەکەیان، ئەکرەم جەمۆ گوتی "هەر کاتێک تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ ببێتەوە، دەتوانین رێکخراوەکان هەڵبوەشێنینەوە".

«2

**نازم دەباغ بۆ (رووداو):**
**ئێران لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر هێڵە**

6

**یاداشتێک لەبارەی (دواهەمین هەناری دونیا)**




ئەدەب و کولتوور

**یەکگرتوو محەممەد رەئوف لە ریزەکانی دووردەخاتەوە**

7

# عەرەب سازان و کورد ترازان!

**لیستی هاوبەش شکستی هێنا و لایەنە کوردستانییەکان بەجیا دەچنە هەڵبژاردنەوە**

3




ژنان 12

**ژنانی چیچانی لە عێراق بەدوای کچەکانیاندا دەگەڕێن**




ئابووری 8

**6 بانکی ئەهلی لە هەولێر پارەی خەڵک نادەنەوە**

راپۆرتە هەواڵ 2

**کوردێک لە تەمەنی 100 ساڵیدا دەبێتە باوک**



تاراوگە 11

**باندێکی کوردی هەرەشە لە پۆلیسی بەریتانی دەکەن**





## خێزانێکی 12 کەسی مووسڵ بێسەروشوێنن

**ڕووداو- هەولێر**

خێزانێکی 12 کەسی موسڵ نۆ مانگە بێسەروشوێنن، کەسوکاریان بە دوایاندا دەگەڕێن هیچ سۆراخیان نییە. خێزانە موسڵاویەکە خوشک و برا و منداڵەکانیان، ماڵەکەیان لە ڕاستی موسڵ کراوەتە ئامانجی بۆمبێکی گەورە، خانووەکەیان بە سەردا ڕووخاوە، بەڵام تەرمیان نییە. مۆفەق ئەحمەد زاوای ماڵە بیسۆراخەکەیە، خێوەتەکانی کامپی خازریان بۆ دەگەڕێت، دەڵێت لە خانووە وێرانەکەی خەزووری چەند تەرمێکیان دەرهێناون، بەڵام هێشتا 12کەسیان بێسەروشوێنن. گومان دەکەن بۆمبە وێرانەکەرەکانی ڕاستی موسڵ خێزانە گەورەکەیان پەڕاگەندەکردبن و بە جۆرێک هۆشیان لە دەستدابێت هەریەکە و بە لایەکدا دوای چارەنووسێکی نادیار کەوتبن.

## هەموویان ئەندامی ڕێکخراوە ناحکومییەکانن

# نۆ کەس بە تۆمەتی دزینی یەک ملیۆن دۆلار دەدرێنە دادگا

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە نێو ئەو ڕێکخراوانەش کە پەیتا پەیتا کۆنفرانس و ووركشۆپ بۆ باشکردنی حوکمڕانی و چاکسازی ساز دەدەن. لە پارێزگای دهۆک نۆ ئەندامی هەشت ڕێکخراوی ناحکومی بە تۆمەتی گەندەڵی دراونەتە دادگا، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەڵێت ئەو ڕێکخراوانە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار پارەی خەڵک و حکومەتیان خواردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەبارەی گەندەڵی لەنێو ئەو ڕێکخراوانە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، بەشێک لە ڕێکخراوەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە، لە جیاتی هاوکاریکرنی ئاوارەکان دەستیان بە گەندەڵی و خواردنی پارەی ئاوارە کرد".

بەپێی ئاماری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا نزیکەی 3400 ڕێکخراوی ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، تەنیا لە سنووری پارێزگای دهۆک 468 ڕێکخراوی لۆکاڵی و 116 ڕێکخراوی بیانی هەن کە بیانییەکان زۆرتر بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان لەوێن.

سەرچاوەکە دەڵێت: "ئێستا بە دەیان پڕۆژە هەن کە ڕێکخراوەکان پارەیان وەردەگرن بەبێ ئەوەی یەک کار بکەن، هەموو پارەکە دەخۆن، جگە لەمەش فرۆشتنەوەی پرۆژە لەنێو ڕێکخراوەکان پەیدا بووە، گەندەڵی زۆر عەنتیکە و جۆراوجۆر لەنێو ڕێکخراوەکان دەکرێ".

### بەرپرسی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

### ئەگەر تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ ببێتەوە دەتوانین ڕێکخراوەکانیان هەڵبوەشێنینەوە

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "لە سنووری پارێزگای دهۆک 468 ڕێکخراوی ناحکومیی لۆکاڵی هەن، تەنیا 12 دانەیان بارەگایان هەیە".

ئەکرەم جمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، قسەکانی ئەو سەرچاوەیەی پشتڕاستکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێستا نۆ کەس لە هەشت ڕێکخراوی ناحکومی هەرێمی کوردستان کە زۆربەیان لە شاری دهۆکن، بە تۆمەتی گەندەڵی دراونەتە دادگا".

ئەکرەم جمۆ هەروەها گوتی: "بەشێک لەو ڕێکخراوانە بەناوی ڕێکخراو پارەیان لە خەڵک وەرگرتووە و بەشێکی دیکەشیان لە پارەی پڕۆژەکان گەندەڵییان کردووە، هەندێکیشیان دەستکاری پسوولەی خەرجییەکانیان کردووە".

ئەکرەم کە لەسەر پشکی یەکگرتوو پۆستی سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وەرگرتووە، ئاشکرای کرد "ئەو ڕێکخراوانەی بە تۆمەتی گەندەڵی دراونەتە دادگا، زۆربەیان لە سنووری پارێزگای دهۆک کاردەکەن، بەشێکیشیان لە هەولێرن، بەڵام ئۆفیسیان لە دهۆک هەیە".

گوتیشی "دۆسیەی هەر نۆ کەسەکە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و چەند دانیشتنێکی دادگاش بەڕێوەچووە، بەڵام هێشتا دۆسیەی کەسیان یەکلایی نەبووەتەوە".

بە گوتەی جمۆ، ئەو بڕە پارەیەی ئەو ڕێکخراوانە گەندەڵییان تێدا کردووە، نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار دەبێ.

سەبارەت بە سزادانی ئەو ڕێکخراوانە لەلایەن فەرمانگەکەیان، ئەکرەم جمۆ گوتی "بەپێی یاسا دامەزراندنی ڕێکخراو ئاسانە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەش کە هەتا ئێستا دۆسیەکەیان لە دادگایە و یەکلایی نەبووەتەوە، ناتوانین هیچ ئیجرائاتێکیان بەرامبەر بکەین، بەڵام هەر کاتێک تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ ببێتەوە، دەتوانین ڕێکخراوەکان هەڵبوەشێنینەوە".



نزیکەی 3400 ڕێکخراوی ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا هەن

# گورچیلەی خۆی بۆ "زەوییەکی پەنجا مەتری" دەفرۆشێ



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات و لەگەڵ هەموو قسەیەکیدا ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ، نەبوونی و هەژاری ناچاری کردووە بیر لە فرۆشتنی گورچیلەی بکاتەوە، ئەو جارێک مامەڵەی فرۆشتنی گورچیلەی کردووە، بەڵام دواتر کەسەکە لە مامەڵەکە پەشیمان بووەتەوە، ئێستا چاوەڕوانی کڕیارێک دەکات تاوەکو گورچیلەکەی خۆی پێ بفرۆشێت.

نەهامەتییەکانی (ش. عەلی، تەمەن 34 ساڵ) لەگەڵ لەدایکبوونییەوە بەرۆکیان گرتووە، ئەو دەڵێت "تازە لەدایکبببووم، باوکم بە ڕووداوی هاتوچۆ مرد و دایکیشم نەماوە، هیچ برایەکم نییە و تەنیا خوشکێکی لەخۆم گەورەترم هەیە کە وەکو خۆم هەژار و کرێچییە و لەگەڵ هاوژینەکەی زۆر بە زەحمەت توانای خۆبەڕێوەبردنیان هەیە".

(ش) دوای مردنی دایکی بە بێکەسی دەمێنێتەوە، هەر بۆیە دوای ساڵێک لە مردنی دایکی، هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک دەکات کە پاسەوانە و ئێستا خاوەنی سێ منداڵن، ئەوان لە گەڕەکێکی سلێمانی نیشتەجێن و کرێچین. مووچەی هاوژینەکەی تەنیا بەشی کرێی خانووەکەیان دەکات و (ش)یش ئەو 90 هەزار دینارەی وەک مووچەی کەمئەندامی وەریدەگرێت، دەیکات بە خەرجیی ڕۆژانەی منداڵەکانی. (ش) لەو ژیانە بێزار بووە و دەڵێت هەژاری وەها تەنگی پێهەڵچنیوە کە بڕیاری داوە گورچیلەی خۆی بفرۆشێ. ئەو دەڵێت: "ساڵی پار کوڕەکەم تەمەنی بووە شەش ساڵ و دەبوو بچێتە قوتابخانە، بەڵام نەمتوانی بینێرم، کە لێم دەپرسێ بۆ منیش وەکو هاوڕێکانم ناچمە قوتابخانە، پێمگوت هێشتا تەمەنی تۆ نەگەیشتووەتە شەش ساڵان، چەندینجار بیرم لەوە کردووەتەوە خۆم بکوژم یان خۆم و منداڵەکانم لە ژوورەوە بسووتێنم و چیتر ئەم ژیانە سەختە نەبینین".

(ش) لە زۆر دەرگای داوە، بەڵام هیچ کەسێک هاوکاری نەکردووە و هیچ دەرگایەکیان بەڕوودا نەکردووەتەوە، بۆیە ساڵی پار بڕیاری دا گورچیلەیەکی خۆی بفرۆشێ و دەڵێت "لەگەڵ کەسێک ڕێککەوتم بە 12 ملیۆن دینار گورچیلەکەمی بدەمێ، بەڵام دواتر کەسەکە لە مامەڵەکە پەشیمان بووەوە".

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی (ش) ئەوەیە کە دەستێکی تەواو نییە و ناتوانێت کاربکات، ئەو دەڵێت: "لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا شادەماری دەستێکم پچڕاوە و ناجووڵێت، لە مانگی 10ی پارساڵەوە ناوم نووسیوە تا نەشتەرگەری بکەم، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارەی نەشتەرگەرییەکە کە 300 هەزار دینارە، نەمتوانی نەشتەرگەرییەکەش بکەم، ئەگەر دەستم ئیشی بکردبایە، نانکەری و کارەکەریم لە ماڵان دەکرد و بژێویی منداڵەکانم دابین دەکرد".

بەهۆی دواکەوتنی مووچەی هاوژینەکەیەوە، چوار مانگە کرێی خانوویان نەداوە، بۆیە هەموو مانگێک خاوەن خانووەکە کێشەیان بۆ دروست دەکات، تا دەگاتە ئەوەی داوا لە (ش) دەکات لەگەڵی بخەوێت، ئەو دەڵێت "هاوژینەکەم لە دەوام بوو، خاوەن ماڵەکە هات و داوای کرێی خانووەکەی کرد، بەڵام من هیچم نەبوو بیدەمێ، بۆیە گوتی مادام ناتوانن کرێی خانوو بدەن، ڕێگەم بدە بێمە ژوورەوە و لەگەڵم بخەوە، بەڵام من دەرگاکەم بەڕوویدا داخست و دەرمکرد".

دەشڵێت: "ئەو قسانە زۆر کاریان لێکردم و ناچار بووم دووبارە بیر لە فرۆشتنی گورچیلەم بکەمەوە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بە پارەی گورچیلەکەم بتوانم زەوییەکی 50 مەتریش بێت بیکڕم و ڕزگارم بێ".

## بۆ سەرۆکایەتی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن وازی هێنا

# پەرلەمانتارە دەستلەکارکێشاوەکەی پارتی بێ پۆستە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

نزیکەی پێنج مانگە پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بە نیازی ئەوەی بیکەن بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پەرلەمانی عێراق، بەڵام هێشتا ئەو پۆستەی وەرنەگرتووە. پەرلەمانتارەکە دەڵێت داوای لێکراوە بگەڕێتەوە پەرلەمان، بەڵام ڕازی نەبووە.

ڕۆژی 2017/9/23 لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەمانی کوردستاندا، بەیار تاهیر دۆسکی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی لەکارکێشایەوە بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەربگرێ. لە شوێنی ئەویش عەلی سپیندارەیی دەستبەکار بوو، بەڵام دواتر حکومەتی عێراق ڕازی نەبوو بەیار دۆسکی ئەو پۆستە وەربگرێ.

بەیار دۆسکی بە (ڕووداو)ی گوت: "لەسەر داوای پارتی دەستم لە ئەندامێتی پەرلەمان کێشایەوە، بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق وەرگرم، بەڵام وەکو سزادانێک بەهۆی ئەنجامدانی گشتپرسی، بەغدا ڕازی نەبوو ئەو پۆستە بدرێتە پارتی، نەک تەنیا ئەو پۆستەی لە پارتی سەندەوە، بەڵکو لە کوردیشیان سەندەوە و کەسێکی عەرەبی شیعەیان لەو پۆستە دانا".

### داوام لێکرا بگەڕێمەوە پەرلەمان، بەڵام ڕازی نەبووم

بەیار دۆسکی

بە گوتەی بەیار دۆسکی، پارتی دڵنیابووەتەوە لەوەی ئەو پۆستە وەرناگرێ، بۆیە داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە پەرلەمان. دۆسکی گوتی "جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لێکردم بگەڕێمەوە پەرلەمان، بەڵام خۆم ڕازی نەبووم، هەتا ئێستا هەر لە ماڵەوەم و هیچ پۆستێکم وەرنەگرتووە".

پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێگەی جۆراوجۆر چەندین پۆستی لە بەغدا لەدەستداوە، لە گرنگترین ئەو پۆستانەش، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سوپاسالاری عێراق و وەزیری دارایی کە ئەوەی دواییان لە پەرلەمانی عێراق متمانەی لێسەندرایەوە.



عەرەفات کەرەم سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "لەدوای گشتپرسی کێشەی زۆر بۆ پارتی لە بەغدا دروستکراوە. سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن کە مافی پارتی بوو، لێی سەندرایەوە، ئەوان هەتا ئێستا بەردەوامن لە دژایەتیکردنی پارتی لە بەغدا، لەم هەفتەیەشدا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پۆستەکەی لادراوە، ئێمە لەسەر خەتین بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام ئەوان بە پیلان ئەو کارە دەکەن بۆ ئەوەی سزای پارتی بدەن".

## تەمەنی نزیکەی 120 ساڵە

# پیاوێکی کورد لە تەمەنی 100 ساڵیدا دەبێتە باوک



محەممەدی حاجی مەحموود بەم تەمەنەوە حەز دەکات ژنێکی دیکەش بهێنێت

**ڕووداو- بانە**

پیاوێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت تەمەنی نزیکەی 120 ساڵ دەبێ و لە تەمەنی 100 ساڵیدا بووەتە خاوەنی منداڵێک، بەو تەمەنەش هێشتا چاوی لەوەیە ژنێکی دیکە بهێنێ.

محەممەدی حاجی مەحموود کە دانیشتووی گوندی ئارموردەی سەر بە بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تەمەنی گەیشتووەتە نزیکەی 120 ساڵ و بە گوتەی خۆی تەمەنی لە نێوان 118 ساڵ بۆ 120 ساڵ دەبێت.

محەممەد دەڵێت باری تەندروستی باشە و تاوەکو ئێستا سێ جار خێزانی پێپێکەوە ناوە، بەڵام تەنیا یەک لە ژنەکانی لە ژیاندا ماوە کە 80 ساڵ لە خۆی بچووکترە.

محەممەدی حاجی مەحموود، باوکی 25 منداڵ بووە و ئێستا 12یان لە ژیاندا ماون کە بچووکترینیان 18 ساڵە، واتە محەممەد لە دوای تەمەنی 100 ساڵی بۆ دوایینجار بووەتە باوک.

محەممەد دەڵێت، حەزدەکات و توانای ئەوەی هەیە جارێکی دیکە خێزان پێکەوە بنێ. ئەو دەڵێت: "لەخۆم رادەبینم"، بەڵام لەبەر هاوژینەکەی نایەوێت دڵی بشکێنێت و ئەو کارە ناکات. لەبارەی ژیان و خواردنییەوە دەڵێت: "لە ژیانمدا کەسێکی خواپێداو بووم، بۆ خواردنیش زۆرتر حەزم لە پەنیر و گۆشت بووە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (489) - دووشەممە 2018/1/15




## هەولێر و بەغدا لەسەر کردنەوەی فڕۆکەخانەکان ڕێکدەکەون

**رووداو- هەولێر**

شاندی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لە بەغدا رایدەگەیێنێ: "ڕۆژی دووشەممە 15-1-2018 کۆبوونەوەیەکی دیکەی دووقۆڵی لە هەولێردەکەن و لەبارەی فڕۆکەخانەکان، دەروازە سنوورییەکان، بەنداوەکان و چەند پرسێکی دیکە ڕێکدەکەون، ئەو کێشانەش بەرزدەکرێنەوە کە پێویستیان بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵەوە هەیە". جەختیشدەکاتەوە کە پەیامی عەبادییان پێ ڕاگەیێندراوە و پێداگری لەسەر گێڕانەوەی کار و چالاکی بۆ ئەو شوێنانە دەکات. ڕۆژی 2018/1/13، شاندێکی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆ گەیشتە بەغدا و لەبارەی کێشەی فڕۆکەخانەکان، دەروازە سنوورییەکان، بەنداوەکان، ڕەگەزنامە، پاسپۆرت، کارتی نیشتمانی لەگەڵ تیمێکی حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتیی قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆ کۆبووەوە.

# هەمووان سازان و کورد ترازان

## لیستی هاوبەش شکستی هێنا و لایەنە کوردستانییەکان بەجیا دەچنە هەڵبژاردنەوە

**هێڤیدار ئەحمەد و مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

حیزبە کوردستانییەکان دوور لە چاوی میدیا تا پێیان کرا لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەولێر هەوڵیان دا بەرامبەر بە بەغدا بەهێز دەربکەون و یەک لیستیان هەبێ، بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا و هەر حیزبە بەتەنیا دەچێتە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە. بەشداربوویەکی ئەو کۆبوونەوەیە دەڵێت: "کورد هیچ کاتێک هێندەی ئێستا نەترازاون".

وا بڕیارە ڕۆژی 2018/5/12 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێ، بەڵام هەر لە ئێستاوە هەواڵی خۆش بۆ کورد نییە. چونکە لیستێک نییە بەناوی حیزبە کوردستانییەکان نوێنەرایەتی هەموو کوردستان لە بەغدا بکات. هەر ئەوەندە نا، بەڵکو وەک شارەزایەکی بواری هەڵبژاردن بە (رووداو)ی گوت "حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگە ئێسکی یەکدیش بشکێنن".

چاوەڕوانییەکی زۆر هەبوو دوای 16ی ئۆکتۆبەر بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق کورد یەکبگرن، هەر هیچ نەبێ بۆ کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکەی 12ی ئایار بکەن. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (رووداو)ی گوت "پارتی هەموو هەوڵێکی دا بەیەک لیستی کوردستانی بەشداری بکەین لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون".

سوننە و شیعە بە پێچەوانەی کورد، ئەمجارە لیستی زۆر بەهێزیان دروستکردووە و دەیانەوێ بە زۆرترین کورسی هەڵبژاردنی داهاتوو تێپەڕێنن.

بەڵام خەسرۆ گۆران دەڵێت "پێدەچێت وەکو هەڵبژاردنەکانی 2014 حیزبە کوردستانییەکان هەر یەکە بەتەنیا بەشداری هەڵبژاردن بکەن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ڕۆژی 2018/1/13 لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەنێوان پارتی و یەکێتی کراوە، دواتر یەکگرتوو، سۆشیالیست، شیوعی، زەحمەتکێشان و حیزبی دیکەش بەشداربوون. بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکەی پارتی و یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆبوونەوەکە بۆ ئەوە بوو کە چۆن کورد بە یەک لیست بچنە هەڵبژاردنەوە". بەڵام وەک ئەو بەشداربووە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە دەڵێت: "بەداخەوە نەگەیشتنە ئەنجام، چونکە یەکگرتوو کشایەوە، هەندێ لایەنی دیکە هەبوون مەرجیان هەبوو، تەنیا پارتی و یەکێتی مانەوە".

ئەو گوتیشی: "کۆمەڵی ئیسلامی بڕیار بوو بەشداربێ لە کۆبوونەوەکە و ئەوانیش بەشێک بن لەو یەک لیستییە، بەڵام دواجار نەهاتن و گوتیان بەشدار نابین".

لە هەڵبژاردنی نیسانی 2014 دا کورد لە ناوچە دابڕاوەکان 20 کورسی بەدەست هێنا، تەنیا لە کەرکووک لە کۆی 12 کورسیی پەرلەمانی عێراق، هەشت کورسی بەدەستهێنا (یەکێتی شەش کورسی و پارتی دوو کورسی) هەر یەک لە گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ کە بەجیا بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردبوو، بە سەرجەمیان 28 هەزار و 609 دەنگیان هێنا، بەڵام نەیانتوانی هیچ کورسییەک ببەن و بەوەش کورد 28 هەزار دەنگی لەو پارێزگایە سووتا.

ڕۆژی 2018/1/11 هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و کۆمەڵی ئیسلامی "لیستی نیشتمان"یان لە پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوا ڕاگەیاند. ڕەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی دروستکردنی ئەو لیستە بە زیان بۆ پێگەی کورد دەزانێت و دەڵێ: "بەداخەوە حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان زۆر بە ڕق و کینە مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەن، عەرەب و تورکمان لە کەرکووک یەک لیستیان دروستکردووە، بەڵام کورد تاوەکو ئێستا یەک ڕیز نییە".

مەلا فەرمان، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک دەڵێت دەرگای هاوپەیمانێتییەکەیان بەڕووی سەرجەم حیزبەکاندا کراوەیە، جگە لە پارتی و یەکێتی. ناوبراو بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "دەرگای هاوپەیمانیی نیشتمانی لە بەردەم سەرجەم حیزبەکان کراوەیە، جگە لە پارتی و یەکێتی، چونکە ئەو دوو هێزە تووشی شکست بوون و کارەساتی گەورەیان بەسەر میللەتەکەمان هێناوە، خەڵکی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە ئەمجارە دەنگ بەو دوو هێزە نادەن".

دروستکردنی لیستی هاوبەش لەلایەن گۆڕان، کۆمەڵ و ڕەوتەکەی بەرهەم ساڵح، یەکگرتووشی ترساند لەوەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی بچێتە لیستێکی هاوبەشەوە.

هادی عەلی، گوتەبێژی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 باشترین بژارە بە لای ئێمەوە یەک لیستی و لیستی هاوبەشی لایەنە کوردستانییەکان بوو، بەڵام ئەو بژارەیە نەبوو، بۆیە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری دەکەین".

ڕۆژی 2018/1/7 حیزبە کوردستانییەکان بەبێ پارتی لە بارەگای مەڵبەندی دووی کەرکووکی یەکێتی بۆ تاوتوێکردنی چۆنیەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق کۆبوونەوە، سەرجەم لایەنەکان لەسەر دروستکردنی لیستێکی هاوبەش ڕێککەوتن، پارتی بە تەلەفۆن ئۆکەیی دابوو، بەڵام دواتر بزووتنەوەی گۆڕان بە تەلەفۆنێک لەو هاوپەیمانێتییە کشایەوە.

ڕەوەند مەلا مەحموود دەڵێت "هەڤاڵانی پارتی ئەگەرچی لەبەر چەند هۆکارێک بەشداری کۆبوونەوەی حیزبەکانیان لە کەرکووک نەکرد، بەڵام بە تەلەفۆن لەسەر یەک لیستی حیزبە کوردستانییەکان ڕازی بوون، بۆیە دەستمان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەکان کرد و هاوپەیمانێتی کەرکووک ئایندەمانە لە کۆمیسیۆن تۆمار کرا، بەڵام دواتر هەڤاڵانی گۆڕان تەلەفۆنیان بۆ کردم کە پرسیان بە سەرووی خۆیان کردووە و لەو هاوپەیمانێتییە دەکشێنەوە".

ئەم لێکترازانەی کورد کاریگەری باشی نابێ لەسەر دەنگ و پێگەی کورد لە پرۆسەی سیاسی چوار ساڵی داهاتووی عێراقدا.

کورد نزیکەی 65 ئەندامی هەیە لە پەرلەمانی عێراق، لە پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی سەرۆکی عێراقدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە. بەڵام ئەم لێکترازانە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژمارەی کورسییەکانی کورد دەبێ.

پێناچێ ئەمجارە کورد شەریکی سەرەکی بێ لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا، یان وەکو جاران حکومەت بەبێ کورد لە بەغدا پێکنەهێنرێ. بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەشە، دەڵێت: "با کورد 65 کورسی نەهێنێ و 60 کورسی بباتەوە، لە عێراق ئەگەر پرۆسەی سیاسی بە شەراکەت نەکرێ، هیچ جارێ ناتوانین بە ژمارەی کورسییەکان هیچ ببەینەوە".




# شیعە بۆ هەڵبژاردن ئامادەیە و سوننە داوای دواخستنی دەکات

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

تا دێت ناکۆکیی لایەنە عێراقییەکان بە تایبەت لە نێوان شیعە و سوننە لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق توندتر دەبێت، حکومەتی عێراقی کە شیعە تێیدا باڵادەستە، سوورە لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە 2018/5/12، بەڵام سوننە داوای دواخستنی دەکەن.

ڕۆژی 2018/1/13 دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوە، بەڵام لەسەر پرسی یاسای هەڵبژاردن نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، بۆیە ئەو پرسە بۆ ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو دواخرا.

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "کورد کێشەی نییە لە کاتی دەستووری خۆی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبچێ، بەڵام عەرەبی سوننە داوای دواخستنی بۆ ماوەی شەش مانگ دەکەن، شیعەکانیش دەیانەوێ هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بەڕێوەبچێ".

شاخەوان عەبدوڵڵا هەروەها دەڵێت "کێشە تەنیا لە نێوان شیعە و سوننەدا نییە، بەڵکو نێو ماڵی شیعەکانیش گرفت و کێشەیان هەیە، ئەوانیش بەشێکیان لەگەڵ دواخستن بوون، بەڵام لە ترسی شەقام و موزایەدە نایانەوێ ڕاشکاوانە باسی بکەن".

سوننەکان پاساوی خۆیان هەیە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن و دەڵێن باری ئەمنی ناوچەکانیان لەبار نییە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن. تەلال زوبەیعی، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی عێراقیە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ناوچەکانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی عێراق بەهۆی شەڕی داعشەوە وێران بوون، خەڵک بە تەواوەتی نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵەکانیان، هێشتا بەتەواوەتی ئەو ناوچانە ئاسایشیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، بۆیە داوامان کردووە لانیکەم هەڵبژاردن بۆ شەش مانگ دوابخرێ، تا دۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی دەکرێتەوە".

بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی 56ی دەستووری عێراق، خولی پەرلەمانی عێراق چوار ساڵە، حکومەتی عێراق و هێز و لایەنە شیعییەکان سوورن لەسەر بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە لە وادەی دیاریکراوی خۆی.



**پەرلەمانتارێکی گۆڕان**

> هەڵبژاردن لە وادەی خۆی بکرێت دانوستاندنی هەولێر و بەغدا دوادەخرێت

**پەرلەمانتارێکی سوننە**

> داوامان کردووە هەڵبژاردنەکان بۆ 6 مانگ دوابخرێت

**پەرلەمانتارێکی پارتی**

> شیعەش لەگەڵ دواخستنە بەڵام لە بەر موزایەدە داوای ناکەن

**پەرلەمانتارێکی یەکێتی**

> بەشداری مالیکی و عەبادی بە دوو لیست مانای ئەوەیە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا دەکرێت

بەختیار شاوێس، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "شیعەکان ترسیان هەیە دواخستنی هەڵبژاردن ببێتە دیاردە وەکو لوبنان کە چەندین ساڵ دوابخرێ، بۆیە لە ڕوانگەی دەستوورەوە ئەو قسەیە تەواوە کە پێویستە لە کاتی خۆی هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام ناوچە سوننییەکان هێشتا ئاوەدان نەکراونەتەوە و خەڵکەکەشی زۆربەی نەگەڕاونەتەوە".

پەرلەمانتارێکی گۆڕان لەو باوەڕەدایە کە هەڵبژاردن لە وادەی خۆی دەکرێ. مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "سوننە لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن سوورە، بەڵام ئەگەری زۆرە حکومەت بۆ لاوازکردنی هەڵوێستی پەرلەمان پەنا بۆ دادگای فیدراڵی ببات تا بڕیار بدات هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بەڕێوەبچێ".

تەلال زوبەیعی کە پەرلەمانتارێکی سوننەیە، پێیوایە عەرەبی سوننە بەناچاری بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و دەڵێ "بۆ ئەوەی عەرەبی سوننە بە پشتیوانیکردنی تیرۆر تۆمەتبار نەکرێن، ناچارن بەشداری هەڵبژاردن بکەن".

دۆخی کورد لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر زۆر باشتر نییە لە پێکهاتەی عەرەبی سوننە، بەتایبەتی دوای پێشلکارییەکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو و ناوچەکانی دیکە کە بەهۆیەوە دەیان هەزار کەس ئاوارە بوون.

حیزبی دەعوەی ئیسلامی کە لەساڵی 2005 ـەوە دەسەڵاتی بەدەستە و سێ سەرۆکوەزیرانی عێراق لە نێوماڵی ئەو حیزبەوە دەرچوون، دواجار ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بە دوو لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن، نووری مالیکی ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوە و جێگری سەرۆککۆمار سەرۆکایەتی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دەکات، حەیدەر عەبادی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی حیزب و سەرۆکوەزیرانیش سەرۆکایەتی هاوپەیمانی "سەرکەوتن" دەکات، گرنگترین کوتلە و ڕەوتەکانی نێو هاوپەیمانێتییەکەش بریتین لە هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری کە لە چەندین گرووپی حەشدی شەعبی پێکدێ، هەروەها ڕەوتی حیکمەی عەمار حەکیم. تاوەکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە 22 حیزب و ڕەوت چوونەتە نێو هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی.

بەختیار شاوێس دەڵێ: "یەکلابوونەوەی مالیکی و عەبادی بۆ دروستکردنی دوو لیستی جیا مانای ئەوەیە کە شیعە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان جددین، بۆیە نایانەوێ پرۆسەکە دوابخرێت".

ڕێککەوتنی عەبادی و حەشد، موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدری توورە کرد، بە جۆرێک سەدر لە بەیاننامەیەکدا ئەو ڕێککەوتنەی بە زەمینەسازی بۆ گەڕاندنەوەی "گەندەڵکاران" وەسفکرد.

وەرەقەی کورد یەکێک لە بابەتە گەرمەکانی هەڵبژاردنە، دوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی، گرتنەبەری گوتاری توند و سەپاندنی سزا بەسەر هەرێمی کوردستاندا لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە لە شەقامی شیعەدا دەنگ پەیدا دەکات.

مەسعود حەیدەر دەڵێ: "بە قەناعەتی خۆم ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت دانوستاندن و ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا دەکەوێتە دوای هەڵبژاردن و بە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو دەسپێردرێت، ئەگەر هەڵبژاردن دوابخرێت عەبادی لەگەڵ کوردستان دەکەوێتە دانوستاندن، چونکە وەرەقەی کوردی لە شەقامی شیعیدا دەنگی پێ کۆدەکرێتەوە".

## مەسروور بارزانی، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو):

# رادەستکردنی کەرکووک گەورەترین خیانەتی مێژووی کوردایەتی بوو



**راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، 16ی ئۆکتۆبەر بە گەورەترین خیانەتی مێژووی کوردایەتی ناودەبات بەهۆکاری ئەوەی "خاکی کوردستانیان فرۆشت، کەرکووکیان رادەستکرد، پەلکێشی هێزەکانی عێراقیان کرد و ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە بەرگرییان دەکرد و یەکێتیش بوون، ئەوانیشیان کردە قوربانی". مەسروور بارزانی، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی رووداو) دەڵێت حکومەتی عێراق ئەگەر رێککەوتنی ژێربەژێری لەگەڵ گرووپێکی ناو یەکێتی نەبووایە، جورئەتی پەلاماردانی پێشمەرگەی نەبوو.**

**هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین**
رووداو- هەولێر

**نەک کاتی ریفراندۆم نەبوو، زۆریشی بەسەردا تێپەڕیبوو**

**نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا بەدیلی باشتر لە ریفراندۆم نییە**

**کەرکووک ئێستا شارێکی داگیرکراوە**

**رووداو: هێشتا بابەتی گشتپرسی لە باشووری کوردستان بابەتێکی گەرم و کاریگەرە، بیرۆکەی گشتپرسی چۆن دروستبوو، ئەو بڕیارە چۆن درا؟**

**مەسروور بارزانی:** گشتپرسی مافێکی سرووشتی و یاسایی هەموو نەتەوەیەکە، لە چارتەری یوئێنیشدا هاتووە کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەمە وەکو ماف، وەکو مافی نەتەوەیەک کە بە درێژایی مێژوو، بەتایبەتی لە سەدەی رابردووەوە تاوەکو ئێستا، ناحەقی بەرامبەر بە نەتەوەی ئێمە کراوە، کەواتە ئەمە مافێکی ئێمەیە، بەڵام کەی مومارەسەی ئەو مافە بکەین؟ با زۆر نەچینە رابردوو، بەڵام ئەگەر لەدوای 2003ەوە دەستپێبکەین، دوای ئەوەی کە دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق دانرا، هەموو چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە ئەم دەستوورە ببێتە بنەمایەک بۆ پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەکان لە عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵدا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم پێشبینییانە و ئەوەی ئێمە هەوڵمان بۆ دەدا، وردە

**یەکێتی لە بەرامبەر دواخستنی هەڵبژاردن، ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی درێژ کردەوە**

وردە بینیمان کە هەم دەستوور پێشێلکرا، هەم مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی ئێمە لە کوردستان جێبەجێ نەکران، بەشێوەیەکی سیستەماتیکی هەوڵدرا کە رۆڵی کورد وەکو شەریکێکی راستەقینە لە دەسەڵاتی عێراقدا کەمبکرێتەوە و لە پێگەی دەسەڵات دووربخرێتەوە، دوای ئەوە گەیشتە ئەوەی کە بودجەش لە کوردستان وردە وردە کەمبووەوە، تاوەکو گەیشتە ئەوەی بەتەواوی بڕا، بەهیچ شێوەیەک هەوڵ نەدرا کە پێشمەرگە وەکو بەشێکی کاریگەر لە مەنزوومەی بەرگری لە حکومەتی عێراق پێناسە بکرێ. لە شەڕی داعشیشدا بینیمان کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگە کرا و رێگری لە گەیشتنی چەک بە پێشمەرگە کرا. جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 و پێشێلکردنی 55 ماددەی دەستووری، ئەمانە هەمووی وایانکرد کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە چۆن بتوانین لە داهاتوویەکدا بژین بێ ئەوەی پەنا بۆ شەڕ ببەین، یان رێگەیەک بدۆزینەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، بۆیە پێمان وابوو کە بچین لە خەڵکی خۆمان بپرسین. ئەمەش بیرۆکەی گشتپرسی دروستکرد، ئەمە ئێستاش نییە، کە لە ساڵی 2014ەوە جەنابی سەرۆک داوای لە پەرلەمان کرد لیژنەیەکی باڵا بۆ گشتپرسی و هەڵبژاردن دروستبکرێ، لەو سەردەمە پەرلەمان رەزامەندی لەسەر دا، دوای ئەوە لایەنەکانی دیکە هەموویان بەیەکەوە قسەیان لەسەر کرد. ئێمە پێمانوابوو گشتپرسی دیموکراتیترین و شارستانیترین رێگەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئارەزووی خەڵکی خۆمان بە عێراق و دونیا بگەیێنین.

**رووداو: هەندێ کەس و لایەن دەڵێن، کاتی گشتپرسی گونجاو نەبوو، ئێوە لە دەرەوە لە کەمپەینی گشتپرسی قسەتان کرد، لە ناوەوەش یەکێک بوون لەوانەی کۆششێکی زۆرتان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە کرد، پێتوایە کاتەکەی گونجاو نەبوو؟ ئایا لەداهاتوودا گشتپرسی بکرایە کاردانەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی جۆرێکی دیکە دەبوو؟**

**مەسروور بارزانی:** من پێموایە ئەمە تەنیا بیانووە مەسەلەی کات، چونکە زۆریشی بەسەردا تێپەڕی، ئەم هەموو ساڵە کە مافی خەڵکی ئێمە پێشێلکراوە کەس هات بڵێ کاتی ئەوە نییە مافەکانی ئێوە پێشێلبکرێ؟ کەس باسی کاتی نەدەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە زۆر هەوڵماندا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لەگەڵ دەرەوە، لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ ئەورووپا، لەگەڵ خودی بەغدا چەندینجار گفتوگۆ کراوە، شاندی فەرمی چووە لەگەڵ ئەم لایەنانە قسەیانکردووە، خۆم یەکێک لەوانە بووم کە لە دەرەوەش ئەم قسانەمان دەکرد، بەتایبەتی ئەمریکا سێ شتی دەگوت: قەت نەیاندەگوت ئێمە دژی مافی چارەنووسین، یان دژی ئەنجامدانی ریفراندۆمین، تەنیا دەیانگوت ئێمە هەندێ نیگەرانین لەسەر مەسەلەی کاتەکە، ئەویش لەبەر سێ هۆ، یەکێکیان دەیانگوت مەسەلەی شەڕی داعشە، کە ئەگەر بێت و ئێوە ریفراندۆم بکەن، لەوانەیە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەبێ لەسەر شەڕی داعش. دوو، لەوانەیە کاریگەری لەسەر بەڕێز عەبادی وەکو سەرۆکوەزیرانی داهاتوو هەبێت و دەرنەچێتەوە. سێ، ئەو ناوچانەی کە دابڕێندراون لە هەرێمی کوردستان، ئەو شوێنانە دیسان کێشەیەکی زیاتر لە نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێم دروستبکات. لەبەر ئەو هۆکارانە، بەڵام کە ئەم شتانەیان بۆ باسدەکردین ئێمە پێمانوابوو کە ئەم دەلیلانە رازیکەر نین، چونکە ئەمانە نابن بە هۆکار بۆ ئەوەی تۆ نەتوانی ریفراندۆم بکەی، ریفراندۆم چییە؟ گشتپرسییەکە پرس بە خەڵکی خۆت دەکەی بۆ ئەوەی رای خۆی دەربڕێ، بەڵام لەو وەختەش ئێمە نەمانگوت دەچین رۆژی دواتر لەگەڵ ئەنجامەکان مامەڵەیەکی وا دەکەین و بڕیار لەسەر ئەنجامەکەی دەدەین لە رۆژی دواتردا. دەرفەتی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق دەمێنێتەوە، بەڵام هیچ نەبێ وەکو بڕیاری نەتەوەیی و نیشتمانی بەدەست سەرکردایەتی کوردەوە بێ تاوەکو بە تەنیا بەناوی حیزبێکەوە، بەناوی لایەنێکەوە، یان بەناوی کەسێک گفتوگۆ لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەک نەکەن، بەڵکو رای میللەتەکەیان پێبێ. ئینجا لەسەر ئەو سێ خاڵانەی باسیان دەکرد، یەک: مەسەلەی شەڕی داعش، ئێمە پێمانوایە ئەمە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە مەسەلەی ریفراندۆمەوە نییە، چونکە کاتی خۆی کە داعش پەلاماری کوردستانی دا بڕیاری خەڵکی کوردستان بوو کە بەرگری بکات، هیممەت و بوێری پێشمەرگەبوو، کە رێگەی لە داعش گرت و بوو بە قارەمانی تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش، ئەمە بڕیاری خۆمان بووە نەک بڕیاری بەغدا، چونکە لە ئەساسدا ئەگەر سەیری بکەی، داعش لە کاتێک و لە شوێنێک دروستبوو کە بۆشایی ئەمنی و ئابووری و سیاسی تێدابوو، هۆکاری شکستی سیستەمی سیاسی لە عێراق حکومەتی عێراق بووە، دوای هەرەسی هێزە چەکدارەکانی عێراق بوو کە ئەم هەموو چەکەی دایە دەست داعش، ئەمانە داعشیان بەهێزکرد، وایکرد داعش پەلاماری کوردستان بدا، ئینجا پێشمەرگە بەرگریکرد و پێشمەرگە داعشی تێکشکاند، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە سەیری ئەو خاڵە بکەین، حکومەتی عێراق هۆکاری ئەوە نەبوو ئێمە شەڕی داعش بکەین، ئێمە بڕیاری خۆمان بوو، کەواتە بڕیاری ریفراندۆم هیچ کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئێمە نابێت، کە رووبەڕووی داعش لە ئێستا، یان تیرۆریزم لە داهاتووش ببینەوە، بۆیە پێمانوابوو کە ئەم نیگەرانییە بەهیچ شێوەیەک لەجێی خۆی نییە.

دوو: ئەوەی دیکەیش لەسەر هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆکوەزیران، پێمانوابوو ئێمە کاریگەرییەکی ئەوتۆمان نییە لەسەر کاندیدکردنی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، چونکە پێشتر دەبێ کوتلەی براوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرۆکوەزیران هەڵبژێرن، بە سیستەمی هەڵبژاردنی ئێستای عێراق، حکومەتی عێراق سیستەمێکی وایداناوە "لەگەڵ رێزم بۆیان" شیعە زۆرینەیە، کەواتە ئێمەی کورد و سوننە بەیەکەوەش وەکو کەمینەیەک ناتوانین ببینە ئەو دەسەڵاتە کە سەرۆکوەزیران کاندید بکەین، کەواتە دیسان هەر شیعەکان دەبێت سەرۆکوەزیران کاندید بکەن، ئەمە یەکێکە لە فاکتەرەکان، بەڵام دوو فاکتەری دیکەیش هەیە، یەکێکیان مەسەلەی مەرجەعیەتی دینییە لە نەجەف کە دەبێت بڕیاری لەسەر بدات و رەزامەندبێت، ئەوی دیکەیش شاراوەنییە، بە حەقیقەت کاریگەری ئێران لەسەر بڕیاری سیاسی لە عێراق زۆر دیارە، واتە ئەو فاکتەرانە هەموویان دەبێ کۆکبن، هاوسەنگبن، هاودەنگبن بۆ ئەوەی بتوانن سەرۆکوەزیرانێک هەڵبژێرن، کەواتە دیسانیش ریفراندۆمی ئێمە هیچ کاریگەری نەدەبوو لەسەر ئەوەی کە کێ دەبێتە کاندیدی داهاتووی حکومەتی عێراق، لەبەرئەوە پێمانبوابوو کە ئەمەش تەنیا وەکو خاڵێکی لاواز دێتە بەرچاو کە ناتوانێ رێگری بکات لە ئەنجامدانی ریفراندۆم.

سێیەم: مەسەلەی ناوچە دابڕێندراوەکان، ئێمە دەمانگوت ئەگەر مەسەلە ئەوەیە کە وجودی پێشمەرگە لەو شوێنانە کێشەیە، خۆ هێشتا ریفراندۆممان نەکردووە و پێشمەرگە لەوێن، بەڵام هۆکاری چوونی پێشمەرگە بۆ ئەم شوێنانە چییە؟ هەرەسی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بووە، هاتنی داعش بووە، پێشمەرگە چووە رێگری بکات لە فراوانکردنی دەسەڵاتی داعش لەم شوێنانە، لە هەندێ شوێنیش داعشی تێکشکاندووە و شوێنەکانی رزگارکردووە، کەواتە پێشمەرگە چووە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو شوێنانە بکات،

**سەرۆک بارزانی پێش گشتپرسی بڕیاری دابوو لە پۆستەکەی بەردەوام نەبێ**

لە خەڵکەکەی بکات و لە خاکەکەشی بکات، قەت نەمانگوتووە وجودی پێشمەرگە لەم ناوچانە دەبێت بە ئەمری واقع و فەرزی دەکەین بەسەر سیستەمی داهاتووی عێراقدا، لەمەشدا گوتمان ئێمە کە ریفراندۆم دەکەین نەمانگوتووە کە ئەم ریفراندۆمە سنووری جوگرافی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دەستنیشاندەکات، ئەم ریفراندۆمە بۆ ئەوەیە وەکو رەغبەتی نەتەوەیی ئێمەی خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی کە دەیانەوێ لە داهاتوودا بە چ شێوەیەک لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بژین، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەم شوێنە ناکۆکی لەسەرانە ئێمە دیسان دەچینەوە بۆ دەستوور، بەپێی ماددەی 140 ، ئێمە ئامادەین چارەسەری گونجاو بۆ ئەم شوێنانە بدۆزینەوە. ئەمەش وەڵامی ئێمە بووە بۆ خاڵی سێیەم، کە ئەوان وەکو نیگەرانی لە مەسەلەی کاتی ریفراندۆمدا باسیان دەکرد، پێمانوابوو ئەمەش لەجێی خۆی نەبوو، چونکە ئێمە نەماندەگوت ئەمری واقع فەرزدەکەین، سنوور دەستنیشاندەکەین، یان چارەنووسی ئەم شوێنانە بە ریفراندۆم یەکلایی دەبێتەوە، وامان نەدەگوت، دەمانگوت ئەمە رەغبەتێکی نەتەوەییە بۆ ئەوەی شێوازی حکومڕانی لە داهاتوو دەستنیشانبکرێ، پێمانوابوو بە حەقیقەت مەسەلەی ئەوەی ریفراندۆم نەکرێت و کاتەکەی گونجاو نییە، بەهیچ شێوەیەک ئەمە لە بیانوو زیاتر هیچی دی نییە.

**رووداو: ئەم پاساوانە ئێستا بۆ بینەری ئەم هەڤپەیڤینە لۆژیکی و عەقڵانین، بۆچی ئەمریکییەکان قەناعەتیان پێ نەهات؟**

**مەسروور بارزانی:** من ناتوانم لەجیاتی ئەوان بیربکەمەوە، بەڵام بێگومان ئەوان بەرژەوەندی خۆیان هەیە، لەوانەیە بەرژەوەندی ئەوان تەنیا لە روانگەی بۆچوونی هەرێمی کوردستانەوە سەیر نەکرێ، ئەوان شتی دیکەیشیان لەبەرچاوە، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی سەیری هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیا دەکەن، لەوانەیە بەرنامەیەکی دیکەیان بەدەستەوەبووبێ، یان لە هەندێ خاڵ کە نەیانویستووە لەگەڵ ئێمە باسی بکەن، پێیانوابووبێ کە مەسەلەی ریفراندۆم کاریگەری لەسەر بەرنامەی داهاتووی ئەوان دەبێ، لەوانەیە هەندێک هۆکار هەبووبن کە ئەوانە نەیانویستووە بێنە پێش، یان سیاسەتی خودی بەغدا، قەناعەتێکی وای بە ئەمریکا کردووە کە مەسەلەی ریفراندۆم لە دژی بەرژەوەندی و سەقامگیری ناوچەکەیە، کە بەهیچ شێوەیەک ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نییە، دەشیبینین، چونکە بە قسە ناکرێ، ئەنجامی کارەکان ئەو شتانە دەردەخات.

**رووداو: ئایا کۆدەنگی لەسەر بڕیاری گشتپرسی لەنێوان سەرکردایەتی سیاسی هەبوو، بەتایبەت لەنێوان پارتی و یەکێتی؟**

**مەسروور بارزانی:** بێگومان.

**رووداو: چۆن؟**

**مەسروور بارزانی:** نەک تەنیا پارتی و یەکێتی، ئەم بابەتە پێشتر لە نیوان جەنابی سەرۆک لەگەڵ هەموو سەرکردە سیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و حیزبەکان باسکراوە، هەڵبەت جگە لەوەی تا رادەیەک گۆڕان و کۆمەڵ خۆیان دوورخستەوە، بەڵام هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە کۆبوونەوەکانی کە لەسەر ئەم بابەتە دەکرا بەشداربوون، تێیدا خۆیان بڕیاریان دا، هەتا لە حەوتی مانگی شەش کە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسی لە خزمەت جەنابی سەرۆک ئەنجامدرا، تا ئەو کاتەش کەس نەیدەزانی کە 25ی ئەیلوول بە رۆژی ریفراندۆم دەستنیشاندەکرێ، لەو کۆبوونەوە بە هەموو لایەکەوە بڕیاریان لەسەر دا، هەمووش پەرۆشبوون کە بەشێکبن لەم سەروەرییە کە پێموایە بە حەقیقەتیش مەسەلە سەروەرییە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی ئێمە. هەموو دەیانویست بەشێکبن لە پشت ئەم ریفراندۆمە، دواتر ئەنجامەکانی چۆن بوو، خەڵک چ هەڵوێستێکی وەرگرت ئەمە شتێکی دیکەبوو.

**رووداو: بۆچی هەندێکجار لە گوتاریاندا جۆرێک لە تەرەدود هەبوو؟**

**مەسروور بارزانی:** پێشتر یان دواتر؟

**رووداو: دواتر، بەرەبەری نزیکبوونەوەی گشتپرسی**

**مەسروور بارزانی:** دەزانی چۆنە؟ ئەمە لەسەر جۆری کەسایەتی دەمێنێتەوە، هەندێک کەس هەیە بڕوای بە شتێکە، لە سەرەتاوە لەگەڵییەتی، تەحەمولی هەموو ئەنجامەکانیشی دەکات. هەندێکیشی هەیە خۆی تۆزێ پەراوێز دەخا، چاوەڕێی فرسەتە، ئەگەر سەرکەوت لەسەر حیسابی زەحمەتی خەڵکی دیکە خۆی دەکاتە خاوەنی دەستکەوتەکە. ئەگەر خوانەخواستە تێکشکا، دەڵێ وەڵڵا من حەقم نییە و خۆی بەلاوە دەنێ، هەندێکش هەبووە هەر بە راشکاوی خۆی دژ وەستاوە، ئەمە لەسەر کەسایەتی ئەو جۆرە ئینسانانە دەوەستێتەوە.

**رووداو: زۆر باسی ئەلتەرناتیڤێک دەکرێ لەلایەن چەند وڵاتێکەوە خرابێتە بەردەست سەرکردایەتی کورد، وەک جێگرەوە بۆ گشتپرسی، وەک ئەوەی باسدەکرێ دەستکەوتێکبووە و لەدەست دراوە، ئایا ئەم ئەلتەرناتیڤە بەشی ئەوەندەی هەبوو جێگرەوەی گشتپرسی بێ؟ بەغدا پشتگیری دەکرد و لەگەڵ دەبوو؟**

**مەسروور بارزانی:** ئەم قسەیە زۆر کراوە، بەڵام ئەوەی کە حەقیقەتە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بزانن و تۆزێک لە وردەکارییەکانی ئەم بابەتە تێبگەن، ئەمە لە سەرەتاوە وەکو رەشنووسێک، باڵیۆزی

**پاساوەکانی ئەمریکا بۆ ئەنجامنەدانی ریفراندۆم رازیکەر نەبوون**

ئەمریکی لەگەڵ بەڕێز برێت مەکگۆرک و ئەمانە لەسەر خەت بوون لەگەڵ برادەران، بۆ ئەوەی کە رەشنووسێک ئامادە بکەن وەکو ئەلتەرناتیڤ پێشکەشی بکەن، ئەم ئەلتەرناتیڤە ئاڵوگۆڕی پێکرا و شتی تێدا گۆڕدرا، تاوەکو لە دوایین جار، دوو سێ رۆژ پێش ریفراندۆم، رەشنووسێکیان هێنا نەک نامە، ئەمە واقیعە، گوتیان ئەم رەشنووسە بۆ ئەوەیە وەکو ئەلتەرناتیڤ سەیربکرێ، بەڵام کە سەیری دەکەی ئەم ئەلتەرناتیڤە بەهیچ شێوەیەک هیچ گەرەنتییەکی تێدا نییە، هیچ ئیلزامێکی تێدانییە، کە نە نەتەوە یەکگرتووەکان، نە ئەمریکا، نە ئەورووپا نە هیچ وڵاتێک بتوانێ ئەمە فەرزبکات بەسەر حکومەتی عێراقدا، یان لەسەر پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان هەرێم و عێراق بەرگری لێبکا، ئەمە خاڵێک.

دوو: چەندینجار پێشتر گفتوگۆ کراوە، بەڵێندراوە، نامە نووسراوە و بە هەرێمی کوردستان دراوە لەلایەن خودی ئەمریکا و ئەورووپاشەوە، دواتر ستافەکە بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوە، هەموو ئەو بەڵێنانەش هیچی نە جێبەجێکران و نە کەسیش خۆی لێکرد بە خاوەن و نە کەسیش باجەکەی دا جگە لە خۆمان. ئەمجارەش ئەم رەشنووسە کە هات، باسی چی دەکات؟ دەڵێ: ئێوە بۆ ماوەی ساڵێک ریفراندۆم دوابخەن، دوای ئەوە "ئەمەش دەکرێ درێژ بکرێتەوە" دەبێ ئێوە داخیلی گفتوگۆبن، لە چوارچێوەی عێراقدا لەگەڵ حکومەتی بەڕێز عەبادی، ئەگەر لەسەر نییەتی پاک حکومەتی عێراق نەهاتە پێشەوە، ئێمە ئەو کاتە تەنیا وەکو پێناسەکردن لەو مافە تێدەگەین، کە ئێوە مافی ئەنجامدانی ریفراندۆمتان هەبێ، ناڵێ ئیعتیراف بە دەستکەوتەکان دەکەم، یان هەتا کە دەگوترێ رێز لە دەستکەوتەکان دەگرم، ئەسڵەن باسی دەستکەوتی ریفراندۆم ناکا، دەڵێ ئێوە لەوانەیە دوای ئەوە، مافی ئەوەتان هەبێ ریفراندۆم بکەن. باسی هیچ ئیلزامێک ناکا، دەڵێ ئەگەر حکومەتی عێراق بە نییەتێکی پاک نەهاتە پێشەوە، ئەوکاتە ئێمە دەڵێین ئێوە مافی ئەوەتان هەیە دوای ساڵێکی دیکە ریفراندۆم بکەن، یان ئەگەر درێژەی کێشا، ئینجا لە چوارچێوەی فیدراڵیدا دەبێ، کۆنفدراڵیدا دەبێ، یان سەربەخۆیی دەبێ و هەرچۆنێک بێ، لەوێدا هیچ ئیلزامێک نییە، ئینجا ئەوەی لێرە گرنگە باسی بکەین کە دەڵێ لەسەر نییەتی پاکی حکومەتی عێراق، ئێوە دەبێ گفتوگۆ بکەن لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو. ئەمە ریفراندۆم نەکرا و گفتوگۆکان کران، دوای ماوەیەکی دیکە بەڕێز عەبادی خۆی هەڵبژاردنی هەیە، واتە حکومەتی عێراق ئەگەر بکرێ دوای چەند مانگێکی دیکە هەڵبژاردنی هەیە، دەرچوو یان دەرنەچوو، ئەگەر دەرنەچوو، ئەم ئیلتیزامە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانێک کراوە کە دەرنەچووە "ئیلتیزامیش نییە، ئیتیفاقێکی جێنتڵ مان-ییە کە لەگەڵی کراوە" کەواتە کورد دیسان مافێکی لەدەستچوو، هیچ کەسێکیش نییە وەکو بەدیل بێ ئیعتیراف بە شتێکی دیکە بکات، چونکە مولزەم نییە. لە روویەکی دیکەوە، دامانننا دەرچوو بوو بە سەرۆکوەزیران جارێکی دیکە. دەهاتەوە دەیگوت: من وەکو سەرۆکوەزیران هەموو ئیشێک دەکەم بۆ ئەوەی بەندەکانی ئەم ئیتیفاقە جێبەجێ بکەم، بەڵام لە دەسەڵاتی مندا نییە وەکو سەرۆکوەزیران، چونکە ئێوە باسی گۆڕینی سنوور دەکەن و باسی سیستەمی حکومڕانی لە عێراق دەکەن و باسی سەربەخۆیی یان سیستەمی کۆنفیدراڵی دەکەن، هەرچییەک بێ، ئەمە لە دەسەڵاتی سەرۆکوەزیراندا نییە، ئەم مەوزوعە دەبێ بچێتەوە پەرلەمان، دەبێ پەرلەمان بڕیاربدا، ئەگەر پەرلەمان رازی بوو باشە، ئەگینا من نییەتی پاکی خۆمم نیشاندا، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت، چونکە پەرلەمان رەزامەند نەبووە. هەمووشمان دەزانین لە پەرلەمان مەبدەئی شەراکەت وجودی نەماوە، بووە بە زۆرینە و کەمینە، ئێمە هەمیشە لە پەرلەمان وەکو کەمینەیەک سەیردەکرێین و بەهیچ شێوەیەک بڕیارەکان بە زۆرینە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نادرێ، کەواتە لەوێش لەوانەیە پەرلەمان تەئیدی نەکردبا، بەڕێز عەبادیش دەیگوت من نییەتی پاکی خۆمم نیشاندا، ئەمریکاش دەیگوت نییەتی پاکی نیشانداوە، بەڵام پەرلەمان رەزامەند نەبووە، ئەمە پرۆسەیەکی دیموکراتییە

# ـــن خیانەتی سەردەم بوو



(فۆتۆ: ڕووداو)

و ئێمە ناتوانین زیاتر لەمە هیچتان بۆ بکەین. یان دەیانگوت دەبێ دەستوور هەموار بکرێ یان بگۆڕدرێ، لە دەستووریشدا ئەگەر سێ پارێزگا بتوانن ڤیتۆی هەر گۆڕانکارییەک لەسەر بەندە دەستوورییەکان بکەن، ئەوا دەستوور گۆڕانکاری تێدا ناکرێ، هەمووشمان دەزانین چەندین پارێزگای عێراق هەیە دژی ئەوە دەوەستانەوە و ڤیتۆشیان دەکرد و دیسانیش بەڕێز سەرۆکوەزیران نیازپاکی خۆشی پیشاندابا، بەڵام نە لە پەرلەمان و نە لە گۆڕانکاری لە دەستووردا ئەم مافە بۆ کورد دەستەبەر نەدەبوو، کەواتە ئەمە ناکرێ وەکو ئەلتەرناتیڤ سەیری بکەی، خەڵکێک دەیەوێ ئەمە وەکو بیانوو بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی ئێستا مەوقیفی خۆیی پێ بەهێزبکات، یان هەموو شتەکان بکاتە خەتای ریفراندۆم کە ئەسڵ و ئەساسی بۆ نییە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەمە نە مولزەم بووە، نە واژۆکراوبوو، نە نامەش بووە، رەشنووسێک بووە کە ئەم شتانەی تێدا باسکراوە، لەبەر ئەم هۆکارانەش لەو کاتەشدا داوامانکرد کە لەجیاتی ئەو شتانە کە نووسیوتانە تەنیا بڵێن ئێمە پشتیوانی لە ئەنجامی ریفراندۆم دەکەین، ئەگەر ساڵێک دوو ساڵ یان هەر ماوەیەکی دیکە بێت، ئامادەنەبوون ئەوە بکەن، کە یەکێک

## کاریگەریی ئێران لەسەر بڕیاری سیاسی لە عێراق زۆر دیارە

ئامادە نەبێت هیچ ئیلتیزامێکت نیشانبدا تەنیا بە نووسینی نامەیەک ناکرێ ئەمە بە ئەلتەرناتیڤ وەربگرین.

**رووداو: دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 100 رۆژ بەسەر گشتپرسیدا، ئەگەر لێت بپرسم کامیان بڕیاری دروستبوو، گشتپرسی یان کارکردن بەو نامەیە؟**

**مەسروور بارزانی:** بێگومان ئەنجامدانی گشتپرسی، چونکە یەکەم شت ئێمە تاوانمان نەکردووە، میللەتی ئێمە رای خۆی دەربڕیوە، داوای کردووە کە من چیم دەوێ، بەڵام جێبەجێی نەکردووە، ئەگەر ئێستا کورد چووبا دژی هەموو بەرژەوەندی وڵاتان و دژی خودی عێراقیش بڕیاریدابا، کە من تاکلایەنانە بڕیاری سەربەخۆیی دەدەم و ئامادەنیم لەگەڵ هیچ لایەنێک گفتوگۆ بکەم لەسەر دەرەنجامەکانی، ئەو کاتە دەکرا گلەییەک لە کورد بکرێ، بەڵام خۆ هیچمان نەکردبوو، تەنیا دەنگمان دەربڕی، تەنیا ئەوەمان گوت کە ئێمە ئەو رەغبەتەمان هەیە، رەغبەتەکەشمان لەسەر بنەمای گفتوگۆیەکی بنەڕەتی لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، کەواتە حکومەتی عێراق نەیویست ئەمە بکا، ئەگینا بەهیچ شێوەیەک من باوەڕناکەم بەدیل یان ئەلتەرناتیڤی باشتر لە ریفراندۆم هەبووبێ، نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا.

**رووداو: دەمەوێ لەسەر کۆبوونەوەکەی دووکان لێت بپرسم، بەر لە 16ی ئۆکتۆبەر کۆبوونەوەیەک لە دووکان کرا، بە بایەخەوە لە میدیا بڵاوکرایەوە، دەمەوێ پێم بڵێی راستی وردەکاری گفتوگۆکان چی بوون، بۆچی دوای ئەوە ئەو دۆخەی کەرکووک روویدا؟**

**مەسروور بارزانی:** دوای ریفراندۆم ئێمە رەغبەتی خۆمان پیشاندا و باسمانکرد، پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمیش گوتمان: ئێمە دەمانەوێ ریفراندۆم بکەین، بۆ ئەوەی دوایی بچین لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ بکەین، بەغدا لەبنەڕەتدا نەیدەویست گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، ئەگینا خۆ ریفراندۆم چی بوو؟ کە من چوومە بەغدا لەگەڵ بەڕێز عەبادی قسەمکرد، لەسەر ئەو بابەتە گوتی باشە ئێوە بۆ گشتپرسییەک ناکەن نەک بەناوی ریفراندۆم، بەڵام گشتپرسییەک بکەن، کە هێزی یاسایی لە بابەتەکەدا نەبووبێ، من نەمدەزانی ئەوەندە دژن لەسەر ئەو بابەتە، لە ئەساسدا ریفراندۆم ببووایە یان نەبووایە، عێراق نیەتی ئەوەی هەبوو ئەم واقیعە لە کورد قبوڵنەکات، بەداخەوە ئێمە هەموو هەوڵێکماندا بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە تەعبیر لە رای خۆمان بکەین، عێراق پەنای بردە بەر زۆر و چەک و هێزی عەسکەری، بۆ ئەوەی تەعبیر لە رای خۆی بکات و ئەو شوێنانە لە کورد وەربگرێتەوە.

ریفراندۆم پیلانەکەی وەدەرخست، لەوانەیە تۆزێ پەلەشی پێکردبێ بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق زووتر بجوڵێتەوە، لەسەر ئەم ئەساسە، کە مەسەلەی ریفراندۆم بوو، ئەمەیان کرد بە بیانوو، ئینجا هێزەکان بە بیانووی حەویجە لە هەموو سنوورەکە دابەشکرابوون، پێشتریش بەداخەوە هەندێک لایەنیش هەتا هێنانی حەشدی شەعبی بەبیانووی داعش لە ناوچە کوردستانییەکان جێگیرکرابوون، ئەمە هەموویان وەکو قومبەلەی تەوقیت ئامادەبوون بۆ ئەوەی رۆژێک بە هەرێمی کوردستاندا بتەقنەوە، ئەم مەترسییە هەبوو، ئێمە هەموو هەوڵێکمان دەدا بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین، لەگەڵ حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکە گفتوگۆ بکەین کە چۆن ئێمە نەهێڵین کار بگاتە شەڕی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراق، ئەوەبوو رۆژی 15ی ئۆکتۆبەر کۆبوونەوەیەک لە دووکان کرا لەنێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، لەوێ قسەکرا ، من ناوناهێنم، بەڵام هەندێک لەو برادەرانەی ئەوان (یەکێتی) باسی ئەوەیانکرد کە قسەیانکردووە لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئەمریکا و لەگەڵ بەریتانیا کە شوێنێک دروستبکرێ وەکو لیژنەیەکی تەنسیق، ئەوەی کە لە هەولێر هەیە لە شوێنەکانی دیکەیش هەیە، لە نێوان هاپەیمانان و حکومەتی عێراقی و هێزەکانی کوردی لە مەعەسکەر کەی وەن، ئەگەر لەسەر ئەوە رێککەوتن بکەین، ئینجا لیوای پاسەوانی کۆماری کە پێشتر لیواکانی سەر بە مام جەلال بوون لە بەغدا، ئەوانەش بهێننەوە بۆ هەندێک شوێن لە کەرکووک، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکرا کە کەرکووک بەشێوەیەکی سەربازی رادەستی حکومەتی عێراقی بکرێت، هەتا لەسەر ئەو بابەتە، ئێمە کە قسەمان دەکرد پێمانگوتن: باشە ئێوە ئیتیفاقتان کردووە یانیش ئەمە پێشنیازە؟ گوتیان: نەخێر ئەمە پێشنیازە. تەبعەن کاک فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراقیش لەوێ ئامادەبوو، برادەرانی دیکەیش، کاک بافڵ و ئەوانیش، هەرچەندە هیچ سیفەتێکی قیادی حیزبەکەی پێنەبوو بەڵام ئەو چووە لەگەڵ ئەو لایەنانە قسەیکردووە لەگەڵ هەندێ خزم و کەسی دیکەی خۆی. ئینجا ئەو شتانە کە ئەنجامدران، ئێمە ئەو کاتە رامان وابوو کە کەرکووک موڵکی لایەنێک بەتەنیا نییە، نە موڵکی یەکێتییە، نە موڵکی پارتییە، نە موڵکی هیچ حیزبێکی سیاسییە بەتەنیا، دەبێ هەموو بەیەکەوە بڕیاری لەسەر بدەین، پێشنیازی ئەوەمانکرد با لەگەڵ لایەنەکانی دیکەیش قسەبکەین، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە پێنج خاڵ لە راگەیاندنەکان بڵاوکرانەوە، کە ئەمە رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بوو لە کۆبوونەوەی 15ی ئۆکتۆبەر، کەچی ئەو شەوە، ئەو برادەرانە چوونەوە لە رەشاد و دووزخورماتوو

## ئەڵتەرناتیڤەکەی ئەمریکا هیچ گەرەنتییەکی تێدا نەبوو

و ئەو ناوچانە، لەگەڵ مەجموعەیەک سەرکردایەتی حەشدی شەعبی و لەگەڵ حکومەتی عێراق و چەند بەرپرسی ئێرانیش لەوێ کۆبوونەوەیان کرد و بەرنامەی پێشتریان هەبووە، کە چۆن کەرکووک رادەستی ئەم هێزانە بکەن کە بەرەو کەرکووک دەهاتن، بەداخەوە ئەمە پێش هەموو شتێک ئەو برادەرانەی دیکەی یەکێتی پێشمەرگەکانیان لە خەتی پێشەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان "ئەو پێشمەرگانەی مەیلی پارتییان هەبووبێ" ئەوانە سەنگەرەکانیان کە گرتبوو، بەداخەوە ..بەداخەوە.. لەناکاو بەرنامەیەکی وایان دانا پشتیان لێ بڕینەوە، حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبییان داخیلی کەرکووک کرد، ئەمە بە حەقیقەت ئینسان ناتوانێ چاوپۆشی لێبکا، گەورەترین خیانەتی سەردەم لە مێژووی کوردایەتیدا کە کرابێ، ئەم خیانەتەبوو کە بەمشێوەیە خاکی کوردستانیان فرۆشت، کە کەرکووکیان رادەستکرد، پەلکێشی هێزەکانی عێراقیان کرد بۆ ئەوەی لە پشتەوە پێش هەموو هێزێک ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە بەرگرییان دەکرد و یەکێتیش بوون ئەوانیشیان کردە قوربانی، ئینجا ئەمە وایکرد، کە کاریگەری لەسەر هەموو بەرەکە بکات، وردە وردە ئەو پێشمەرگانەی کە بە ئەمر هەندێکیان پاشەکشەیان پێکرا، وایان لێکرد خەتی جەبهە وەکو خۆی نەمێنێ، هەر سەنگەرێک کاریگەری لەسەر سەنگەرەکەی دیکە کرد و ئیتر بەداخەوە پێشمەرگە کەوتە دۆخێکی وەها نالەبار کە نەیتوانی وەکو پێویست بەرگری لە هێرشی حکومەتی عێراق بکات. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بە حەقیقەت، لەوانەیە حیسابی زۆر شتمان کردبێ، بەڵام..

**رووداو: چۆن درکتان بەو جموجۆڵە لابەلایە نەکرد؟**

**مەسروور بارزانی:** وەڵا درکی پێکرابوو، دەشمانزانی گفتوگۆ هەیە، گفتوگۆ هەبوو لە نێوان ئەم چەند کەسەی لەناو یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵام بڕوامان نەدەکرد کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی ئەو هێزانەی سەر بە یەکێتی بوون، بە قسەی ئەوانە بکەن، پێمانوابوو ئەمانە خۆڕاگرەدەبن و شەڕدەکەن و رێگریش دەکەن لە هەر هێرشێک، چەندین سەرکردەی قارەمانی یەکێتیش لە سەنگەری بەرگری مانەوە شەڕیشیانکرد و شەهیدیشیان دا، من باسی ئەوە ناکەم، هەندێکجار بەداخەوە بەشێوەیەک شت لێکدەدەنەوە، کە باسی یەکێتی دەکرێ، باسی یەکێتی ناکەین. باسی ئەو یەکێتییە شۆڕشگێڕانە ناکەین کە بەرگرییان کرد و هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی لەناویاندا زاڵبوو، نەچوونە پەنای ئەم خیانەتە گەورەی کە چەند کەسێک لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی شەخسی خۆیاندا کردیان، بۆ حیزبەکەشیان نەکرد، بۆ خودی خۆیان کرد، بۆ دەستکەوتی ماددی، بۆ فرۆشتن و دزینی نەوتی کەرکووک، ئیتر بە ئەملا و ئەولا بیبەن، بە حەقیقەتیش هەر ئەوان وایانکرد کە ئەم بابەتە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر هەموو دۆخی هەرێم بکات. ئەگەر حکومەتی عێراق ئەم رێککەوتنەی نەکردبا لەگەڵ ئەمانە، جورئەتی پەلاماردانی پێشمەرگەی نەبوو، بیستوومانەتەوە، لە دۆستەکانیشمان بیستووەتەوە، دەشمانزانی حکومەت نەیدەتوانی، پێشمەرگە ئەوەندە ناوێکی بەرزی هەیە کە حکومەتی عێراق نەیدەویست و جورئەتی ئەوەشی نەدەکرد بێ پەلاماری پێشمەرگە بدا، بەڵام کە زانی لەناو خودی کورددا کەسانێکی ئەوەندە ئاست نزم هەن بتوانن خیانەت لە هاوڕێی خۆیان بکەن، لە برای خۆیان بکەن، لە وڵاتی خۆیان بکەن، خاکی خۆیان بفرۆشن، لەوێدا کەلێنێک دروستبێ حکومەتی عێراق پێیدابێت و پشت لە هێزی پێشمەرگە بگرێ، ئەمە وایکرد حکومەتی عێراق هێز بجوولێنێت و جورئەتی ئەوە پەیدا بکات بێتە پێشەوە.

**رووداو: بابەتی سەرۆکایەتی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە وروژێنرا، دەمەوێ بزانم خوێندنەوەی ئێوە لەسەر ئەم پرسە چییە؟**

**مەسروور بارزانی:** مەسەلەی سەرۆکایەتی، ئەمە تۆزێک خەلفییەی هەیە، ئەگەر بچینەوە بۆ دواوە لە ساڵی 2013 ئەو کاتە کە ماوەی سەرۆکایەتی بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەو کاتە من لە خزمەتی جەنابی سەرۆک بووم لە پاریس بووین، ئەوکاتە بەڕێز عیماد ئەحمەد و کاک دکتۆر فوئادیشمان لەگەڵ بوون، مەوعیدی هەبوو لەگەڵ سەرۆککۆماری فەرەنسا، لەوێ لەسەر ئەم بابەتە بە تەلەفۆن قسەکرا کە شتێکی وا هەیە کە وەفدی پارتی و یەکێتی تاوتوێی ئەم بابەتەیان دەکرد، حەقیقەتێک هەیە من حەزدەکەم لێرە بە راشکاوی باسی بکەم، ئەو کاتە سەردەمی ململانێیەکی تووندی نێوان یەکێتی و گۆڕان بوو لە سلێمانی، یەکێتی مەترسی ئەوەی هەبوو لە هەڵبژاردنەکان سەرنەکەوێ، هەموو هەوڵێکی دەدا کە هەڵبژاردنەکان دوابخرێن، بەڵام نەیدەویست خۆی بکات بە خاوەنی ئەم بیرۆکەیە "هەڵبژاردنەکان بە پێشنیازی یەکێتی دواخران"، ویستیان ئیتیفاقێک لەگەڵ پارتی بکەن کە هەڵبژاردنەکان دوابخرێن، لە زمنی دواخستنی هەڵبژاردنەکان، مەسەلەی سەرۆکایەتیش بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژبکرێتەوە، ئێستاکە بەداخەوە کە دەڵێن ئەمە منەتێکە بەسەر پارتی یان بەسەر جەنابی سەرۆک کە دوو ساڵ ماوەیان بۆ درێژکردەوە، خوا دەزانێ مەسەلە ئەوەبوو کە خۆیان دەیانویست هەڵبژاردنەکان دوابخەن، با بەهیچ منەتێک حیساب نەکرێ، چونکە جەنابی سەرۆک ئەسڵەن لە ئەساسدا نەیدەویست ماوەی سەرۆکایەتی بۆ درێژبکرێتەوە، خۆشی لەو ماوەدا فەرمووی: من نامەوێ، نە ماوەم بۆ درێژبکرێ، نە تەعدیلی دەستووری هەڵبژاردنیش بکرێ، با هەڵبژاردن بکرێت، خەڵک بێ ئەو کاتە کێ متمانەی خەڵکی بەدەستهێنا با لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دانیشێت کە رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتیش کرا لەسەر ئەوەی کە ماوەی سەرۆکایەتی درێژبکرێتەوە و هەڵبژاردن دوابخرێ، بڕیارەکە کە لە پەرلەمانەوە بۆ جەنابی سەرۆک هات واژۆشی نەکرد و ناردییەوە بۆ پەرلەمان، ئینجا ئەوەبوو بە قانوون بە حوکمی ئەوەی ئەگەر بگەڕێتەوە پەرلەمان، پەرلەمان لە دژی نەوەستێتەوە دەبێ بە یاسا، ئەمە وایکرد کە دوو ساڵی سەرۆکایەتی درێژبکرێتەوە لەو کاتە، جاری دووەم ئەوەبوو تووشی شەڕی داعش بووین، کە شەڕی داعش بوو، وەکو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، جەنابی سەرۆک لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ بوو، لە رێکخستنەوەی پێشمەرگەبوو، لە رووبەڕووبوونەوەی هێزی تیرۆریستی داعش بوو. ئینجا مەجلیسی شوورا کە بڕیاری ئەوەیدا سەرۆکایەتی تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو دەتوانێت بەردەوامبێت، کەسی دیکەیش نەبوو، نە هەڵبژاردن دەکرا، نە کەسی دیکەیش هەبوو پۆستی سەرۆکایەتی وەربگرێت، نەشدەکرا ئەم پۆستە بەجێبهێڵدرێ، تەحەددا بوو، تەحەددا لە مەسەلەی مانەوەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە هێرشێکی دڕندانەی تیرۆریستان، جەنابی

## ریفراندۆم پیلانەکەی بەغدای پێشخست

سەرۆک لەوکاتەدا وەکو پێشمەرگەیەک رەفتاری کردووە. جەنابی سەرۆک پێویستی نە بەم پۆستە هەبووە، نە پێویستی بەم کورسییە هەبووە، بەڵام ئەو کەسانەی کە پەرۆشی کورسییەکە بوون دائیمەن ئەویان دەکرد بە بیانوو، چونکە خۆیان کورسییەکەیان مەتڵەب بوو، خۆیان دەیانویست بچنە سەر ئەو کورسییە بۆیە وایان دەکرد، ئەگینا مێژووی جەنابی سەرۆک و خەباتی جەنابی سەرۆک و رابردووی جەنابی سەرۆک و دەستکەوتەکانی جەنابی سەرۆک، سەرۆکیان کردووە بە رەمزی نەتەوەیی، نەک مەسەلە سەرۆکێکی مووەزەفبێ چوارساڵ، هەشت ساڵ، دوازدە ساڵ لەسەر کورسییەک دانیشێت ئینجا کە پۆستەکەی تەواوبوو، دەوری ئەویش تەواوبێ، دەوری جەنابی سەرۆک نە بەوە تەواو دەبێت، نە بەوە دەستیپێکرد، سەرۆکێکە مێژوو دروستیکردووە، ئێمە پێویستیمان بەوە نەک ئەو پێویستی بە کورسییەکەی بێ، ئەمەش ئەمجارە کە بووە دووبارە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی، جەنابی سەرۆک فەرمووی بەهیچ شێوەیەک من ئامادەنیم ماوەی سەرۆکایەتی درێژبکرێتەوە یان تەعدیلی یاساکە بکرێ، بەڵام سوتفە وای لێهات ئەنجامدانی ریفراندۆم و کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی کەوتە یەک کات، بەڵام جەنابی سەرۆک ئەمەی قبوڵنەکرد چونکە بەڵێنێک بوو بە خۆی و بە خەڵکەکەشی دا، کە ئەو بەشێوەیەکی ئاشتییانە دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی دەبێت، ئامادەیە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو ئیتر سیستەمی پەرلەمانی داهاتوو چ شێوازێکی حوکمڕانی دەستنیشاندەکات ئێمە هەموومان پەیڕەوی ئەو سیستەمە دەکەین.

**رووداو: دانانی پارێزگاری تازەی کەرکووک بووەتە کێشە لەنێوان لایەنەکان، تەنانەت لەنێوان یەکێتی و پارتیدا، چۆن ئەمە چارەسەر دەکەن؟**

**مەسروور بارزانی:** ئێ کاکە! شارێک داگیرکرابێ، تۆ چۆن ئێستا ئیعتراف بە واقیعێک بکەی کە خۆت تێیدا بوویتە قوربانی، کەرکووک بەلای ئێمەوە شارێکی داگیرکراوە، ئێمە ئیعتراف بەو واقیعە ناکەین کە عێراق دەیەوێ بیسەپێنێ، هەرچی کوردە ئاوارە و دەربەدەری کردووە، هەموو رۆژێک ماڵی کورد دەڕووخێنن، ئێستا بێن وا رەفتار بکەن کە هیچ نەبووە ئینجا بچن پارێزگارێک دابنێن، ئێمە ئیعتراف بە شتێک ناکەین کە فەرزکرابێ لە دژی خەڵکی خۆمان، پارێزگارێکی هەڵبژێردراو لە کەرکووک هەیە، بۆ ئەو ئیعتیباری نییە، کەسێکی دیکە کە هێنراوە بە زەبری چەک و تۆپ و دەبابە دانراوە، بۆ ئەو ئیعتیباری هەبێ؟

**رووداو: لەم ساڵەدا چەندین رووداو لەپێشن، دانوستاندن لەنێوان هەولێر و بەغدا، هەڵبژاردنی کوردستان و هەڵبژاردنی عێراق، دیدگای ئێوە چییە بۆ ئایندەی کورد لە عێراق؟**

**مەسروور بارزانی:** حکومەتی عێراق، ئەگەر سەیری بکەی لە ماوەی رابردوو، زۆر شارەزایانە قەیرانی دروستکردووە، ئینجا هاتووە ئەم قەیرانەی کردووە بە بیانوو بۆ ئەوەی دەستبخاتە کاروباری هەرێم، قەیرانی ئابووری، قەیرانی ئەمنی، هەموو ئەم کێشانەی کە دروستکران، دیسان دەڵێم، دوای پەلاماردانی هەرێمی کوردستان، دروستکردنی ئەو ئاژاوەیە لەناو خودی هەرێمی کوردستان کە درێژەپێدەری هەمان بەرنامەبوو بۆ دروستکردنی ئاژاوە و قوڵترکردنی قەیرانەکانی کوردستان، ئەمە بەرنامەکانی حکومەتی عێراقە، بەڵام سەیرکە چیانکرد، هاتن ئیستیفادەیان لە چەند کاڵفامێکی سیاسیکرد لە هەرێمی کوردستان کە بێن جارێکی دیکە خۆیان حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان تاوانباربکەنەوە بەوەی کە بەرپرسن لەم قەیرانانە، کەچی هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانانە خودی حکومەتی بەغدا بووە، بەڵام سوودیان لە چەند خەڵکێکی کاڵفامی ئێرە کردووە کە ئەوانیش بێن بە هەمان موسیقای ئەوان ئاواز بڵێنەوە، حکومەتی عێراق بەمشێوەیە ناتوانێ ئەمشتانە چارەسەربکات، خۆ رژێمەکانی پێشتریش بە پەلاماردان و بە لەناوبردن و تەهمیشکردن و بە ئیعتراف نەکردن بەمافەکان نەیتوانی ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی ئاشتییانە و سەقامگیرانە بەڕێوەببات، ئێستا پێمانوایە ئەم هەڵبژاردنانەی داهاتوو، ئەگەر کورد هاوهەڵوێستبن "بەڵام هەموو لایەنەکان" بەیەکەوە هاوهەڵوێستبن، دەتوانن کاریگەرییەکی باشتریان هەبێ لەسەر کۆی ئاراستەی سیاسیی لە حکومەتی عێراقدا.

**رووداو: ئێوە لەگەڵ ئەوەدان لە هەڵبژاردنی 12-5-2018ی عێراقدا هەموو حیزبە کوردستانییەکان بە یەک لیست بەشداربن؟**

**مەسروور بارزانی:** من وەکو شەخس دەڵێم؛ ئەگەر هەموو لایەنەکان بەیەکەوە "ناڵێم یەک یان دوو لایەن بەیەکەوە بچن ئەمەش دیسان بکەن بە بازاڕی سیاسیی" ئەگەر هەموو کورد بەیەکەوە هاوهەڵوێستبن، من دڵنیام دەنگی کورد زۆر زۆر بەهێزتر دەبێت لەوەی کە تاک تاک بچن لەگەڵ بەغدا قسە بکەن.

**رووداو: دەکرێ هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە مانگی نیسان، مانگێک پێش هەڵبژاردنی عێراق بکرێ؟**

**مەسروور بارزانی:** بۆچی ناکرێ، ئەسڵەن پێوستە، چونکە ئێمە زۆرجار ویستوومانە پیشانبدەین کە هەرێمی کوردستان پێشەنگە لە بونیادنانی موئەسەساتی دیموکراسی، مەسەلەی هەڵبژاردنیش بناغە و بنەمای دیموکراسییەتە، ئێمە بۆ نەتوانین هەڵبژاردن بکەین، ئەگەر لایەنێک نەیەوێ هەڵبژاردن بکا بە هەر هۆیەک بێ یان توانای ئەوەی نەبێ، یان بڕوای بە خۆی نەبێ بەشداری لەو هەڵبژاردنە بکات ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام وەکو ماف وەکو حەق، وەکو پێویستیش، پێمانوایە کورد حەقە ئەم رووە جوانەی خۆی کە پابەندە بە بنەماکانی دیموکراسییەت و مەسەلەی هەڵبژاردن، بەشداری تێدا دەکات. ئەمە چارەسەری زۆر لەو گرفتانەش دەکات کە ئێستا مەجموعە لایەنێک باسی ئەوە دەکەن حکومەتی ئینتیقالی دروستبکرێ، ئەم شتانە هەمووی لە هەڵبژاردن بکرێ، هەریەکە پێگە و سەنگی خۆشی دەزانێت و ئەوکاتە حکومەتێک کە متمانەی خەڵکی لەگەڵبێ، زۆر

## ئەگەر خیانەت نەبووایە حکومەتی عێراق جورئەتی پەلاماردانی پێشمەرگەی نەبوو

زۆر بەهێزتر دەبێ لەوەی کە بە ئیتیفاقاتی سیاسیی نێوان چەند لایەنێک بێ.

**رووداو: دڵنیایی چییە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زامنی پاراستن و مانەوەی کیانی هەرێمی کوردستان بکات؟**

**مەسروور بارزانی:** ئێستا ئەو لایەنانەی کە قسەیان لەگەڵدا دەکەین هەموویان باسی ئەوە دەکەن کە حکومەتێکی بەهێزی هەرێمی کوردستانیان دەوێ لە چوارچێوەی عێراق و بە جێبەجێکردنی هەموو ماددە دەستوورییەکانی عێراق. ئێمە پێویستمان بە زەمانەتێکی نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی مافەکانی گەلی ئێمە پارێزراوبێ و لە داهاتووشدا تووشی پەلاماری حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا یان دراوسێکان نەبینەوە، ئەم وڵاتانە ئێستا هەموویان باسی ئەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووە، دەبێ بەردەوامبێت، پشتگیریشی لێدەکەن، ئیتر زۆربەشیان لەسەر خۆمان دەمێنێتەوە، دەبێ ئێمە پێش هەموو شتێک وەکو نەتەوە یەکڕیزبین، تەبابین، هاوهەڵوێستبین، پێش هەموو شتێک بیر لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی خۆمان بکەینەوە، نەک وەکو شەخس و حیزب، ئەگەر ئەوە بکەین پێموایە ئاسۆیەکی زۆر روون لە پێشمانە.

**رووداو: تەسەوری ئێوە بۆ قەیرانە سیاسییەکە چییە؟**

**مەسروور بارزانی:** پێموایە ئەمە دەربازدەبێ، پێموایە ئەمە شتێکی کاتییە، بێگومان ئەوەی قەیرانی سیاسییە، قەیرانی ئابوورییە هەمووی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام ئەگەر ئیرادەدانێکی باشی سیاسیی هەبێ، لەوانەیە وەزعی ئابووریش بگەشێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە پاڵپشتیش بۆ سەرخستنی وەزعی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 489 ) – دووشەممە 2018/1/15



## وەزیری تەندروستیی عێراق چەند بڕیارێک لە کەرکووک هەڵدەوەشێنێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی تەندروستیی عێراق سەرجەم ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی هەڵوەشاندەوە کە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی پارێزگاری کەرکووک دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئەنجامیداون، بۆ ڕاسپاردنی ژمارەیەک پزیشکی تورکمان لە شوێنی پزیشکانی کورد، ئەمەش لەسەر داواکاری پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت بووە. وەک وەڵامێک بۆ داواکەی ڕاکان سەعید، نووسینگەی وەزیری تەندروستیی عێراق لە 7-1-2018 لە نووسراوێکدا ڕایگەیاندووە، بە بڕیاری عەدیلە حمود، وەزیری تەندروستیی عێراق، سەرجەم ئەو فەرمانە کارگێڕییانەی هەڵوەشاندەوە و بڕیاری داوە هیچ کەسێک دانەمەزرێت، یاخود ڕانەسپێردرێت بۆ سەرۆک بەشەکانی تەندروستیی کەرکووک بەبێ گەڕانەوە و ڕەزامەندی وەزیری تەندروستی.

# یەکگرتوو چاوەڕێی گەڕانەوەی نێچیرڤان بارزانییە

## " زۆربەی داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکراون"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وادەکەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت و بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، بەهۆی سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ دەرەوەی وڵات، کۆبوونەوەکەی یەکگرتوو لە 15ی مانگ ناکرێ کە ڕۆژی تەواوبوونی ئەو مۆڵەتەیە بە حکومەتیان دابوو. پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو دەڵێ: "زۆربەی داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکراون، لە کاتێکدا هەموو پرۆژەکەمان لە پێناوی بەرژەوەندیی خەڵک نووسیوە".

ڕۆژی پێنجشەممە 2017/12/28 شاندێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی د.هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیران و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. شاندەکەی یەکگرتوو 24 خاڵیان وەک داواکاریی خەڵک و مووچەخۆران ڕادەستی حکومەت کرد بۆ چاکسازی و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیشیان تاوەکو 15ی کانوونی دووەمی 2018، وەک دوا وادە دیاری کرد کە لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی، یەکگرتوو بڕیار لە کشانەوە لە حکومەت دەدات، بەڵام ئەمڕۆ ئەو وادەیە کۆتایی دێ.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ ئێمە وەک فراکسیۆن و حیزبیش هەر یەکەمان پرۆژەیەکمان داوەتە حکومەت، بەڵام شاندی حکومەت وادەیان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی پرۆژەکە دیاریکردبوو "تەنیا ئەو خاڵانە نەبێ کە پەیوەستە بە ئاساییکردنەوەی دۆخی سلێمانی و ئازادکردنی خۆپیشاندەران و کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکان لەناو شارەکاندا، خاڵەکانی دیکە جێبەجێ نەکراون".

هەڵەدنی، نایشارێتەوە کە پرۆژەی حکومەت بۆ نەهێشتنی خانەنشینی نایاسایی و بندیوار و خاوەن مووچە نایاساییەکان کە ئێستا لە پەرلەمانە، دەبێتە جێبەجێکردنی یەکێکی دیکە لە خاڵەکانی نێو پرۆژەکەیان "بەڵام هێشتا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و ڕوون نییە ئاخۆ جێبەجێ دەکرێ یان نا، چونکە هەر لە ئێستاوە دەنگی زۆر پەیدابوون کە داوا دەکەن ئەو بندیوار و خانەنشینە نایاساییانە بە سۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و نانبڕاو نەکرێن".

هەر دوای کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ شاندی باڵای یەکگرتوو، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسنی پرۆژەکەی یەکگرتووی دا و ڕایگەیاند "حکومەت زۆر بە جددی هەوڵ دەدات، چونکە ئەو شتانەی داوایانکردووە، پێمانوایە لە چوارچێوەی خێر و قازانجی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە و بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئێمە پێمانبکرێت، جێبەجێیان دەکەین".

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا و بەهۆی قەیرانی سیاسی و ناکۆکی لەسەر پرسە سیاسییەکان و دواتریش قەیرانی دارایی کە حکومەتی ڕاکێشایە نێو دەیان کێشەی ئاڵۆزەوە، پێشکەشکردنی پرۆژە و پرۆژە یاسا لەلایەن حیزب و ڕێکخراو و تەنانەت کەسایەتییەکانیش لە حاڵەتی ئاسایی تێپەڕی.

ئەبوبەکر هەڵەدنی لەبارەی ئەو وادەیەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو دایناوە، دەڵێت یەک دانیشتن لەگەڵ حکومەت کراوە و دانیشتنی دووەم ماوە "یەک دوو ڕۆژ دواکەوتن لە کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێ، بەڵام ئەوە شاندی تایبەتمەندی یەکگرتووە دەبێ دوای دانیشتن لەگەڵ حکومەت، ڕاپۆرتی کۆتایی بدەنەوە سەرکردایەتی یەکگرتوو بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن".

دوا وادەی یەکگرتووی ئیسلامی دەکەوێتە ساتەوەختێکی هەستیارەوە. چونکە بەهۆی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، درزی سیاسیی نێوماڵی لایەنەکانی هەرێمی کوردستان هێندەی دیکە گەورەتر بوو، کاتێک نەیانتوانی تەنانەت لەپێناوی چارەنووسی کەرکووک و ئەو ناوچانەی سوپا و حەشدی شەعبی بە هێزی سەربازی کۆنترۆڵیان کرد، لیستێکی هاوبەشی کوردستانی پێکبهێنن و لیست و هاوپەیمانێتی جیاوازیان پێکهێنا. لە دۆخێکی وادا کە ئێستا شەڕی هەڵبژاردنی بەغدا فۆکەسی لەسەر نێوخۆی هەرێمی کوردستان کەمتر کردووەتەوە، کشانەوەی یەکگرتوو چی لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟

ئەبوبەکر هەڵەدنی دەڵێ بێگومان ئێمە بشکشێینەوە هیچ لە بارودۆخی مووچەخۆران و خەڵکی هەرێمی کوردستان ناگۆڕێ "بەڵام ئەوە جێبەجێکردنی ئیلتیزامێکی ئەخلاقییە و ویژدانی خۆت ئاسوودە دەکەیت کاتێک پێشنیازەکانت لەبەرچاو ناگیرێ، یان دابەشکردنی بەرمیلێک نەوت بەسەر خەڵکدا ئەوەندە قورسە؟ لە کاتێکدا ئەوە یەکێک بووە لە داواکارییەکانی یەکگرتوو، یان دروستکردنی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ مووچەخۆران تاوەکو قەرزەکانی پێبدەنەوە، ئاخر حکومەت هیچی نەکردووە تاوەکو ئێمە هەست بکەین داواکارییەکانمان لەبەرچاو گیراون".

ئایا یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەت دەکشێتەوە؟ بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکگرتووی ئیسلامییەوە دەستیکەوتوون، بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا کە ئێستا شاندەکان دێن و دەچن، ئاسۆیەکی بۆ چارەسەربوونی بەشێک لەو کێشانە کردووەتەوە کە یەکگرتوو داوای چارەسەرکردنی کردوون، بۆیە هێشتا سەرکردەکانی ئەو حیزبە هەندێکیان پێیانوایە باشتر دراسەی دۆخەکە بکرێ، بەڵام بەشێکیشیان پێیانوایە دەبێ بکشێنەوە.

سوهام قادر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێ، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوودا، دوای ئەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی شاندی یەکگرتوو لەگەڵ حکومەت خوێندرایەوە، هەڵسەنگاندن بۆ ئەوانەی دەکرێ کە حکومەت جێبەجێی کردوون و ئەوانەش کە جێبەجێ نەکراون "ئەوکات بەرژەوەندی گشتی لەچیدا بێ، یەکگرتووی ئیسلامی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، مەرجیش نییە تەنیا کشانەوە لە حکومەت بێ".

گوتیشی پاکێجەکەی یەکگرتوو لەپێناو باشترکردنی ژیانی فەرمانبەران و مووچەخۆرانە، ئەگەر بزانین دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی باشتر بکرێ، ڕەنگە گفتوگۆی زۆرتر لەگەڵ حکومەت بکرێ "ئەوەندەی من بزانم حکومەت لاریی نییە لە جێبەجێکردنی زۆربەی خاڵەکان، بەڵام نازانم ڕۆژی دوا کۆبوونەوەی یەکگرتوو لەگەڵ حکومەت چ بڕیارێک دەدرێ، چونکە ئەوە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکلایی دەکاتەوە".



کۆبوونەوەی شاندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی

## نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران بۆ (ڕووداو):

# ئێران بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر هێڵە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران پێشبینی دەکات پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان تاران و هەولێر بگەڕێتەوە بۆ ئاستێک کە هەردوولا لێی ڕازی بن "بەڵام بەو خێراییە نا". دەشڵێت لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، خۆپیشاندانەکەی ئەمدواییە کە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە، جارێکی دیکە تەشویشی خستەوە سەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران "بەڵام لێدوانەکەی نێچیرڤان بارزانی دڵنیایی دایە ئێران

### نێچیرڤان بارزانی دڵنیایی دایە ئێران

ماوەی گەمارۆدانی هەرێمی کوردستانیان بە هەل زانیوە و دەروازەکانی خۆیان دانەخستووە، بەوەش بەرەی بازاڕەکانی کوردستانیان لەژێر پێی ئێرانییەکان دەرهێنا.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێ "بێگومان تورکیا وریاتر و چالاکتر لە پرسی داخستنی مەرزەکاندا دەرفەتیان قۆستەوە و ئێرانیش هەستی بەوە کرد، بەڵام هەمیشە ئێران وەک پرسی گرنگی ئەمنی و بازرگانی سەیری مەرزەکان دەکات و تورکیا زۆرتر لەڕووی بازرگانییەوە سەیری دەکات". گوشارەکان زۆریان نەخایاند و سێ ڕۆژ پاش ئەنجامدانی گشتپرسی، ئێران دەروازەی نێودەوڵەتیی باشماخی کردووە و بەشێک لە بازرگانەکانی پەروێزخان و حاجی ئۆمەرانیش ڕوویانکردە باشماخ "تەنیا نەوتفرۆشەکان کێشەیان هەبوو، چونکە ڕۆژانە 250 بۆ 400 بارهەڵگری نەوت هاتوچۆیان دەکرد".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەڵێ ئێستا تاران لەسەر هێڵە بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا کێشەکانیان چارەسەر بکەن "بەڵام ئێران جەخت دەکاتەوە کە ئەو باشبوونە لەچوارچێوەی دەستووری عێراق بێت، بۆ لەمەودواش گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا وەزارەتە پێوەندیدارەکانی نێوان هەردوولا ئەنجامی

### تورکیا لە پرسی مەرزەکان و بازرگانیدا وریاتر مامەڵەی لەگەڵ کوردستان کرد

دەدەن، نەک لەسەر ئاستی شاندی حکومەت یان لایەنەکان"، چونکە وەک ئەو گوتی "هەرچەندە ئێران لە ماوەی ڕابردوو وا دەرکەوتبێت کە زۆرتر لایەنگری حکومەتی عێراق بووە، بەڵام دەیەوێ پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز بن".

چەند مانگێک پێش ئەنجامدانی گشتپرسی، کۆماری ئیسلامی ئێران بانگهێشتنامەی فەرمی بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان نارد بۆ ئەوەی سەردانی تاران بکات، بەڵام وەک دواتر دەرکەوت بارزانی لە پرۆتۆکۆلی پێشوازییەکە ڕازی نەبووە و دانەنانی ئاڵای کوردستانی لەلایەن بەرپرسانی ئێرانەوە وەک بچووککردنەوەی هەرێمی کوردستان و هەیبەتی سەردانەکە وێنا کردووە. دواتر ئەنجامدانی گشتپرسی و ڕەتکردنەوەی داوای ئەو شاندانەی ئێران بە دوای یەکدا دەیناردنە هەولێر، وایانکرد کە ئێران بەلای کوردەوە وەک پشتیوان و نەخشەداڕێژەری حکومەتی بەغدا دەربکەوێ لە گەمارۆدانی ئاسمان و زەمینی هەرێمی کوردستان. تاران یەکەمین پایتەختی دونیاش بوو کە هاتوچۆی فڕۆکەوانی خۆی لەگەڵ هەولێر و سلێمانی پچڕاند.

### هێشتنەوەی نوێنەرایەتی لە ئێران ئومێدە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بگەڕێنەوە دۆخی جاران

نازم دەباغ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەڵێ "پێشبینی ناکەم وا بە زوویی پەیوەندییە سیاسییەکان وەک جاران ئاسایی ببنەوە و شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنە تاران، بەڵام هێشتنەوەی نوێنەرایەتییەکەمان لە ئێران، ئومێدی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و گەڕانەوەیەتی بۆ دۆخی جاران"، پێشیوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و باشتر لە جاران ڕێکبخاتەوە "ئەم سیاسەتەی ئێستاش بە ڕاست دەزانم کە هەوڵ دەدات بە دراوسێکان بڵێ دەبێ پەیوەندییەکی باشتر دروستبکەین و درەنگیشە بۆ ئەوە".

### 400 ڕۆژانە تانکەری نەوت لە نێوان ئێران و کوردستان هاتوچۆ دەکەن

لە سەرەتای ئەمساڵەوە خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی زۆربەی شارەکانی ئێرانی تەنییەوە. بەڵام ئەمجارە جیاوازییەکە ئەوەبوو کە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وریاییەوە دۆخەکەیان خوێندەوە و زۆرتر لە شارەکانی دیکە درێژەی هەبوو، هەندێک لە بەرپرسانی ئێرانی ڕایانگەیاند کە پلانی خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەفغانستانەوە داڕێژراون، وەک ئاماژەیەک بۆ ڕۆڵی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەڵام نازم دەباغ دەڵێ ڕەتکردنەوەی ئەو قسانە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کاریگەریی باشی هەبوو، دڵنیایی دایە ئەوان کە کورد لە پشت ئەو خۆپیشاندانانە نییە".

لەدوای تەواوبوونی پشێوەکانی سەری ساڵ، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیاری کردنەوەی مەرزەکانی پەروێزخان و حاجی ئۆمەرانیان دا و بەوەش هیچ ڕێگایەکی بازرگانیی مۆڵەتدراوی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە داخراوی نەمایەوە، بەڵام ئەوەی بە ناڕاستەوخۆ بەرپرسانی ئێران دەریانبڕیوە، پەشیمانییە لەوەی کە تورکەکان



### بەرهەم ساڵح، سەرکردە لە حیزبەکان هەڵدەوەرێنێ

# یەکگرتوو محەممەد ڕەئوف لە ڕیزەکانی دووردەخاتەوە

عومەر شایان
ڕووداو- هەولێر

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕیاری دا ئەو سەرکردانەی دووربخاتەوە کە چوونەتە نێو هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵح.

دوای بەشداریی محەممەد ڕەئوف، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە کۆنگرەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕیاری دا، هەر ئەندامێکیان پەیوەندی بە حیزبێکی دیکەوە بکات، ڕاستەوخۆ ئەندامێتی لەنێو یەکگرتوو نامێنێت.

مستەفا عەبدوڵڵا، بەرپرسی ئەنجومەنی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پەیڕەو و پرۆگرامی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت هەر ئەندام و کادیرێکی یەکگرتوو بچێتە نێو هەر حیزبێکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی بۆی نییە لە دوو حیزبدا ئەندام بێت، ڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی یەکگرتووی ئیسلامیدا نامێنێ".

لەدوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، محەممەد ڕەئوف، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و عومەر عەلی ئەندامی یەدەگی دەستەی باڵای بەدواداچوون و چاودێریی یەکگرتوو، پەیوەندییان بەو هاوپەیمانییەوە کرد کە یەکەمین کۆنگرەی لە 2018/1/10 لە شاری سلێمانی سازکرد و بەرهەم ساڵح بە سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە هەڵبژێردرا.

مستەفا عەبدوڵڵا، لەبارەی پەیوەندی ئەو دوو سەرکردەیەیان بە هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵحەوە گوتی "ئەوان تاوەکو ئێستا دەستلەکارکێشانەوەیان لە حیزب پێشکەش نەکردووە، بەڵام پەیڕەو و پرۆگرامی یەکگرتوو بەڕوونی باس لەوە دەکات کە هەر ئەندامێک چووە ناو حیزبێکی دیکە، یان قەوارە و لیستێکی هەڵبژاردن، ڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نامێنێ".

محەممەد ڕەئوف یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی، دوو خول سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو بوو. لەسەر پشکی ئەو حیزبە و لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پۆستی وەزیری بازرگانی وەرگرت. لە دوو کۆنگرەدا خۆی بۆ پۆستی ئەمیندار کاندید کرد و دەرنەچوو، دوایین پۆستیشی لەنێو یەکگرتوو ڕاوێژکاری باڵای ئەمینداری یەکگرتوو بووە.



محەممەد ڕەئووف لە دوو کۆنگرەدا خۆی بۆ ئەمینداری یەکگرتوو پاڵاوتووە، بەڵام دەرنەچووە

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتوو، لەدەستدانی ئەندامێتی بەو هۆکارانە دەبێ: کشانەوە لە ئەندامێتی حیزب بە پێشکەشکردنی وازنامە لە حیزب بە نووسین. دەرکردن. مردن .ئەندامبوون لە حیزبێکی دیکە.

## یەکێتی: بەرهەم ساڵح پەیوەندی بە ئێمەوە نەماوە

قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە سەرۆکایەتیی بەرهەم ساڵح، لە ڕۆژی 16ی ئەیلولی 2017 لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کوردستان تۆمار کرا. پاشان لە 27ی کانوونی یەکەم بەفەرمی مۆڵەتی کارکردنی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق وەرگرت.

دەرچوونی بەرهەم ساڵح لە ڕیزەکانی یەکێتی تازە نییە. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/10/24ی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا لە سلێمانی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵح تاوتوێ کرابوو. لە ڕاگەیێندراوی دوای کۆبوونەوەکەدا هاتبوو "وەکو سەرۆک مام جەلال فەرموویەتی، نە بە کەس دەڕووخێین و نە کەسیشمان لێ زیادە، هەموو هەڤاڵێک ئەرکێتی یەکێتی ناو یەکێتی بپارێزێ. لەهەمانکاتدا هەر هەڤاڵ و گرووپێک ئازادن لە دەرەوەی یەکێتی ڕێبازی دیکە هەڵبژێرن".

لەبارەی چارەنووسی بەرهەم ساڵح و کادیرەکانی دیکەی یەکێتی کە چوونەتە نێو ئەو قەوارەیە، فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یاسایەک لە هەرێمی کوردستان هەیە کە کاری پێدەکرێت، یاساکە دەڵێت یەک کەس ناتوانێت ئەندامی دوو حیزب بێت، بۆیە کاتێک واز لە حیزبێک دێنێ و دەچێتە ناو حیزبێکی دیکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی حیزبی دووەمی بۆ حیساب دەکرێ".

فەرید ئەسەسەرد سەبارەت بە دەستلەکارکێشانەوەکەی بەرهەم ساڵح گوتی "لە ڕۆژی بەستنی کۆنگرەی هاوپەیمانییەوە، بەرهەم ساڵح پەیوەندی بە یەکێتییەوە نەماوە".

لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا سەبارەت بە لەدەستدانی ئەندامێتی و سزادانی هاتووە "ئەندام لە ئەندامێتی (ی.ن.ک) دەکەوێت بەهۆی مردن، وازهێنان یان دەرکردنی". لە هۆیەکانی دەرکردنیش هاتووە "ئەندام لەو بارانەدا دەردەکرێ: کارکردن دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتیمان. پەیوەندیکردن بە هەر لایەنێکی دیکەی سیاسی. کارکردن دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ک) و هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕیزەکانی. بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندی (ی.ن.ک). درکاندنی نهێنییەکانی (ی.ن.ک). کارکردن دژ بە پاڵێوراوان و بەرنامەی (ی.ن.ک) لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. لە پەیڕەو و پرۆگرامی (ی.ن.ک) لا بدات. هەر ئەندامێک لە هەر پلەیەکدا بێت تاوانێکی ئابڕووبەری سەلمێنراو بە بڕیارێکی دادگایی ئەنجامدابێت مافی ئەندامێتی لێدەسەنرێتەوە.

## کۆمەڵ: ئارام قادر دەستی لەکارکێشاوەتەوە

یەکێک لەو حیزبانەی باس لەوە دەکرێت زۆرترین کادیر و ئەندامیان چووبێتە نێو هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، کۆمەڵی ئیسلامییە. لەدیارترین ئەو کەسانە ئارام قادر یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵ و سەرگوڵ قەرەداخی پەرلەمانتاری پێشووی ئەو حیزبەن.

بیلال سلێمان، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی و بەرپرسی ناوەندی حکومەت و پەرلەمانی ئەو حیزبە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە پێمانوایە حیزبایەتیکردن شتێکی ئیختیارییە و هەرکەس دەتوانێت لە هەر حیزبێکدا بیەوێت بەشدار بێت. بەڵام لەنێوان ئەو کەسانەی لە ئێمە جیابوونەتەوە هەیانە دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردووە و کادیریشمان هەبووە بەبێ دەستلەکارکێشانەوە ڕۆیشتووە و ئەوانە هیچ پۆستێکی ڕەسمییان لەنێو کۆمەڵ نەبووە".

سەبارەت بە ئارام قادر کە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵی ئیسلامی بووە و ئێستا لە دامەزرێنەرانی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەرییە، بیلال سلێمان گوتی: "کاک ئارام قادر دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردبوو، دوای ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ کرا و قەناعەتی وابوو کە وازبێنێ، دەستلەکارکێشانەوەکەی قبوڵ کرا".

### ئەندامێتی لە هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵح

زۆربەی کادیران و ئەندامان و دامەزرێنەرانی ئەو هاوپەیمانییە لە حیزبەکانی دیکەی وەک یەکێتی، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو جیابوونەتەوە و چوونەتە نێو ئەو هاوپەیمانییە. بە پێچەوانەی حیزبەکانی دیکەی باشووری کوردستان، لە پەیڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریدا هیچ بڕگەیەک نییە دەربارەی ئەوەی ئەندامێکی ئەوان نەتوانێ لە حیزبێکی دیکە ئەندام بێت. لە پەیڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و لە ماددەی 11 دا کە تایبەتە بە لەدەستدانی مافی هاودید و هاوکار، هاتووە: هەر هاودید و هاوکارێک لەم بارانەدا مافی بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتی لەدەستدەدات (زیانگەیاندن بە هاوپەیمانێتی. ئامادەنەبوونی لە سێ کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک بەبێ بیانوویەکی ڕەوا. ئەگەر لەبەر ئەنجامدانی تاوانێکی مەبەستدار حوکمێکی پلە کۆتایی لە دژی دەرچووبێت).

### د.ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری:

# لایەنە عێراقییەکان داوای هاوپەیمانێتییان لێکردووین



نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری کە د.بەرهەم ساڵح سەرۆک و دامەزرێنەریەتی، ڕۆژی 2018/1/10 کۆنگرەی دامەزراندنی بەست و بەوەش پەردەی بەسەر ئەو ئومێدانەدا دادایەوە کە پێیانوابوو ئەگەر لە ساتەکانی کۆتاییشدا بێ، دەگەڕێتەوە نێو یەکێتی، بەڵام کۆنگرەیەکی خێرا و کورتمەودا.

د.ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی هاوپەیمانی هۆیەکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیان لە بەردەمە. بەپێی یاسای ژمارە 36ی ساڵی 2015ی پەرلەمانی عێراق، پێویست بووە کۆنگرەی دامەزراندن ببەستن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداریی هەڵبژاردن بکەن "بۆیە بڕیارماندا پێش 11ی مانگ بیبەستین و لەماوەی 48 کاژێردا هەموو ئامادەسازییەکمان بۆ کرد و نوێنەران و هاودیدانمان لە هەموو شار و شارۆچکەکان دەستنیشان کران لەلایەن خەڵکەوە و بەشدارییان تێدا کرد، چونکە ڕۆژی 11ی مانگ دوا وادەی هاوپەیمانێتی بوو".

د.ڕێبوار ڕەتیدەکاتەوە پەلەکردن لەو کۆنگرەیە کەموکورتی و گلەیی ئەندامە بەشداربووەکانی هەولێر و دهۆکی بەدوای خۆیدا هێنابێ "ئێمە بڕیارمان نەداوە کۆنگرە شوێنی ڕێککەوتن و ئینشیقاق بێ، بەڵکو کۆنگرەی دەستپێکردن و هەنگاوی کردەیی بوو، بەهیچ شێوەیەک بەشداربووانی هەولێر و بادینان لە سلێمانی کەمتر نەبووە و ژمارەکان زۆر لەیەکدی نزیک بوون".

هەروەها دەڵێ "دوو پێوەرمان هەیە بۆ کۆنگرە کە نوێنەرایەتی بەپێی ڕێژەی دەنگدەرانی شارەکان دەبێ و گەنجان و ژنانیش ئامادەییان هەبووە".

لەو کۆنگرەیەدا سەرکردایەتی هەڵنەبژێردرا. د.ڕێبوار کەریم ئەوە بەڕاست نازانێ کە بەهۆی فریانەکەوتن و کێشەوە بووبێ و دەڵێ بەپێی پەیڕەو لە کۆنگرە سەرکردایەتی هەڵنابژێردرێت "ئێمە دوو ئەنجوومەنمان هەیە، ئەنجوومەنی گشتی کە لە خوارەوە لەلایەن هاودیدەکانەوە لە شار و شارۆچکەکان هەڵدەبژێردرێن و ژمارەیان لە 40 کەس کەمتر نابێ و وەک پەرلەمانی هاوپەیمانی دەبێت، دواتر ئەو ئەنجوومەنە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دیاری دەکەن کە 14 کەسن".

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەندێک ڕەخنەی ئەوە لە هاوپەیمانی و نەوەی نوێ دەگرن کە خاوەنی دیدگایەکی ڕوون نین، بەڵام ڕێبوار کەریم دەڵێت دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لەڕووی شکڵییەوە هەیە و لەڕووی کردارییەوە دەبێ کاری لەسەر بکرێ "ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین و بڕوامان بە دادپەروەری هەیە و دادپەروەری ئەوەیە خێر و بێری ئەو وڵاتە بڕوات بۆ خەڵک نەک گرووپ و لایەنەکان. دوو میکانیزم دەگرینەبەر و کار لەسەر سڕینەوەی هیچ کەس و هێزێک ناکەین و ئامانجمان ئەوە نییە لایەن و خەڵک ڕاوبنێین و زمانی زبر و تەشهیر بەکارناهێنین و پێمانوایە ئەنجامی نابێ. ئێمە کار لەسەر کۆکردنەوە دەکەین نەک پەرتەوازەکردن".

### 14 کەس بۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن هەڵدەبژێردرێن

دواجار لیستی هاوبەشی کوردستانی سەرینەگرت و هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەریی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لیستێکی هاوبەشیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان پێکهێنا. ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی هاوپەیمانی دەڵێ لەگەڵ پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە "لەسەر دوو خاڵ ڕێکنەکەوتین". دوو خاڵەکەش ئەوەیە کە دەڵێت داوایان کردووە "ئەو سیاسەتەی پێشتر لەو ناوچانە پێڕەو کراوە نابێ دوای هەڵبژاردن هەمان سیاسەت پێڕەو بکرێ". ئەو دەڵێت ئەوەی پێشتر "سیاسەتی دۆڕاندنی خاک و تاڵانکردنی نەوت بووە".

خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە "ئەو کەسانەی لە ئیدارە و سیاسەت بەشداربوون لەو ناوچانە نابێ بەشداریی بکەنەوە و گوتوومانە دەتوانن خەڵکی نوێ بێنن و بەفۆرمێکی نوێ بەشداری بکەن، بەڵام ڕازی نەبوون".

لەماوەی ڕابردوو شاندێکی سێ لایەنەکە سەردانی بەغدایان کرد، ئایا گفتوگۆ لەگەڵ لیستە عێراقییەکان کراوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانی دروستبکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی بەغدا؟ د.ڕێبوار کەریم دەڵێ "لیستە عێراقییەکانیش قسەیان لەگەڵ کردووین بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی و پێمانگوتوون کێ گەرەنتی نووسراومان پێبدات بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی کورد لەگەڵ ئەوە هاوپەیمانێتی دەکەین".

هەروەها دەڵێ هەندێک لەلایەنەکانی دیکەی جگە لە پارتی و یەکێتی، دەیانویست "لیستە هاوبەشەکەمان پارتی و یەکێتیشی تێدا بێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوانیش ڕێکنەکەوتین بێنە ناو لیستەکەوە. یەکگرتوو دەیویست ئێمە و پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکەش هەموو بەیەکەوە بین، بۆیە ڕێکنەکەوتین". بڕواشی وایە زۆرینەی خەڵکی کەرکووک دەنگ بەوان بدات "ئەگەر یەک لیستی بریتی بێت لە چاوپۆشی لە گەندەڵی و نەوت دزین، ئێمە نایکەین".

بەڵام بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان، هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەریی "بە لیستی جیا بەشداری دەکات". لەبارەی کاندیدکردنی د.یوسف محەممەد، سەرۆکی دەستلەکارکێشاوەی پەرلەمان بۆ سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتییەکەیان، د.ڕێبوار دەڵێ "گفتوگۆمان کرد کێ ببێ بە سەرۆکی هاوپەیمانییەکە، پێشتر ناوی دیکە هەبوون، باسی دکتۆر بەرهەم و مامۆستا عەلی باپیریش کرا، بەڵام دواتر هەموو پێیان باش بوو د.یوسف بێ. د.یوسف پیاوێکی دیارە لە کاری سیاسی لە عێراق و کوردستان و تایبەتمەندێتی ئەوەی تێدا بوو کە ببێتە سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە. ئەگەر پارتی و یەکێتی بەو دوو مەرجەی ئێمە ڕازی بوونایە، ئەوکات دەمانتوانی گفتوگۆ بکەین لەسەر کەسێکی دیکە".

هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری، بارەگای سەرەکی دەباتە هەولێر و لەماوەی ڕابردوو د.بەرهەم ساڵح، زۆر کەسایەتی و تەنانەت سەرۆک هۆزیشی بینیوە و داوای لێکردوون بۆ ئەوەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پشتیوانییان بکەن. یەکێک لەوانە هۆزی جافە. د.ڕێبوار دەڵێ: "بێگومان نەک تەنیا هۆزی جاف، داوا لە هەموو هۆزەکان و نووسەر و ئەکادیمی و کاسبکار و خوێندەوار و نەخوێندەوار دەکەین دەنگ بە ئێمە بدەن". بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی هاوسۆزن لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح و هێشتا خۆیان بۆ هاوپەیمانی یەکلایی نەکردووەتەوە، ئەوە بووەتە گرێیەکی ئاڵۆز بۆ یەکێتی، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا پەیوەندی بە هاوپەیمانییەوە بکەن و بەوەش کاریگەری لەسەر دەنگدەرانی یەکێتی دروستبکەن.

د. ڕێبوار دەڵێت "ئەو بەڕێزانە دۆستی د.بەرهەمن و کەسانی دیارن لەناو حیزبی خۆیاندا و بڕیار لای خۆیانە دێنە ناو هاوپەیمانی یان نا، بەڵام کە تۆ هاتیتە نێو کۆنگرە سیفەتی ئەندامێتی لە حیزبەکەی تر لەدەست دەدەی".

گوتیشی: "بەشێک لەو سەرکردانەی یەکێتی هەوڵی چاککردنی حیزبەکەی خۆیان دەدەن و مەسەلە ئەوە نییە د.بەرهەم دەهێڵێ پەیوەندی پێوەبکەن یان نا".

### لەسەر دوو خاڵ لەگەڵ پارتی و یەکێتی ڕێکنەکەوتین بۆ لیستی هاوبەش

ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 489 ) - دووشەممە 2018/1/15



## یەک ملیۆنێک دۆلار بۆ خوێندکارانی تواناسازی خەرجدەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خەرجکردنی بڕی 947 هەزار و 827 دۆلاری ئەمریکی وەک شایستەی دارایی بۆ خوێندکارانی بەرنامەی تواناسازی ڕاگەیاند کە ئێستا بەردەوامن لە خوێندن. عەباس ئەکرەم، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دوای ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی بڕی (30) ملیۆن دۆلار بۆ خوێندکارانی تواناسازی درا، لیژنەی دابەشکردنی شایستە داراییەکانی خوێندکارانی بەرنامەی تواناسازی بڕیاری دا شایستەی دارایی لیستی یەکەمی ساڵی 2018ی خوێندکارانی بەرنامەی تواناسازی خەرج بکات کە بریتییە لە 947 هەزار و 827 دۆلار بۆ 40 خوێندکاری بەرنامەی تواناسازی.

# بانکە ئەهلییەکان ناتوانن پارەی خەڵک بدەنەوە



"چەکە بێ ڕەسیدەکان، گورزێکی کوشندەیان لە حکومەت و بانکە ئەهلییەکان دا" (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت ئەگەر متمانە و هاوئاهەنگییەکی باش لە نێوان بانکە ئەهلییەکان و بانکی ناوەندی و وەزارەتی دارایی هەبووایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە خەرجییەکان و وەرگرتنی قەرز لە بانکە ئەهلییەکان، قەیرانی دارایی بە ئاسانی تێپەڕێنێ.

بەپێی ئاماری بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان، 91 بانک و لقی بانکی بیانی لە کوردستان هەن، بەڵام ئەو بانکانە وەکو پێویست ڕۆڵیان نەبووە لە کەمکردنەوەی کاریگەریی قەیرانی دارایی.

د.لوقمان عوسمان، مامۆستای بەشی ئابووری لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت: "ئەگەر متمانە و

> **هەندێک بانکی ئەهلی کاری سەرەکییان سپیکردنەوەی پارەیە**
> بەڕێوەبەری بانکێکی ئەهلی

هاوئاهەنگییەکی باش لەنێوان بانکە ئەهلییەکان و بانکی ناوەندی و وەزارەتی دارایی هەبووایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پێدانی مووچە بە کارت و وەرگرتنی قەرز لە بانکە ئەهلییەکان، زۆر بە ئاسانی قەیرانی تێدەپەڕاند".

پێشتر بانکە ئەهلییەکان قەرزیان بە حکومەت دەدا، بەڵام کاتێک بۆیان دەرکەوت کە قەیرانی دارایی درێژە دەکێشێ و حکومەت ناتوانێ قەرزەکانیان بداتەوە، پێداچوونەوەیان بە بەخشینی قەرز بەخەڵک و حکومەت کرد، ئەمەش بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستانی زیاتر لاسەنگ کرد.

د.لوقمان عوسمان دەڵێت: "بانکە ئەهلییەکان بۆ دەستکەوتنی قازانجی خێرا، زیاتر قەرزیان بۆ پرۆژەی ناڕاستەقینە دەدا وەک پرۆژەی خزمەتگوزاری و بازرگانی، بەڵام کاتێک بەهۆی دواکەوتن و پاشەکەوتکردنی مووچە، خواستی کڕین کەم بووەوە و بازرگانەکان و وەبەرهێنەکان نەیانتوانی لەکاتی خۆی قەرزەکان بگەڕێننەوە، پاشەکشەیان لە بەخشنی ئەم قەرزانە کرد، بۆیە ڕۆڵی بانکەکان وردە وردە بەرەو لاوازی چوو".

بانکی مەنسوور بۆ وەبەرهێنان کە بانکێکی عێراقی- قەتەرییە، حەوت لقی لە شارەکانی عێراق هەیە و ساڵی 2006 لقیان لە هەولێر و سلێمانی کردووەتەوە. سەردار پیربال سەرسپی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری بانکی مەنسوور بۆ وەبەرهێنان دەڵێت: "بەهۆی لاوازیی چاودێری بانکی ناوەندیی عێراق و بانکی ناوەندیی هەرێم لەسەر بانکە ئەهلییەکان، بەشێک لە بانکە ئەهلییەکانی کوردستان لەکارە سەرەکییەکانی خۆیان لایانداوە، لەجیاتی ئەوەی لەڕێگەی بەخشینی قەرز بە حکومەت و خەڵک ببنە پاڵپشت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی قەیرانی دارایی، بوونەتە هۆکار بۆ سپیکردنەوەی پارە، بەمەش زیانێکی زۆریان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیاندووە".

سەردار پیربال پێیوایە گەورەترین هەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی بانکی ناوەندیی سەربەخۆ و جیاکردنەوەی بانکەکانی کوردستان بوو لەبەغدا، بەمەش زیانی زۆریان لە خۆیان و بانکە ئەهلییەکان دا ، چونکە ماوەی چەندین ساڵە مووچەی کارمەندانی ئەم بانکەیان لە بودجەی کوردستان دەدا و نەشیانتوانی سوود لە یەدەگی بانکی ناوەندیی عێراق وەربگرن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان.

سەردار پیربال دەڵێت: "بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی چاودێری بانکی ناوەندیی عێراق لەسەر بانکەکانی کوردستان، بەشێک لە بانکە ئەهلییەکان بەتایبەت ئەوانەی بۆ مەبەستێکی تایبەت دامەزرابوون، لە ڕۆژی کردنەوەیانەوە تائێستا هیچ قەرزێکیان نەداوە بەخەڵک، کاری سەرەکیشیان سپیکردنەوەی پارە بووە".

بانکەکەی سەردار سەرسپی نزیکەی 3 ملیار و 750 ملیۆن دینار قەرزی لەلای حکومەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا بەردەوامە لە بەخشینی قەرز بەخەڵک و وەبەرهێنەران، بەتایبەت ئەوانەی توانای دانەوەی قەرزەکانیان هەیە.

د.عیزەت سابیر، پسپۆڕی ئابووری و سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پەیوەندیی هاووڵاتی و بانک لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، پارەیەکی زۆر لە عێراقەوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان کە بۆ مووچەی خەڵک و کاروباری دیکە خەرجکراوە، بێگومان ئەگەر سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتووبووایە و خەڵک متمانەی بە بانکەکان هەبووایە، ئێستا بەشی زۆری ئەم پارەیە لەجیاتی ژێرزەمینەکان لە بانکەکان دەبوو، ئەوکات حکومەت وەک ئێستا تووشی گرفتی دارایی نەدەبوو".

بەشێکی زۆری وڵاتان بۆ پێدانی مووچە و خەرجییەکان مامەڵە بە کارت و هەژماری بانکی دەکەن، کەمتر کار بەپارەی کاش دەکەن، بۆیە خەڵک پێویستی بەوە نییە پارەی کاش هەڵبگرێت و زیاتر پارەکانیان لە بانک هەڵدەگرن.

د.عزەت سابیر دەڵێت: "ئەگەر کارتی بانکی لە هەرێمی کوردستان کارا بووایە، زۆربەی مووچەخۆران دەیانتوانی لەکاتی خۆیدا مووچەکانیان وەربگرن و گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان زۆر خێراتر دەبوو، بەڵام هەڵەی حکومەت لەوەدا بوو ئەم سیستەمەی فەرامۆش کرد و پارەی بە کاش دەدا، کاتێکیش کاش نەما، گرفتی دابەشکردنی مووچەی بۆ دروست بوو".

د.عیزەت پێیوایە هەڵەیەکی دیکەی حکومەت ئەوە بوو کە چەکی بێ ڕەسیدی دابەشکرد و پاڵپشتی لە چەکەکانیش نەکرد، هەر خۆی وایکرد ئەم چەکانە بێ بەهابن، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی متمانەی بە چەکەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەدەکرد، ئەمەش وایکرد وەبەرهێن و بازرگانەکان چەکەکان بە نرخێکی هەرزان لە بازاڕ بفرۆشن و پاشان خەڵکانێک بەشێوەیەکی نایاسایی لەو چەکانە سوودمەند بوون".

سەردار پیربالیش دەڵێت: "چەکە بێ ڕەسیدەکان، گورزێکی کوشندەیان لە حکومەت و بانکە ئەهلییەکان دا، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ گەندەڵی و نەمانی متمانە لەنێوان حکومەت و بانکە ئەهلییەکان، چونکە کارمەندێکی بانک دەیتوانی چەکێک لە بازاڕ بەنیوە نرخ بکڕێتەوە و لە بانکەکەی خۆی بەواستەیەک پارەکەی وەربگرێتەوە، بەمەش گەورەترین زیان بەحکومەت و بانکە ئەهلییەکان کەوت، ئێستا زۆربەی چەکەکان کەوتوونەتە لای بانکە ئەهلییەکان و بانکی وا هەیە بایی 100 ملیار دینار چەکی کڕیوە".

بەهۆی ئەو بارودۆخەی بانکە ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان دووچاری بوون، شەش بانکی ئەهلی لە هەولێر زیانی زۆریان کردووە و زۆربەی پارەکانیان بووەتە قەرز، بەهۆیەوە توانای دانەوەی پارەی سپاردەی خەڵکیان نەماوە و بانکەکانیان کەوتوونەتە ژێر سەرپەرشتیی بانکی ناوەندیی عێراق .

عابد سالح، بەڕێوەبەری گشتیی بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "بەپێی دەستوور مۆڵەتی کردنەوە و دامەزراندنی بانکی نوێ و چاودێریکردنی سەرمایەکانیان لە دەسەڵاتی بانکی ناوەندیی عێراقە، بۆیە ئێمە وەک پێویست دەسەڵاتمان بەسەر بانکە ئەهلییەکاندا نییە، بەڵام ئاگادارین ژمارەیەک بانک لە هەولێر بەهۆی قەرزەوە کەوتوونەتە ژێر سەرپەرشتیی بانکی ناوەندیی عێراق".

# وەزارەتی کشتوکاڵ 15 ملیار دینار قەرزداری خەڵکە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست و نەدانەوەی قەرزی کۆمپانیاکان، وەزارەتی کشتوکاڵ کەوتووەتە ژێر باری قەرزێکی زۆر، کۆی ئەو قەرزانەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لەسەری کۆبووەتەوە، گەیشتووەتە 15 ملیار دینار.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆرترین قەرزی وەزارەتی کشتوکاڵ، بەهۆی دابینکردنی قڕکەری کشتوکاڵی بووە. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بایی 5 ملیار و 506 ملیۆن دینار قڕکەری کیمیایی لە کۆمپانیاکان کڕیوە و پارەکەی نەداوە. هەروەها بایی 3 ملیار و 308 ملیۆن دینار ئالیکی ئاژەڵی کڕیوە و پارەی نەداوە، هەر لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بەهۆی کڕینی دەرمانی ئاژەڵەوە، کۆمپانیاکان 2 ملیار و 46 ملیۆن دیناریان قەرز کەوتووەتە لای وەزارەتی کشتوکاڵ. چوار ملیار دینارەکەی دیکەش بۆ کڕینی بنەتۆی پەتاتە و گەنم و پەیینی کیمیاوی و دابینکردنی ئامێری ئاودان قەرز کراوە.

خاڵس ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت: "حکومەت لەپارەی نەوت و گاز بڕی 55 ملیۆن دۆلاری لە بانکی کوردستان بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ تەرخان کرد، بەڵام دوای چەندین داواکاری تەنیا ڕەزامەندییان لەسەر خەرجکردنی بڕێکی زۆر کەمی پارەکە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دا، ئێمەش لەڕێگەی ڕاگەیاندنی ئاشکراوە پرۆژەکانمان بەچەند کۆمپانیایەک دا، بەڵام دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، نزیکەی 5.326.606 دۆلاری پارەی کۆمپانیاکان کەوتە لای حکومەت و ماوەی سێ ساڵە بۆیان خەرج نەکراوە".

هەروەها گوتی: "لەسەر بودجەی پاڵپشتی کشتوکاڵیش نزیکەی 8 ملیار و 248 ملیۆن دینار قەرزی کۆمپانیاکانە کە لەڕێگەی تەندەرەوە ئالیک، دەرمانی ئاژەڵ و قڕکەری کشتوکاڵی و پەیینی کیمیاییان بۆ وەزارەت هێناوە. وەزارەتیش بەنرخی پاڵپشت بەسەر ئاژەڵدار و جووتیاراندا دابەشی کردووە، بڕێک لەو پارەیەی لە جووتیاران وەرگیراوە گەڕاوەتەوە خەزێنەی حکومەت، بەڵام تائێستا حکومەت پارەکەی بۆ کۆمپانیاکان خەرج نەکردووە".

خاڵس ئەحمەد دەڵێت: "بەهۆی خەرجنەکردنی ئەم پارانە بەشێک لە کۆمپانیاکان گرفتی داراییان بۆ دروستبووە و پرۆژە و کارەکانیان وەستاندووە، تەنانەت خاوەنی کۆمپانیایەک لەداخی نەدانەوەی قەرزەکە، جەڵتە لێیداوە".

کۆمپانیای (ard) بۆ بازرگانیی کشتوکاڵی، لە ساڵی 2015 لە ڕێگەی تەندەرێکەوە بایی دوو ملیۆن دۆلار قڕکەری مێرووە زیانبەخشەکانی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ دابین کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەت پارەی نەداوەتێ.

حاجی سمکۆ عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ard دەڵێت "کۆمپانیاکەمان پێشینەی زۆری لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا لەڕێگەی تەندەرەوە چەندینجار پێداویستییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵمان دابین کردووە، پێشتر لەکاتی خۆی پارەمان

> **متمانەم بە وەزارەتی کشتوکاڵ نەماوە و چیدی مامەڵەیان لەگەڵ ناکەم**
> بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک



هیچ کۆمپانیایەک ئامادە نییە پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ وەربگرێ، بۆیە ئێستا سەرجەم پرۆژەکان ڕاگیراون (فۆتۆ: ڕووداو)

وەردەگرت، بەڵام ساڵی 2015 تەندەرێکمان بۆ دەرچوو بەبڕی نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار قڕکەرمان بۆ هێنان، کەچی تائێستا پارەکەیان بۆ نەگەڕاندووینەتەوە".

حاجی سمکۆ بە زەحمەتی دەزانێ جارێکی دیکە متمانە بە حکومەت بکەن و کاری لەگەڵ بکەن، چونکە دەڵێت "ئەو قڕکەرەی ئێمە بۆمان دابینکردن بە نرخی پاڵپشت تاوەکو 75% بە جووتیاران فرۆشرایەوە کەچی پارەکە چووە خەزێنەی حکومەت و قەرزەکەی ئێمەیان نەدایەوە".

حاجی سمکۆ گلەیی لە بانکەکان هەیە کە جیاکاری دەکەن لە خەرجکردنی چەکی بانک و دەڵێت: "پارەی هەندێ کۆمپانیایان داوەتەوە کە پاش ئێمە شتیان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ هێناوە، بەڵام ئێمە و هەندێ کۆمپانیای دیکەیان پشتگوێخست، ئەمەش زیانی زۆری بەئێمە گەیاند، ئێستا قەرزاری هەندێ بانک و کۆمپانیاین، تەنانەت بەهۆی کەمی سەرمایە ناچاربووین بەشێک لە پرۆژەکانمان ڕابگرین".

دواخستنی دانەوەی قەرزی کۆمپانیاکان، جۆرێک لە بێ متمانەیی لە نێوان کۆمپانیاکان و وەزارەتی کشتوکاڵ دروستکردووە، ئێستا کۆمپانیاکان ئامادەنین پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ وەربگرن، بۆ نموونە وەزارەتی کشتوکاڵ دوو ساڵە پرۆژەی بەبازاڕکردنی مریشک دەخاتە بەردەم کۆمپانیاکان، بەڵام کۆمپانیاکان ئامادەنین وەریبگرن.

> **وەزارەت لەژێر گوشارێکی زۆری کۆمپانیاکاندایە**
> بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ

د.خالس ئەحمەد دەڵێت "بەهۆی دواخستنی دانەوەی قەرزەکانی پێشوو لەلایەن حکومەت، جۆرێک لە بێمتمانەیی لە نێوان کۆمپانیاکان و وەزارەتی کشتوکاڵ دروست بووە، ئێستا هیچ کۆمپانیایەک ئامادە نییە پرۆژەکانمان وەربگرێ، بۆیە ئێستا سەرجەم پرۆژەکانمان ڕاگرتوون، ئەمە لەکاتێکدایە هەندێ پێداویستی هەیە وەزارەت ناتوانێ دەستبەرداری بێت، بۆ نموونە قڕکەری کیمیایی و دەرمان و ڤاکسینی ئاژەڵ، چونکە لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەکی مەترسیدار، لەوانەیە بەهەزاران ئاژەڵ بفەوتێن".

وەزارەتی کشتوکاڵ پێشتر ساڵانە لە ڕێگەی 96 تیمی گەڕۆکەوە پێنج هەڵمەتی کوتانی دژی نەخۆشییەکانی تەبەق، لاڕەشە، دانکە، بەرهاوێشتن، کولکەپیسە ئەنجام دەدا، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرمان و ڤاکسینی پێویست ماوەی دوو ساڵە ئەم هەڵمەتانە وەکو پێویست بەڕێوەنەچوون.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ دەڵێت "بۆ کۆنترۆڵی هەندێ نەخۆشیی ئاژەڵی کە خێرا بڵاودەبنەوە و دەبنە هۆی مردن یان لاوازبوون یان بەرهاوێشتنی ئاژەڵ، پێویستە ساڵانە چەند هەڵمەتێکی کوتانی ئاژەڵان بکرێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڤاکسین و دەرمانی پێویست، ماوەی دوو ساڵە نەمانتوانیوە لە هەولێر و دهۆک هیچ هەڵمەتێک بکەین و تەنیا لە سلێمانی و گەرمیان بە ڕێژەیەکی کەم کراوە، بۆیە مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەیە".

بە گوتەی د.میقداد مەترسییەکە ئەو کاتە زیاتر دەبێ کە نەخۆشی بکەوێتە ناو ئەو ئاژەڵانەی نەخۆشییەکەیان دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە تای ماڵتا و بروسیلا کە هەر کەسێک شیر و گۆشتی ئاژەڵی تووشبوو بەو نەخۆشیانە بخوات تووشی نەخۆشییەکە دەبێت، جگە لەوە نەخۆشیی هاریی سەگ و تورەگەی ئاوی، هەروەها نەخۆشیی ئەنتراکس کە لەڕێگەی ئاژەڵەوە تووشی مرۆڤ دەبێ.

کۆمپانیای ڤێت گرین بەبەهای 980 ملیۆن دینار گەنمی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ کڕیوە، بەڵام هەموو پارەکەی وەرنەگرتووە. حاجی کامەران ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە دەڵێت: "لەکاتی تەندەر بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ بەڵێنیان پێداین ئەو پارەیەی لە جووتیاران وەریدەگرنەوە بیدەنەوە ئێمە، بەڵام ساڵێک بەسەر هێنانی ئەم گەنمە تێپەڕیوە و نزیکەی 300 ملیۆن دینار قەرزمان کەوتووەتە لای حکومەت".

هەرچەندە تائێستا هیچ کۆمپانیایەک بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان سکاڵای لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ تۆمار نەکردووە، بەڵام وەک خاڵس ئەحمەد دەڵێت "وەزارەتی کشتوکاڵ لەژێر گوشارێکی زۆری کۆمپانیاکاندایە، بۆ دانەوەی قەرزەکانیش چەندین نووسراومان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی کردووە، دوایین نووسراویشمان بۆ وەزارەتی دارایی لە 2017/10/24 بووە، ئەوانیش لە 2017/11/12 ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نییە".

نەوت و گاز.. دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا لە یەکدی

## ئەنجوومەنی ئەتلانتیک:

# ئەستەمە توركیا و عێراق بۆڕیی نەوتی كوردستان دابخەن

ڕووداو- هەولێر

چەند ساڵی داهاتوو بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان ساڵانی هەڵسانەوەی ئابووری دەبێت، لەو قۆناغەشدا نەوت و گازی سروشتی ڕۆڵێکی سەرەکییان دەبێت، بەڵام دابەشبوونی سەرچاوەکانی نەوت و گاز بەسەر ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا نەوتی لە کاڵایەکی ئابوورییەوە بۆ کاڵایەکی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی گۆڕیوە و بەربەستی گەورەی بۆ پێشکەوتنی ئەو کەرتە لە داهاتوودا دروست کردووە. (ئەنجوومەنی ئەتلانتیک)ی ئەمریکی لە دوایین ڕاپۆرتیدا تیشک دەخاتە سەر ئەو کێشانە و کۆمەڵێک چارەسەریش بۆ کێشەکان پێشنیاز دەکات.

ئێران حەز ناكات عێراق پەرە بە گازە سروشتییەكەی بدات

### كێشەكانی نێوان بەغدا و هەولێر

عێراق خاوەنی پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا. 10 %ی یەدەگی نەوتی سەلمێنراوی جیهان و 20 %ی یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە عێراقە. هەرچەندە زۆربەی نەوتی عێراق لە کێڵگەکانی باشوور و لە دەوروبەری بەسرە چڕبووەتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکانی کەرکووکیش بڕێکی زۆری نەوت هەیە. وەک ڕاپۆرتەکەی (ئەتلانتیک) دەڵێت، ئەم دابەشبوونە جوگرافییەی سەرچاوەکانی نەوت کە دابەشبوونی ئەتنیکی و مەزهەبیی عێراقیشی هاتووەتە سەر "کێشەی بۆ ئیدارەکردنی سەرچاوەکان دروستکردووە و مشتومڕێکی زۆریشی لەسەر پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی لە عێراق هێناوەتە ئاراوە".

لە ساڵانی سەرەتای ڕزگارکردنی عێراقەوە دابەشکردنی داهاتی نەوت و ئیدارەی سەرچاوەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان ئاریشەی سەرەکیی نێوان هەولێر و بەغدا بووە. گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان لە 25ی ئەیلولی 2017 کە کەوتنی کەرکووکی بەدوادا هات، جارێکی دیکە پرسی دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی ناوەند و هەرێمی گەرمتر کرد.

ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە دەڵێت لە دوای کەوتنی کەرکووکەوە جارێکی دیکە پرسە سیاسی و یاساییەکانی پەیوەندیدار بە پەرەپێدان و هەناردەکردنی سەرچاوەکانی وزە دەرکەوتوونەتەوە، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو کێشانەی لە قۆناغی پاش سەدامەوە سەریان هەڵداوە، هەر بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە.

هەرچەندە مەسەلەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و کورد لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام کێشەکانی ئێستای نێوان بەغدا و هەولێر بۆ ئەو لێکدانەوە جیاوازە دەگەڕێتەوە کە بۆ دەستووری 2005ی عێراق دەکرێت، بە تایبەتیش مادەی 111 و 112ی دەستوور کە باس لە ئیدارەکردن و دابەشکردنی داهاتی کێڵگە نەوتییەکان دەکات.

لە مادەی 111دا باس لەوە دەکرێت کە "هەموو خەڵکی عێراق لە هەموو هەرێم و پارێزگاکانی عێراق، خاوەنی نەوت و گازی وڵاتن" بەڵام لە مادەی 112دا هاتووە "حکومەتی ناوەندی، لەگەڵ پارێزگا یان حکومەتی هەرێمی بەرهەمهێنەری نەوتەکە، ئیدارەی ئەو نەوت و گازە دەکەن کە لە کێڵگەکانی ئێستا دەردەهێنرێن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مادەیە بەو جۆرە لێکدەداتەوە کە "هەرکام لە هەرێمەکان و حکومەتە هەرێمییەکان مافی خاوەندارێتی"یان هەیە، بۆیەش دەتوانن سەربەخۆ و بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی گرێبەست واژۆ بکەن. جیا لەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت مادەی 112 تەنیا ئەو بیرە نەوتی و گازییانە دەگرێتەوە کە لە کاتی پەسەندکردنی دەستووردا هەبوون، نەک کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کە دوای پەسەندکردنی ئەو مادەیە دۆزراونەتەوە. بەغداش دژی هەردوو لێکدانەوەکەی هەولێرە.

جیا لەمە، حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستاش یاسای فیدراڵیی نەوت و گازی نییە، بۆیە هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی دیاریکراو بۆ ئیدارەی سەرچاوەکان، دابەشکردنی داهات و داهاتووی چارەنووسی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە کێشە لەسەرەکان نییە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007ەوە یاسای نەوت و گازی هەرێمی پەسەند کردووە، هەر بەپێی ئەو یاسایەش دەستی بە پرۆژە نەوتی و گازییەکان کردووە.

خاڵێکی سەرەکیی ناکۆکی وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کوردستان پەیوەندی بە سروشتیی گرێبەستەکانەوە هەیە. هەولێر لەسەر بنەمای هاوبەشی لە بەرهەمهێناندا گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکات کە کۆمپانیاکە پشکی لە کێڵگەکاندا دەبێت. حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای خزمەتگوزاریی تەکنیکی گرێبەست دەکات، لەم جۆرە گرێبەستەدا کۆمپانیاکان وەکوو بەڵێندەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، نەک وەبەرهێنەر.

### نەوتی کوردستان و عێراق لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا

کێشەی نەوتی نێوان هەولێر و بەغدا تەنیا کێشەیەکی نێوخۆیی عێراق نییە، بەڵکو ڕەهەندی قووڵی ناوچەییشی هەیە. جگە لە کوردستان و عێراق سێ وڵاتی دیکەش لەو کێشانەدا پشکیان هەیە، واتە ئێران، تورکیا و ڕووسیا. لای ئێرانییەکان لاوازکردنی دەستی هەولێر لە پیشەسازیی نەوتدا بە مانای بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندیی عێراق و هێزە هاوپەیمانەکانی لەو وڵاتەدا دێت، جگە لەوەش ڕێگە لە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەگرێت کە ئەوەی دواییان خاڵێکە ئێران، تورکیا و عێراق لەسەری کۆکن.

لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا، ئەنقەرە لە چەقی کێشە نەوتییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەتلانتیک) "تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەکوو کارتێک بۆ هاوسەنگکردنەوەی لاوازیی خۆی لە بەغدا بەکارهێناوە"، هەر بۆیە سەیر نییە کە تورکیا وەبەرهێنەرێکی سەرەکی بووە لە کەرتی وزەی کوردستاندا و ڕێگەی گواستنەوەی نەوتی هەرێمیش بووە بۆ بازاڕەکانی جیهان.

بەدەر لەمەش ئەنقەرە دەیەوێت وڵاتەکەی وەکوو کەناڵێکی سەرەکیی گواستنەوەی نەوت و گاز بۆ بازاڕەکانی جیهان سەیر بکرێت، بۆیە ڕاپۆرتەکە پێیوایە تورکیا بە ئاسانی ڕازی نابێت بە داخستنی بۆڕیی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان ناوبانگی خۆی وەکوو کەناڵی گواستنەوەی سەرچاوەی وزە بۆ بازاڕەکانی جیهان لەکەدار بکات.

لە ساڵی 2014ەوە عێراق کەیسێکی لەدژی حکومەتی تورکیا جووڵاندووە و تێیدا ئەنقەرەی بەوە تۆمەتبار کردووە کە بەهۆی دروستکردنی بۆڕیی نەوتی نێوان کوردستان و بەندەری جەیهان، بۆڕییە کۆنەکەی بێ بەها کردووە. ڕاپۆرتەکەی (ئەتلانتیک) جەخت لەوە دەکاتەوە "ئەگەر تورکیا پێگەی یاسایی خۆی لەو دۆسیەیەدا یەکلایی نەکاتەوە، ئەستەمە بتوانێت کۆنترۆڵی نەوتی بەندەری جەیهان ڕادەستی کۆمپانیای بازاڕدۆزیی نەوتی عێراق بکاتەوە".

هۆیەکی دیکەی خۆیەکلانەکردنەوەی حکومەتی تورکیا بۆ چوار ملیار دۆلار قەرزی کۆمپانیا تورکییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. لە دانوستاندنی نێوان بەغدا و ئەنقەرەدا، حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە بەرپرسیارێتی دانەوەی ئەو قەرزانە هەڵگرێت. بۆیەش (ئەتلانتیک) پێیوایە کە "دەشێت تورکیا بەرژەوەندی لەوەدا بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە توانای پەیداکردنی داهاتی بۆ بگەڕێتەوە". بۆ ئەوەی قەرزەکان بداتەوە.

وەبەرهێنانی کۆمپانیای زەبەلاحی ڕوسنێفت بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی سیاسەتی نەوت و گاز لە عێراق بەستراوەتەوە بە دینامیکییەتی هێزەکان لە ناوچەکەدا. ڕوسنێفت چوار ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانیش توانای گواستنەوەی بۆڕیی نەوتی نێوان کوردستان و جەیهان بۆ 700 تاوەکو 950 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز دەکاتەوە و دەبێت بە پاشای بۆڕییەکە. ڕاپۆرتی ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە بە ئەستەمی دەزانێت "تورکیا و عێراق هەوڵی داخستنی بۆڕیی نەوتەکە بدەن".

***

عێراق لە دەیە و نیوی ڕابردوودا پێشکەوتنی بەرچاوی لە بواری نەوتدا بەدەستهێناوە، بەڵام ناکۆکییە سیاسی و یاساییەکان دەتوانێت نادڵنیایی لە کەرتی نەوتی عێراقدا دروستبکات و ئەو پێشکەوتنە بوەستێنێ.

ئەنجوومەنی ئەتلانتیک پێیوایە کۆمەڵێک هەنگاو دەتوانن باری سەرشانی پیشەسازیی نەوتی عێراق سووک بکەن، لەوانەش:

یەکەم: باشترکردنی مەرجە داراییەکانی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان و دڵنیاییدان بە کۆمپانیاکان کە هەقدەستی خۆیان لە کاتی خۆیدا وەردەگرن.

دووەم: لە بوارەکانی ئیدارەکردنی بەرهەمهێنان و داهاتی نەوتدا هەوڵی کەمکردنەوەی نیگەرانییەکان بدرێت و لە بواری هەناردەکردنیشدا ڕێککەوتنی درێژخایەن بکرێ، ئەمە بە تایبەتی بۆ گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕاستە.

سێیەم: پەرەپێدانی ژێرخانی پیشەسازیی نەوت، بە جۆرێک ئەو ژێرخانە لەگەڵ تموحەکانی عێراق لەبواری پیشەسازیی نەوتدا یەکبگرێتەوە.

چوارەم: دابەشکردن و خەرجکردنی داهاتی نەوت دەبێت بە جۆرێک بێت کە لەگەڵ پەرەپێدانی درێژخایەنی کەرتی نەوتدا بگونجێت.

### گازی سروشتی و بایەخی بۆ داهاتووی عێراق

لە کەرتی سەرچاوەکانی وزەی عێراقدا نەوت باڵادەستە و عێراق هیچکات ئاوڕێکی ئەوتۆی لە پیشەسازیی گازی سروشتی نەداوەتەوە. عێراق دەیەم گەورەترین یەدەکی گازی سروشتی هەیە لە جیهاندا، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەتلانتیک) یەدەکی گازی سروشتیی عێراق خۆی لە 112 تریلیۆن پێ سێجا دەدات، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بە 200 تریلیۆن پێ سێجا گازی یەدەک لە کوردستان دەکات. بەو حاڵەشەوە بەشی زۆری گازی سروشتیی عێراق بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە. بۆ نموونە لە ساڵی 2016 کۆی بەرهەمی ساڵانەی گازی سروشتیی عێراق تەنیا یەک ملیار مەتر سێجا بووە.

تورکیا دەیەوێ كوردستان ببێتەوە خاوەن داهات بۆ ئەوەی قەرزەكانی وەربگرێتەوە

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەنجوومەنی ئەتلانتیک) پەرەپێدان بە کەرتی گاز کۆمەڵێک قازانجی گەورەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دەبێت، لەوانەش گۆڕینی سەرچاوەی دابینکردنی وزەی وێستگەکانی کارەبا لە نەوتەوە بۆ گاز کە هەم لەڕووی ئابووری و هەم ژینگەییەوە سوودی گەورەی دەبێ.

گازی سروشتی یارمەتیی هەولێر و بەغدا دەدات پێویستییەکانی کارەبای هاووڵاتییان بەشێوەیەکی جێگیر دابین بکەن. ئەتلانتیک بەدووری دەزانێت ئێران بەو هەنگاوە دڵخۆش بێت، چونکە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی ئێران گاز و کارەبای پێدەفرۆشێ.

جیا لەمە سەرچاوەیەکی نوێی داراییش بۆ هەولێر و بەغدا دێتە ئاراوە، هەلی کاری نوێ بۆ هاووڵاتیانی عێراق پەیدا دەبێت و عێراق ڕۆڵ و پێگەیەکی نوێ لە بازاڕەکانی وزەدا بەدەست دەهێنێ.

سێ گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتیی عێراق بریتین لە ئەککاس لە پارێزگای ئەنبار، مەنسوورییە لە پارێزگای دیالە لەسەر سنووری ئێران و عێراق و کێڵگەی سیبا لە پارێزگای بەسرە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان گازی سروشتی لە کێڵگەی خورمەڵە لە پارێزگای هەولێر بەرهەمهێناوە، بەڵام کێڵگەی کۆرمۆر یەکەم کێڵگەی گازی سروشتیی پاک بووە کە لە هەرێمدا بەرهەمهێنرابێت. کێڵگەکانی میران و بنەباویش بەشێکی سەرەکین لەو پلانەی گواستنەوەی گازی کوردستان بۆ تورکیا.

### تەحەداکان و پێشنیازەکان:

پیشەسازیی گازی سروشتی بە پێچەوانەی نەوت ناتوانێت سەرنجی هەموو وەبەرهێنەرێک ڕابکێشێ، بۆیەش ئەتلانتیک پێیوایە هەولێر و بەغدا دەبێت سیاسەت و پلانێکی ورد بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتە دابڕێژن:

یەکەم: ئاسانکاری بۆ پەرەپێدانی پرۆژە گازییەکان، بۆ ئەوەی ئاسانتر وەبەرهێنەری ئەو کەرتە ڕابکێشن. قازانجی کەرتی گاز درەنگتر لە قازانجی کەرتی نەوت دەگەڕێتەوە، بۆیەش یەکێک لە ڕێگاکان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران ئەوەیە گرێبەستی درێژخایەنی فرۆشتنی گاز بکرێ، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی قازانجەکە نەگەڕاوەتەوە بە پارەی پێشوەخت درێژە بە پەرەپێدانی پرۆژەکان بدرێ.

دووەم: پێویستە سیاسەتی نرخدانانی گاز بەجۆرێک بێت کە پشتگیری لە کەرتی گاز بکات، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە پێویستە نرخی گاز بۆ ناوخۆ هەرزانتر بێت لەو گازەی کە هەناردە دەکرێ، ئەمەش قورساییەک لەسەر حکومەت دروست دەکات. پێویستە حکومەت سیاسەتێکی وردی نرخدانانی هەبێت بە جۆرێک قەرەبووی ئەو جیاوازی نرخەی بۆ بکات.

سێیەم: پێویستە نەک هەر ناوی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ وەزارەتی نەوت و گازی عێراق یان وەزارەتی وزەی عێراق بگۆڕدرێت، بەڵکو پێویستە ڕۆڵ و سیاسەت و یاسای جیاوازیش بۆ هەر کام لە بەشەکانی وەزارەتەکە هەبێت، بە جۆرێک هەرکامیان بتوانێت بەسەربەخۆ کاری خۆی بکات.

چوارەم: پێویستە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بە ژێرخانی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و ئەنبارکردنی گازی سروشتی بدەن. لەلایەکی دیکەشەوە ژێرخانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا نوێ بکەنەوە بۆ ئەوەی دابینکردنی گازی وێستگەکان لەڕادەبەدەر لەسەر هەردوو حکومەتەکە قورس نەکەوێ.

ڕاپۆرتەکەی (ئەتلانتیک) جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەو کاتە پڕ تەنگژەیەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، گازی سروشتی دەتوانێت دەرگای پەیوەندی و لێکنزیکبوونەوەیەکی نوێ لە نێوان هەردوو لادا بکاتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "لە کورتخایەندا گازی بەرهەمهاتووی کوردستان پێویستی بە بازاڕێکە، لۆژیکیترین بازاڕیش بۆ ئەو بەرهەمە دەکەوێتە باشووری هەرێمی کوردستان (واتە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان)"، لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقیش بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی دەستی داعش پێویستی بە گازی سروشتی و کارەبایە، بۆ ئەوەش دەبێت پشت بە دابینکارێکی جێی متمانە ببەستێت "بەتایبەتیش ئەگەر بیەوێت باڵادەستبوونی ئێران لەسەر خۆی کەم بکاتەوە".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت :"ئەمە دەکرێت دەرفەتێکی زۆر گرنگ بێت بۆ هاوکاریی هەردوو لایەن، هەڵبەت ئەگەر بەغدا و هەولێر بیانەوێت دەرفەتەکە بقۆزنەوە".


عێراق ئەنقەرەی بەوە تۆمەتبار کردووە کە بەهۆی دروستکردنی بۆڕیی نەوتی نێوان کوردستان و بەندەری جەیهان، بۆڕییە کۆنەکەی بێ بەها کردووە



## کاروان حەمید شیوەن بۆ کەرکووک دەکات

**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی کورد کاروان حەمید حەلاق، نوێترین بەرهەمی هونەری، ڤیدیۆکلیپێکی میوزیکیە کە لە رێگەی چەند ژەنیارێکی بیانی بەناوی شیوەن بڵاوکردەوە .رکاروان حەمید حەلاق بە (رووداو)ی راگەیاند"ئەم پارچە میوزیکە ناوی شیوەنە، لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی بیانی ئەنجامانداوە، لەسەر داوای من هەموو گرووپی میوزیکەکە بە جلوبەرگی کوردییەوە کلیپەکەمان تۆمار کرد" . لەبارەی ناوەڕۆک و پەیامی کلیپەکە کاروان دەڵێت "ئەم پارچە میوزیکە زادەی کارەساتەکانی کەرکووکە، منیش وەک گەنجێکی کەرکووکی بە پێویستمزانی لە رێی میوزیکەوە شیوەن بۆ کەرکوک بکەم، چونکە کارەساتەکانی کەرکووک هەمووانی تاساندبوو" .

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# پارەی کۆنسێرتەکانمان بۆ پەکەکە بوو



خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە رادیۆی رووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هێڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە. بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی رووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە. گوڵستان لە بەشی شەشەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا، باسی تۆمارکردنی یەکەم کاسێتی خۆی و کۆما نیشتیمان دەکات.

**هەڤپەیڤین: هێڤیدار زانا**

**بەشی شەشەم**

**رووداو: شڤان داوات لێدەکات بچیتە سەر ستەیج و گۆرانی بڵێی، تۆش قاچەکانت دەلەرزین، ئەو شەوە چۆن تێپەڕی؟**

**گوڵستان:** دونیا لەبەر چاوم تاریک بوو، گێژ بووم، بەڵام ناچارم بچمە سەر ستەیج، ئامادەبووانی هۆڵەکە چەپڵەم بۆ لێدەدەن. یەکەمجارمە بەبەرچاوی حەشاماتێک لە خەڵکەوە گۆرانی دەڵێم. بەڵام هەر کە چوومە سەر ستەیج دەستم بە پڕوپاگەندەی کوردایەتی کرد. لە ناکاو شڤان گوتی: "لێ دۆتمام لێ دۆتمام لێ دۆتمامێ.. روویامە رەشە". منیش گوتم رووی ئێمە رەش نییە، ئێمەی دۆتمان دەستمان لەنێو دەستی پسماماندایە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئیدی گەرم بووم.

**رووداو: چ گۆرانییەکت گوت؟**

**گوڵستان:** یەکەمجار گۆرانیی "کوردستانێ کوردستان"م گوت. دواتر گۆرانیی وڵات چ قاس رەند و خوەشە... دواتر شوان هاتە سەر ستەیج و بەیەکەوە گۆرانیی "وڵات چ قاس رەند و خوەشە"مان دووبارە کردەوە. هەر لەوێش بە خەڵکمان راگەیاند کە دوای دوو هەفتەی دیکە زەماوەندی هاوسەرگیری دەکەین و ئێوەش مێوانی ئێمەن.

**رووداو: دوای ئەو ئاهەنگە یەکەمین کاسێتی گۆرانیت تۆمار کرد، ئەمە چۆن بوو، جگە لە شڤان کێی دیکە هاوکاری کردی؟**

**گوڵستان:** لە شاری بوخۆم ئامادەکاریمان بۆ تۆمارکردنی کاسێتەکە کرد، نایف و رۆستەم و حوزنی حاجۆ، برای جوان حاجۆی گۆرانیبێژن. ئەوان هاوکارییان کردم. نایف و رۆستەم قوتابیی زانکۆ بوون. ساڵۆنی زانکۆی بوخۆمیان پێداین بۆ ئەوەی کاری میوزیکی تێدا بکەین. نایف و حوزنی هاوسۆزی پەکەکە بوون، بەڵام رۆستەم پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو. هەروەها فاروق ئەسلان و زۆر کەسی دیکە. ئەوانە هەموویان میوزیکژەن بوون. شڤان هەموو ئەندامانی گرووپەکەی دەناسی. هەروەها زۆرزان هەبوو لە کۆما بەرخودان.

هاوژینەکەی ئیسماعیل، هاتە نێو گرووپەکە. ئیدی گرووپێکمان دروستکرد بەناوی کۆما نیشتیمان. جوان حاجۆ هاتە نێو گرووپەکەمان، بەڵام ئیدارەی نەکرد و دەرچوو لە گرووپ و گوتی گرووپەکەتان وەکو دیندارانە پیاو ناتوانێ بیرەیەکیش بخواتەوە. ئێمە خواردنەوەمان لە گرووپەکە قەدەغە کردبوو. کەس بۆی نەبوو بچێتە دیسکۆ. دواتر سەیدخان و غەمگین بیرهات، هاتن. گرووپەکەمان تیپی هەڵپەرکێشی هەبوو بۆ ئاهەنگەکان. پاشان هاتینە کۆڵن و لەوێ ستۆدیۆیەکمان بە کرێ گرت و یەکەم کاسێتی منیان تۆمار کرد. 12 گۆرانیمان لەماوەی کاژێر و نیوێکدا تۆمار کرد.

**رووداو: پێش تۆمارکردنی بەرهەمەکە، پرۆڤەتان کرد؟**

**گوڵستان:** بەڵێ سێ مانگ پرۆڤەمان کرد.

رووداو: گۆرانییەکان چۆن بوون؟ فۆلکلۆر بوون، ئەڤینداری بوون، سیاسی بوون؟

گوڵستان: سەرجەمیان سیاسی بوون. سێ یان چوار گۆرانی هی شڤان بوون.

**رووداو: یەکەم کاسێتت بەناوی چی بڵاوکردەوە؟**

> دوای بڵاوبوونەوەی کاسێتەکەم ماڵباتەکەم گوتیان لە سێدارەش بدرێ پەیوەندیمان پێوەی نییە

**گوڵستان:** بەناوی گوڵستان — کۆما نیشتیمان، بڵاوکرایەوە.

**رووداو: ئێستا کە گوێ لەو کاسێتە دەگریتەوە هەستت چۆنە؟**

**گوڵستان:** وەڵڵا وا دەزانم لە شەرم. زۆر گوێمان لەلایەنی هونەری نەدەگرت، ئێمە زیاتر مەبەستمان گەیاندنی پەیام بوو.

**رووداو: بەرهەمەکەت دەنگدانەوەی چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** کاسێتی یەکەمم وەکو بۆمبێک دەنگی دایەوە. نیمچە غرورێکی بۆ دروستکردم، ئاه من بوومەتە هونەرمەند! پشتی تورک و عەرەب و فارسمان بە زەویدا! کوردی رۆژهەڵات دەهاتن دەیانگوت خەڵک بەهۆی میوزیکی ئێوە شەڕی پاسداران دەکات. باشوور دەهاتن دەیانگوت پێشمەرگەی مەلا مستەفا بە میوزیکی ئێوە چالاکی دەکەن. بۆ ئێمە شتێکی زۆر گەورە بوو کە دەیانگوت پێشمەرگە بە دەنگی ئێمە شەڕ دەکەن، چالاکی دەکەن.

**رووداو: کاسێتەکەتان گەیشتە کوردستان، لە زۆر شوێن بڵاوبووەوە؟**

**گوڵستان:** باوەڕ ناکەم کەس هەبێ کاسێتی شڤان و گوڵستانی نەبووبێ. لە هەموو کوردستان بڵاوبووەوە. لە هەر جوگرافیایەک کوردی لێدەژین، دەنگی ئێمە بڵاوبووەوە.

**رووداو: کاسێتەکەتان دەفرۆشت؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، چونکە پێویستمان بە پارە بوو بۆ ئەوەی بەرهەمی دیکەی پێ تۆمار بکەین، بەڵام خەڵک لە ئەوروپا سیدییەکەیان دەکڕی و لە کوردستان کۆپییان دەکرد. بە ملیۆنیان لێ کۆپی دەکرد، ئێمە کەیفمان پێدەهات، بەس بڵاوببێتەوە و پەیامی ئێمە بگات.

**رووداو: دوای کاسێتی یەکەم؟**

**گوڵستان:** ئیدی دەستم بە خەباتی میوزیک کرد، یەک رۆژ لە ماڵ نەبووم، ئۆتۆمبێلێکمان هەبوو، مینی باسێک بوو، هی کارکەرێک بوو وا بزانم بە هەزار مارک کڕیبوویان، تەنیا تەگەری هەبوون، ئێرکۆندێشنەکەی کاری نەدەکرد. گرووپەکە بەو مینی باسە بە 10 سەعات لە کوێلنەوە دەچووین بۆ بەرلین. نەدەچووینە هوتێل لە ماڵی هەڤاڵ و کارکەران دەماینەوە، زەڵاتە و شۆرباوێکمان دروست دەکرد و دەمانخوارد. پارەمان نەبوو بچینە رێستورانت.

**رووداو: کاتێک ماڵباتەکەت زانییانەوە تۆ کاسێتت تۆمار کردووە، هەڵوێستیان چی بوو؟**

**گوڵستان:** خەڵک بردبوویان، گوتبوویان ئەوە کاسێتی گوڵستان و شڤانە. ئەوان زۆر ترسابوون، گوتبوویان تازە گوڵستان تەواو، بکوژرێ، لە سێدارە بدرێ، پەیوەندیمان پێوەی نییە.

**رووداو: پێش بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە پەیوەندیت لەگەڵ کەسوکارت مابوو؟**

**گوڵستان:** نەخێر. کە خەڵک لە ئەڵمانیاوە دەچوونەوە کوردستان، پێمدەگوتن بڕۆن سەر لە دایکم بدەن و بڵێن رەوشی باشە و کوڕێکی بووە.

**رووداو: خەڵک چۆن دەهاتن بۆ ئاهەنگەکانتان، کەسێک هەبوو ئاگاداریان بکاتەوە.**

**گوڵستان:** خەڵک بۆ خۆی دەهات. بۆ نموونە لە بەرلین تەلەفۆنت دەکرد دەتگوت ئەمشەو ئاهەنگمان هەیە. لە هامبۆرگ لە برێمن، لە شارە گەورەکان، کورد وەکو مێروو دەهاتن بۆ کۆنسێرتەکانمان. ئەمەش وای کردبوو کە گرووپەکانی وەکو دەدەکادە پێیان ناخۆشبێ، چونکە ئێمە بووینە پلە یەک

> کاسێتی یەکەمم وەکو بۆمبێک دەنگی دایەوە
>
> •
>
> لە بەرلین پارەم نەبوو جلی زستانەی پێ بکڕم

لە ئەوروپا. پێش ساڵی هەشتا، ئەوانەی دەهاتنە کۆنسێرتەکان زۆرتر ئەوانە بوون کە بۆ کارکردن روویان لە ئەڵمانیا کردبوو، دوای هەشتاکان ئیدی سیاسییەکان هاتن.

**رووداو: خەڵک ئەوکات چییان پێدەگوتن؟**

**گوڵستان:** ئووو! دەهاتنە لامان دەگریان، وێنەیان لەگەڵ دەگرتین. دەیانگوت نازانین ئێمە چۆن خزمەتتان بکەین، وەرن بچین بۆ ماڵی ئێمە.

**رووداو: ئەی ژیانی تایبەتیتان چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** هیچ نەبوو، هەر عەیب بوو باسی بکەین. ئێمە گەنج بووین، نەخۆشیش دەبووین گوێمان پێنەدەدا، گوێمان بە جلوبەرگ نەدەدا. بە بیرم دێت زستان بوو، چووم بۆ بەرلین، جلی هاوینەم لەبەر بوو، پارەم نەبوو جلی پێ بکڕم. کارکەر چوون جلی زستانیان بۆ کڕیم.

**رووداو: ئەو پارەیەی کۆنسێرتەکانتان دەکرد دەتاندایە کێ؟**

**گوڵستان:** هەڤاڵانی پەکەکە دەیانبرد. دەیاندایە کرێی سازییەکان. ئەو شوێنەی رۆژنامەی سەرخۆبوونی لێدەردەچوو بەپارەی ئێمە بە کرێ گیرابوو. ئۆتۆمبێلێکمان کڕی بۆ گرووپ. خەرجیی گرووپمان پێ دابین دەکرد.

## خانمە گۆرانیبێژی کورد، گولسیڤەن مەدار بۆ (رووداو):

# من مەقامبێژی میوزیکی کلاسیکم

**ئیمرا ئاکبوڵاک**
**رووداو- ئیستەنبوڵ**

لە تەمەنێکی بچووکەوە ئاشنای میوزیک بووە، بەهۆی هاندانی بەردەوامی باپیرەی لە کاتی کۆبوونەوەی خانەوادەکەیان، ئەو بوێرییەی لە گۆرانیگوتندا لە باپیرییەوە وەرگرتووە. سەرەتا بەشێوەیەکی ناپرۆفیشناڵ لە قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەدا دەستی بە گوتنی گۆرانی کردووە. پاشان دەستی بەخوێندنی هونەرە جوانەکان و خوێندنی ئەکادیمیانە و پرۆفیشناڵ کردووە. لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا، لە ئاهەنگگێڕان و ماتەمەکاندا، وەرگێڕی هەست و سۆزەکان بووە لە رێگەی هونەرەکەیەوە. گولسیڤەن مەدار لە هەڤپەیڤینێکدا وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) دەداتەوە.

**رووداو: بە چەند زمان گۆرانی دەڵێیت؟**

**گولسیڤەن:** من مەقامبێژی میوزیکی کلاسیکم. چەندین ئەلبووم و گۆرانیم لەسەر شانۆیەکاندا پێشکەش کردووە، بێگومان بەدیالێکتە جیاوازەکانی کوردی گۆرانیم گوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەزمانەکانی تورکی، ئەرمەنی، عەرەبی و عیبری مەقامم چڕیوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەزمانی دایک واتە بەزمانی کوردی بەرهەمەکانم تۆمار کردووە و پێشکەشی هەوادارانم کردووە و بەردەوامیش دەبم لەسەر ئەم کارە.

> دەکرێت کورد ببێتە خاوەنی ریتم و ستایلی میوزیکی تایبەت بە خۆی

**رووداو: کورد لە رووی میلۆدییەوە زۆر دەوڵەمەندە، چ بکرێت بۆ ئەوەی ئەو گەنجینەیە لەناو نەچێت؟**

**گولسیڤەن:** هەر ناوچەیەک میلۆدی تایبەت و ریتمی میوزیکی تایبەت بەخۆی هەیە. جگە لەمەش دیالێکت و شێوەزارەکانیش یەکێکە لە بەها زۆر گرنگەکان و بەرهەمە هونەرییەکانیشیان زیاتر دەوڵەمەند و هەمەچەشن کردووە، هەر بەهۆی ئەو فرە چەشنەییەوە، هەر ناوچەیەک بەرهەم و ستایلی میوزیکی تایبەت بەخۆی بنیاتناوە. مەقامی ناوچەی کۆچگری کە دواتر لەلایەن عەلەوییەکانەوە دەوڵەمەند کراوە، بەمیلۆدی و ستایلی تایبەت بەخۆیان ناسراون کە بەهۆیەوە میتۆلۆژی و رووداوە مێژووییەکانیان دەکەنە باسی مەقامەکە. گرنگە کوردیش داستانەکانی خۆی لە رێگەی ریتمێکی میوزیکی تایبەتی خۆیەوە، بڵاوبکەنەوە.

> بە پێنج زمان گۆرانی دەڵێم
>
> •
>
> ریتم و میوزیکی کوردی زۆر دەوڵەمەندە
>
> •



**رووداو: جگە لە میوزیک لە بوارەکانی دیکەی هونەر کار دەکەی؟**

**گولسیڤەن:** لە ساڵی 2012 لە شانۆی سێیتەر راست و لە شانۆی خەڵک لە ئامەد، بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ شانۆکارە بیانییەکان لە شانۆگەریی "هاملێت بەکوردی" رۆڵی ئۆلیڤیام گێڕا، ئەو رۆڵەی کە بینیم، شیعرەکانی شێخمووس سەفەر و میوزیکی مەقامەکان تایبەت بوون بەخۆم. هەروەها میوزیکەکانی تایبەت بە نواندنەکانی رۆژدا و عەلی تەکباش، خۆم دامرشت و مەقامەکانیش بەپێی ریتمی میوزیکی ناوچەکەی خۆم هەڵمبژارد و بەمەش تەواوی شانۆگەرییەکە بە ریتمێکی تایبەتی میوزیکی کوردییەوە رەنگدانەوەیەکی ناوازەی هەبوو. لە کۆی پێنج بەرهەمی میوزیکی کوردی، سێ بەرهەمی میوزیکی تایبەت بەناوچەی کۆچگری تێدا بوو.

**رووداو: چۆن دەڕوانیتە تێکەڵکێشکردنی میوزیکی کوردی و جیهانی؟**

**گولسیڤەن:** جیاوازبوونی ریتمی میوزیکی کوردی لە میوزیکی کلاسیک و جیهانی، تایبەتمەندییەک دەبەخشێت و جیاوازی لە رووی ئامێرەکانیشەوە دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ریتمە نوێیە لە میوزیکی کوردیدا بەدی دەکرێت. گرنگ ئەوەیە لە مەقامەکاندا نەریتە کۆنەکە پارێزراو بێت بۆ درێژەدان بەشێوازە کولتوورییەکەی. بەمەش لە داهاتوودا بەتایبەتی لە میوزیکی هاوچەرخدا دەکرێت کورد ببێتە خاوەن ریتم و ستایلی تایبەتی خۆی، یەکێک لە هیوا و ئاواتەکانم ئەوەیە، لە بازنەی نەریتە کلاسیکییەکە دەرنەچم و لەهەمانکاتیشدا تێکەڵاوی لاساییکردنەوەی کولتووری دیکەش نەبم، بۆ ئەوەی بتوانم لەم نێوەندەدا میلۆدییەکی خۆماڵیی سادە دەربهێنم و رایەڵێکی وابەستەی جیهانی دروست بکەم بەناوی کورد. ئەگەر ئەمەم پێ بکرێت وەک کودەتایەکی هاوچەرخ دەبێت لە مێژووی بواری میوزیکدا.



### گولسیڤەن مەدار کێیە؟

گولسیڤەن مەدار، لە ساڵی 1981 لە شارۆچکەی زارا سەر بە پارێزگای سێواس لە باکووری کوردستان لەدایکبووە. یەکەم گۆرانی سۆڵۆی لە قۆناغی سەرەتایی چڕی. لەسەر میوزیکی ناوچەی زارا و کولتووری مەقامی ئەو ناوچەیە راهێنانی زۆری کردووە، هەروەها شارەزاییەکی زۆری لە مەقام و گۆرانی و سترانەکانی ناوچە جیاوازەکاندا هەیە. لە ساڵی 2000 لە بەشی دەنگ و مەقامەکان لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی سەر بە زانکۆی تەکنیکی لە ئیستانبوڵ دەستی بەخوێندن کرد. ئێستا مامۆستای زانکۆیە و وانەی مەقام دەڵێتەوە و راهێنان لەسەر شێوازی چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی هەناسە وەرگرتن و هەناسەدان دەکات. ماوەیەک لە زانکۆی هالیچ مامۆستای هونەرە جوانەکان بووە. لە ساڵی 2005 لە پێشبرکێی مەقامبێژی لە کەناڵ دی لەسەر ئاستی تورکیا سێیەم بووە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (489) - دووشەممە 2018/1/15

## ترەمپ کۆچبەران توورە دەکات



**ڕووداو – هەولێر**

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە وتارێکدا لەسەر کۆچبەران گوتبووی "ئەگەر ئەمریکا کۆچبەر وەربگرێت، ئەوا حەزدەکات نەرویجی وەربگرێت، نەک خەڵک هایتی و وڵاتانی پیسی ئەفریقا". دژی قسەکانی ترەمپ، کۆچبەرانی چەند وڵاتێک خۆپیشاندانیان کرد داوایان کرد سەرۆکی ئەمریکا لە قسەکانی پەشیمانبێتەوە، کۆچبەرانی وڵاتی هایتی دەڵێن ئەوان یەکەم شوێن بوون دژی کۆیلایەتی وەستاونەتەوە و چۆن دەبێت سەرۆکی ئەمریکا سووکایەتییان پێبکات. ڕوپەرت کولڤیل، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەڵێت: "گوتەکانی دۆناڵد ترەمپ دژی دانیشتووانی چەند وڵاتێک تەنیا ڕەگەزپەرستییە و پێشوازی لێناکەن، کەس ناتوانێت خەڵکی وڵاتێک ڕەتبکاتەوە لەبەرئەوەی سپیپێست نین".

### شەقامێکیان داگیر کردووە

# باندە کوردەکانی نۆتینگهام هەڕەشە لە پۆلیسی بەریتانی دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

باندێکی قاچاخچێتی کە هەموویان کوردن، بە پۆلیسی شاری نۆتینگهامیان گوتووە لە شەقامەکەی ئەوان نزیک نەبنەوە کە بە "شەقامی کوردی" ناوی دەرکردووە و ناوەندێکی سەرەکیی کاری قاچاخێتییە لەو شارەدا. قاچاخچییەکان ئامادەییان دەربڕیوە بۆ ئەوەی بەرتیلێکی زۆر بە پۆلیس بدەن، بەو مەرجەی مەلەفەکەیان دابخات.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی، پۆلیس و ئەنجوومەنی شاری نۆتینگهام هەڕەشە و بەرتیلی باندە کوردییەکەیان ڕەتکردووەتەوە و هەڵیانکوتاوەتە سەر مینی مارکێتی گرووپەکە کە دەکەوێتە شەقامی هایسن گرین. زانیارییەکانی پۆلیس بۆ دادگای شاهانەی شارەکە دەریدەخات لە کاتی هێرشەکەدا دەستیان بەسەر جگەرەی نایاسابیدا گرتووە کە بەهاکەی خۆی لە 34 هەزار پاوەند دەدات.

لە کونێکی مینی مارکێتەکەدا کە ناوی دێلیکاتیسە، کۆچبەرێکی نایاساییش دۆزراوەتەوە کە بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیس وەکوو کۆیلە لەلایەن باندەکەوە لەو شوێنە دەستبەسەر کرابوو، کاری سەرەکیی ئەو کەسە ئەوە بووە جگەرە نایاساییەکان لە ژێرزەمینەوە ڕادەستی سەرەوە بکات.

بە گوێرەی بەدواداچوونی پۆلیسی شارەکە، داهاتی ئەو جگەرە نایاساییە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی کاری قاچاخی مادەی هۆشبەر و مرۆڤ بەکارهێنراوە. لێکۆڵینەوەکە ئاشکراشی دەکات "برنسمانێکی کورد ئامادەیی دەربڕیوە مانگانە 5000 پاوەند بە پۆلیس بدات، بەو مەرجەی لێکۆڵینەوە لە جگەرە قاچاخەکان ڕاگرن".

لێکۆڵینەوە بەراییەکانی پۆلیس وای دەردەخەن هەموو دووکانەکانی ئەو جادەیە لەژێر کۆنترۆڵی باندە کوردییەکەدا بن،



پۆلیس لە 12 دووکانی "شەقامی کوردی" جگەرەی نایاسایی دۆزیوەتەوە

خەڵکی ناوچەکەش پێیانوایە باندەکە لە پشت بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوەیە.

مینی مارکێتەکە بەڕواڵەت خواردن و ترشیاتی ناو قوتووی دەفرۆشت، بەڵام پۆلیسی شارەکە پێیوایە ئەمانە هەمووی بۆ هەڵخەڵەتاندنی پۆلیس بوون، چونکە لەناو مینی مارکێتەکەدا شوێنی شاردنەوەی جگەرەی نایاسایی هەبوون، دوای هەڵمەتەکەی پۆلیسیش کۆمەڵێک شوێنی نوێیان دروستکردبوو. یەکێک لە شوێنە نهێنییەکان بەهۆی پلاکێکی کارەبایی کۆنترۆڵ دەکرا، هەندێک لە جگەرەکانیش لەناو قوتووی شەربەتی میوەدا شاردرابوونەوە.

نۆتینگهام دەکەوێتە نێوەڕاستی ئینگلاند، بە شاری ڕۆبن هوود ناسراوە کە لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا بە شارەزای تیروکەوان و شمشێر ناسراوە. بەگوێرەی گێڕانەوەکان پارەی لە دەوڵەمەندەکان دەدزی و بۆ هەژارانی دەبرد. شاری نۆتینگهام یەکێکە لەو شارانەی بەریتانیا کە بە پیشەسازیی تووتن و جگەرە بەناوبانگە.

دادگای شاهانەی نۆتینگهام بڕیاری داوە بۆ ماوەی سێ مانگ مینی مارکێتەکە دابخات. لە بەشێک لە بڕیاری دادگای شاهانەی نۆتینگهامدا هاتووە "لەم وڵاتەدا هیچ شوێنێک نییە کە سەردانیکردنی بۆ پۆلیس قەدەغە بێت، ڕێگەش نادرێت هیچ شەقام یان دووکانێک هەبێت کە تێیدا تاوانکاران بە پارێزبەندیی یاساییەوە کاسبی بکەن. شتێکیش بەناوی شەقامی کوردی لەئارادا نییە".

یەکێک لە تاوانەکانی ئەو باندە کوردییە ئەوە بووە کە کۆچبەرێکی نایاساییان بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە. پۆڵ وێدن، بەڕێوەبەری بەشی پێوەری کاری بازرگانی سەبارەت بەو کۆچبەرە بە پەیامنێرانی ڕاگەیاند "ژێرزەمینە نهێنییەکە پڕ کرابوو لە جگەرە، ئەو کۆچبەرە لەوێ دانرابوو، بۆ ئەوەی لەوێوە جگەرەکان بداتە دەست خەڵکی سەرەوە". کۆچبەرەکە دەبووایە ڕۆژانە هەشت کاژێر لە ژێرزەمینە نهێنییە بمێنێتەوە، وێدنیش پێیوایە "ئەو ژێرزەمینە گرتووخانە بووە. کۆچبەرەکە هەقی دەرچوونی نەبووە لە ژێرزەمینەکە، هیچ ڕێگەیەکی دەرچوونیش نەبووە کە لە کاتی تەنگانەدا بۆ ڕاکردن بەکاری بهێنێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس لە مانگی نیسانی 2016ەوە تاوەکو تشرینی یەکەمی پارساڵ لە 15 دووکان و فرۆشگادا دەست بەسەر جگەرەی نایاساییدا گیراوە کە 12 دووکانیان لە گەڕەکی هایسن گرین بوونە. دەزگا ئەمنییەکانی شارەکە جەخت لەوەش دەکەنەوە کە قاچاخ و فرۆشتنی ئەو جگەرانە پەیوەندییان بە تۆڕێکی گەورەی قاچاخەوە هەیە.

دیدار سینگ، تەمەن 61 ساڵ، خاوەنی ئەو دووکانەیە کە ئێستا داخراوە. دیدار بە ماڵپەڕی (نۆتینگهام پۆست)ی ڕاگەیاندووە کە ئەو ئاگای لەوە نەبووە لەناو دووکانەکەدا چی دەگوزەرێت. دیدار لە دانیشتنی دادگای نۆتینگهامیشدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە "تاکە شتێک بۆ من گرنگە ئەوەیە ئەم دووکانە بژێوی منە و دوای بڕیارەکەی دادگا من لەو کرێیە بێبەش دەبم".

دووکانەکە لە مانگی تشرینی یەکەمی پارساڵەوە لەلایەن ئەمین ئیسماعیل بەکرێ گیرابوو. ئەمین بە دادگای گوتووە "سوێند بە قورئان دەخۆم کە ڕووداوەکانی پێشتری ئەو دووکانە هیچ پەیوەندییەکیان بە منەوە نییە، دوایین جار کە پۆلیس هاتە دووکانەکە و هەندێک جگەرەی لە کارتۆنی شەربەتەکاندا دۆزییەوە، ڕاستە ئەوانە هی من بوون، بەڵام بەڵێن دەدەم ئەمە هیچکات دووبارە نابێتەوە".

> باندە کوردەکە بۆ ئەوەی وازیان لێبێنین گوتیان ئامادەن مانگانە 5000 پاوەند بدەن
>
> پۆلیسی شاری نۆتینگهام



### کڕیارەکانی زۆرتر قوتابین

# کوردێک خواردنی هەرزان دەداتە کاتالۆنییەکان

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو – بارسێلۆنا**

لە نێوەڕاستی بازاڕی شاری بارسێلۆنا کە دەکەوێتە نزیک شەقامی ڕامبلای بەناوبانگ، ڕێستورانتێکی کوردی هەیە کە عەزیز میرزۆ، گەنجێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەی دەبات. عەزیز 16 ساڵە لە قامیشلۆوە ڕووی لە هەرێمی کاتالۆنیا کردووە. بەیانیان زوو ڕێستورانتەکەی دەکاتەوە و تاوەکو کاژێر 12ی شەو خواردنی کوردی و ساندویچی جۆراوجۆر پێشکەشی میوانان دەکات.

نێوەڕاستی مانگی ئەیلولی ڕابردوو لە بارسێلۆنا بووم، شارێکی زۆر سەرنجڕاکێش کە کەشوهەواکەی لە چاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا گەرمە، ئەوکات خۆر کەمێک درەنگ ئاوا دەبوو، کاژێر 9ی شەو بە کاتی کوردستان، ئاسمانی بارسێلۆنا هێشتا ڕووناک بوو.

زۆر خێزانی کورد لە بارسێلۆنا هەن ئەگەرچی ئامارێکی دروست لەبارەیانەوە نییە. لەو باوەڕەدا بووم کورد لەو شارە هەر نەبن، چونکە کۆچبەرانی کورد هەمیشە ڕوویان لە وڵاتانی باکووری ئەورووپایە، بەڵام ئەو ژمارە کەمە کوردەی لە ئیسپانیا هەن، بە تایبەتی لە بارسێلۆنای پایتەختی هەرێمی کاتالۆنیا، کوردیان وەکو گەلێکی ئاشنا لای کاتالۆنییەکان ناساندووە. لەوێ سەردانی خێزانێکی کاتالۆنیمان کرد، کاتێک زانییان کوردین، بە زمانی کوردی بەخێرهاتنیان کردین.

گەنجانی کورد لە بازاڕەکانی ئەو شارەدا کاردەکەن و دووکان و مارکێت و ریستورانت و سەرتاشخانەیان هەیە.

عەزیز میرزۆ بە دەم ئامادەکردنی ساندویچەوە بۆ موشتەرییەکانی، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە خواردنی سووک دروستدەکەین، چونکە ئێرە شوێنی کرێکارانە زیاتر، هەروەها ڕێستورانتەکەمان دەکەوێتە نێوان دوو قوتابخانە کە ڕۆژانە قوتابییەکان لێرەوە هاتوچۆ دەکەن، زۆربەیان دێنە ئێرە ساندویچ دەکڕن و دەیخەنە نێو جانتاکانیان، یاخود بەدەم ڕێگەوە دەیخۆن، ئەمەش بازاڕی ئێمەی گەرم کردووە".

عەزیز لەبارەی داهاتی ڕۆژانەی کافتریاکەی دەڵێت کە ڕۆژانە لانیکەم 400 – 800 یۆرۆ داهاتی ڕێستورانتەکەیەتی، ئەو دەڵێت "داهاتێکی باشم هەیە، مانگانە دوای کرێ و باج، هێشتا نیوە زیاتری داهاتەکەم بۆ دەمێنێتەوە".

عەزیز کە لەگەڵ غەنی میرزۆی مامی ئەو ریستورانتەیان داناوە، شوێنێکیان لە سەنتەری شاری بارسێلۆنا گرتووە و ناویان لە ڕێستورانتەکەیان ناوە نارین.

ڕێستورانتەکە لەفەی گەسی گۆشتی ئاژەڵ و مریشک و فەلافل و چەندین جۆر زەڵاتەی هەیە. جگە لە لەفە، بەردەوام ساوار و کەشک و فاسۆلیای سپی و مریشک و باینجانیش ئامادە دەکەن.

عەزیز دەڵێ: "شەوان قوتابی و کرێکار نامێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سینەمایەک لە نزیک ئێمە هەیە، خەڵک کاتێک بۆ سینەما دەچن، لێرە لەفە و هەندێک زەڵاتە دەکڕن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن، هەروەها کاتێکیش تەواو دەبن، هەر دێنەوە ئێرە، بۆیە تاوەکو کاژێر 12ی شەو بازاڕمان بەردەوامە".

نرخی خواردنی ڕێستورانتەکەی ئەوان لە تەواوی بازاڕی بارسێلۆنا هەرزانترە، بۆیە کڕیارێکی زۆری هەیە، یەکێک لە کڕیارەکانی بەناوی ئەنتۆنیۆ دەڵێ: "لە شوێنی زۆر دوورەوە بۆ خواردن دێینە ئێرە، چونکە تامی خواردنەکانی خۆشە و هەروەها لە چاو بازاڕ هەرزانە، من زۆر حەزم لە فەلافلە".

هەرێمی کاتالۆنیا لە چوار شار پێکهاتووە و بارسێلۆنا پایتەختەکەیەتی، نزیکەی 100 ساڵە خراوەتە سەر شانشینی ئیسپانیا، خەڵکەکەی و بەشێک لە پارتەکانی بەردەوام هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە.

کاتالۆنیا لە 2017/10/1 گشتپرسیی کرد، نزیکەی 90 %ی دەنگەکان بەڵێ بوون بۆ جیابوونەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا گشتپرسییەکەیان بە نایاسایی لەقەڵەمدا. ئەگەرچی سەربەخۆییشیان ڕاگەیاند، بەڵام ئیسپانیا بە پشتبەستن بە ماددەی 155ی دەستووری وڵاتەکەیان بڕیارەکەیانی هەڵوەشاندەوە.

عەزیز دەڵێت بەهۆی گشتپرسی و بانگەشەکانی گشتپرسیی کاتالۆنیا، خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی شارەکان و لە وڵاتانی دیکەشەوە دەهاتنە بارسێلۆنا، ئەوکاتە شار قەرەباڵغ دەبوو، بازاڕی ئێمەش زۆر باش بوو.

کەشوهەوای هەرێمی کاتالۆنیا، وایکردووە بازاڕی زۆربەی شارەکانی تاوەکو کاژێر 12ی شەو کراوە بن، ئەمەش بەخێر بۆ عەزیز و هاوپیشەکانی شکاوەتەوە، بەتایبەتی لە کۆتایی وەرزی بەهار تاوەکو ناوەڕاستی وەرزی پایز. لە مانگی ئاب و ئەیلولدا کە زۆرتر بە مانگی پشوودان ناسراوە، لە سەرانسەری جیهان و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاوە خەڵکی بۆ گەشت ڕوو لە هەرێمی کاتالۆنیا دەکەن، چونکە کەشوهەواکەی فێنکە، هەروەها بەشێکی زۆری خەڵکیش بۆ جەژنی کریسمس لە سەرەتای ساڵی نوێ لەوێ دەمێننەوە، بۆیە ڕێستورانت و کافێکانی تاوەکو درەنگانی شەو کراوەن.



ڕێستورانتەکەی عەزیز تاوەکو کاژێر 12ی شەو کراوەیە

> فەلافلەکەی عەزیز زۆر خۆشە
>
> کاتالانێک

> 400 – 600 یۆرۆ داهاتی ڕۆژانەمانە
>
> خاوەنی ڕێستورانی نارین

"بێوەژنە رەشەکان"ی داعش

# ژنانی چیچانی لە عێراق بەدوای کچەکانیاندا دەگەڕێن



کچ و نەوەکەی پێتیمات سەلامۆڤا



زۆربەی دایکە چیچانییەکان دەڵێن کچەکانیان لەلایەن هاوژینەکانیانەوە هەڵخەڵەتێندراون و براونەتە نێو داعش

**دایکە چیچانییەکان کۆمەڵەیەکی 600 کەسییان دروستکردووە بۆ سۆراخکردنی کچەکانیان**

خالید حوسێن
رووداو- مۆسکۆ

هەزاران کیلۆمەتر دوور لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سووریا، دەیان خێزانی چیچانی بەدەست ئاسەوارەکانی ئاگری ئەو شەڕەوە دەناڵێنن کە داعش هەڵیگیرساند. پەیامنێری (رووداو) لە رووسیا لەگەڵ سێ دایکی چیچانی قسەی کردووە کە کچەکانیان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا روویان لە سووریا کردووە و هەموویان باس لەوە دەکەن کە لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵەوە هیچ هەواڵێکی منداڵ و نەوەکانیان نازانن.

## بۆ پشوودان رۆیشتن و نەگەڕانەوە

سەرەتای 2015 لووتکەی باڵادەستیی داعش بوو، ئەوکات دەسەڵاتی داعش لە ناوچەکانی نزیک بەغداوە بۆ نێوەڕاستی سووریا درێژ دەبووەوە. ئەمە ئەو کاتە بوو کە کچەکەی مەلیکە ئینۆرکایەڤە لەگەڵ مێردەکەی و منداڵەکانیان لە مۆسکۆوە روویان لە سووریا کرد. وەکوو مەلیکە بۆ (رووداو)ی دەگێڕێتەوە "ئەوان لە 17ی کانوونی دووەمی 2015 بەناوی پشوودانەوە رۆیشتن بۆ تورکیا و بڕیار بوو دوای حەوت رۆژ بگەڕێنەوە"، بەڵام ئەوە دوایینجار بوو مەلیکە چاوی بە کچەکەی بکەوێت.

دوای تێپەڕینی هەفتەیەک و نەگەڕانەوەی کچەکەی، مەلیکە دیسان پەیوەندی بە کچەکەیەوە کردبوو، کچەکەی دڵنیای کردبووەوە کە چەند رۆژێکی دیکە دەگەڕێنەوە. ئەمجارەشیان نەک هەر قسەکەی وا دەرنەچوو، بەڵکو بۆ ماوەی دوو هەفتەش لە تۆڕی پەیوەندیی تەلەفۆنیدا نەمان و وەکوو خۆی دەڵێت "نازانم بڵێم لەو دوو هەفتەیەدا چ ژیانێکی تاڵ ژیام، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ تەنگیان پێ هەڵچنیبووم".

دوای ئەو دوو هەفتەیە تەلەفۆنی کچەکەی جارێکی دیکە کرایەوە و لە تەلەفۆنەکەیەوە هەواڵێکی پێگەیشت کە لە دوو ساڵی داهاتوودا ژیانی لە مەلیکە تاڵ کرد. کچەکەی بە مەلیکەی گوتبوو کە ئەوان لە مەنبجن و رێگەیان نادەن بە هیچ لایەکدا بچن. مەنبج لە کۆتاییەکانی ئابی 2016 دا لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)وە کۆنترۆڵ کرایەوە و کۆتایی بە زیاتر لە دوو ساڵ دەسەڵاتی داعش بەسەر شارەکەدا هات.

## 2500 قەفقازی لەناو داعش

لە 2014 ەوە بۆ کۆتایی 2015 تورکیا رێگەی سەرەکی گواستنەوەی چەکدارانی بیانی بۆ نێو خاکی سووریا بوو. هەزاران چەکداری بیانیی داعش لەو سنوورەوە خۆیان گەیاندە ناوچەکانی بندەستی داعش. بە گوێرەی ئامارەکان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا زیاتر لە 40 هەزار چەکداری بیانی روویان لە سووریا و عێراق کردووە، لەو ژمارەیە 2500 کەسیان خەڵکی چیچان، داغستان و ناوچە شاخاوییەکانی قەوقاز بوون کە ژمارەیەکیان هاوژین و منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو.

مەلیکە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی کچەکەی بگەڕێنێتەوە رووسیا، بەڵام هیچ لایەنێک ئامادە نەبووە هاوکاری بکات، ئەمەش لە کاتێکدا کچەکەی مەلیکە خۆیشی ویستبووی بگەڕێتەوە و چەندینجاریش هەوڵی راکردنی دابوو، بەڵام هەموو جارەکان شکستی هێناوە. مەلیکە دەڵێت "کچەکەی من زانکۆی تەواو کردووە، کچێکی سەردەمییە و هەرگیز بڕوای بە شتێک بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی نەبووە" پێشوایە کچەکەی "زۆری لێکراوە و هەڵخەڵەتێنراوە" بۆ ئەوەی بچێتە سووریا.

وەکوو دایکەکە بۆ (رووداو)ی گێڕایەوە، کچەکەی جارێک زۆر نزیک بووە لەوەی بە یەکجاری لە دەستی داعش رزگاری ببێت، بەڵام داعش پێیانزانیبوو، منداڵەکەیان لێ سەندبوو. مەلیکە لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئەندامانی داعش پێیان گوتبوو ئەوە منداڵەکەت لای ئێمەیە، تۆ خۆت بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ. دوای ئەمە کچەکەم هیچ دەسەڵاتی نەما، بەمەش دەست و پێی کچەکەمیان بەستەوە، چونکە نەیدەتوانی منداڵەکەی جێبهێڵێت. لەو رووداوەدا نەوەکەم زمانی وەستا و لە قسەکردن کەوت".

## کچەکەی بەشوودەدرێتەوە

بەپێی رێساکانی داعش، هیچ ئافرەتێک نەدەبوایە بە بێوەژنی بمێنێتەوە، بۆیەش دوای کوژرانی هاوژینی یەکەمی، کچەکەی مەلیکە بەناچاری شووی بە پیاوێکی چیچانی کردبوو، ئەو پیاوە لەگەڵ خۆی بردبوویە مووسڵ. دوایین جار کە مەلیکە لەگەڵ کچەکەیدا قسەی کردبێت 10ی حوزەیرانی 2017 بووە. واتە نزیک مانگ و نیوێک پێش رزگارکردنی شاری مووسڵ. لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بۆی دەرکەوتبوو کە هاوژینی دووەمی کچەکەشی کوژراوە و لەویش منداڵێکی بووە.

مەلیکە دەیەوێت بچێت بۆ عێراق و کچەکەی و دوو نەوەکەی بدۆزێتەوە. چەند جارێکیش سەردانی باڵیۆزخانەی عێراقی لە مۆسکۆ کردووە، بەڵام دەڵێت "بە داخەوە ئەوان نەک هەر هیچ هاوکارییەکیان نەکردم، بەڵکو بەوپەڕی بێڕێزیشەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردم، هێشتا ڤیزامان پێنادەن بچین بەدوای کچەکانماندابگەڕێین".

دایکەکە دڵنیایە لەوەی کچەکەی لە یەکێک لە کەمپەکانی ئاوارەکانە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام باڵیۆزخانەی عێراق بە مەلیکەیان گوتووە کە ئێستا لەو ناوچانە شەڕ هەیە و کورد خراپ مامەڵەتان لەگەڵ دەکەن. مەلیکە دڵنیایە لەوەی ئەمانە بیانوون و راست نین و دەڵێت "کورد گەلێکی باشن، تکاتان لێدەکەم هاوکارمان بن لە دۆزینەوەی کچەکانمان".

## رووسیا "بێوەژنە رەشەکان"ی دەوێتەوە

حکومەتی رووسیا سوورە لەسەر ئەوەی بێوەژن و منداڵە بێ باوکەکانی داعش بگەڕێنێتەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو ئەزموونە درێژە دەگەڕێتەوە کە رووسیا لەگەڵ بێوەژنانی چەکدارانی گرووپە ئیسلامییە توندئاژۆکانی چیچان و داغستان هەیەتی کە بە "بێوەژنی رەش"، "بووکەکانی خوا" و "بۆمبی زیندوو" ناسراون.

یەکەم هێرشی خۆکوژی کە لە رووسیا کرابێت لەلایەن دوو ئافرەتی چیچانییەوە بوو لە حوزەیرانی 2000دا کە لۆرییەکی پڕ لە بۆمبیان بە بنکەیەکی هێزە تایبەتەکانی رووسیادا تەقاندەوە. رووداوەکە لە ئالخان یورت لە کۆماری چیچان روویدا و تێیدا 27 سەربازی هێزە تایبەتەکە کوژران. لەو کاتەشەوە بێوەژنانی رەش دەیان هێرشی دیکەیان بۆ سەر شوێنە سەربازی و گشتییەکان لە چیچان و رووسیا کردووە کە تێیدا سەتان سەرباز و مەدەنی کوژراون.

مێژووی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی چیچان بۆ دوای شەڕی دووەمی نێوان رووسیا و کۆماری چیچان دەگەڕێتەوە کە تێیدا رووسیا دەیویست بە زەبری هێز، کۆمارە زۆرینە موسڵمانەکە بگەڕێنێتەوە ژێر رکێفی رووسیای فیدراڵی. تاوەکو ئەوکات زۆربەی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی چیچان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بوون، رەوتی باڵادەستی ئیسلامیش رەوتی سۆفیگەری بوو، بەڵام لەسەرەتای سەدەی نوێ و لەدوای گرتنی چیچان لەلایەن هێزەکانی رووسیاوە، وەهابیزم شوێنی خۆی لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی چیچاندا کردەوە.


مەلیکە: کچەکەم هەڵخەڵەتێندرا


کچەکەی مەلیکە دوو جار بێوەژن بوو


پێتیمات بەدوای کچەکەیدا چووە سووریا

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە خوێناوییەی نێوان بێوەژنەکانی رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان لەگەڵ حکومەتی رووسیا، سەیر نییە کە جەننەت ئێریژیبۆڤا، دایکی ئافرەتێکی دیکەی ناو داعش، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کچەکەی ئەویش وەکوو کچەکەی مەلیکە لەلایەن هاوژینەکەیەوە ناچارکراوە یان هەڵخەڵەتێنراوە.

کچەکەی جەننەت پێشتر لە داغستان لە باشووری رووسیا مامۆستا بووە، لەوێوە چووە بۆ مووسڵ. جەننەت بە (رووداو)ی گوت: "کچەکەم بڕوای بە هاوژینەکەی کرد کە پێیگوتبوو دەچن بۆ تورکیا بۆ پشوودان، بەڵام مێردەکەی هەڵیخەڵەتاند".

ئەوە لە سەروبەندی جەژنی قوربانی سێ ساڵ لەمەوبەردا بوو، کاتێک زاواکەی جەننەت بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلێکی نوێ چووە مۆسکۆ، بەڵام دواتر تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کرد و داوای لێکرد ئەویش بچێتە مۆسکۆ بۆ ئەوەی لەوێ پشوویەک بدەن. چەند رۆژێک دواتر کچەکەی جەننەت تەلەفۆنی بۆ دایکی کرد و پێیگوت کە بڕیاریانداوە بچنە تورکیا و لەوێ جەژنی قوربان بکەن.

جەننەت بۆ جەژن ماڵەکەی رازاندبووەوە و زوو زوو وێنەی ماڵی کچەکەی لە داغستانەوە بۆ کچەکەی دەنارد، بۆ ئەوەی پێی بڵێت خۆتان لێرە نین، بەڵام ماڵەکەتان رەنگ و بۆنی جەژنی پێوەیە. کچەکەش بەڵێنی بە دایکی دابوو "چاوەڕێم بکە، بەمزووانە دێمەوە". بەڵام دوای ماوەیەک پەیوەندی نێوان دایک و کچەکە بڕا، تاوەکو لە ژمارەیەکی نەناسراوەوە نامەیەکی بۆ هات کە تێیدا نووسرابوو "دایکە بمبوورە من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ لات".

جەننەت کوڕەکەی لە هەواڵەکە ئاگادار کردبووەوە و یەکسەر پەیوەندییان بە دامودەزگاکانی حکومەت و باڵیۆزخانەی تورکیاوە کردبوو، بەڵام ئاگادار کرابوونەوە کە نەیانتوانیوە بیاندۆزنەوە.

پەیوەندیکردن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە بۆ دەرەوە کارێکی ئاسان نەبووە، لەبەر ئەوەی هەواڵگریی داعش سوور بوو لەسەر ئەوەی هیچ زانیارییەک لە ناوچەکانی ئەوانەوە بە دەرەوە نەگات. هەر ئەوەش رەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی پچڕپچڕبوونی پەیوەندییەکانی نێوان جەننەت و کچەکەی بووبێت. مانگێک پاش دوایین نامە، کچەکەی جارێکی دیکە پەیوەندی پێوەکردبوو و گوتبووی نازانین لە کوێین "هەر ئەوەندە دەزانم شوێنێکە پێی دەڵێن خەلافەتی ئیسلامی". دوای ئەوەش پەیوەندییەکە پچڕابوو.

لە سێیەم پەیوەندی تەلەفۆنیدا جەننەت بۆی دەرکەوتبوو کە زاواکەی کوژراوە، بەڵام هێشتا شوێنی کچەکەی وەکوو لوغزێک مابووەوە، چونکە کچەکەی لە پەیوەندییەکاندا نەیدەتوانی باسی شت یان شوێنی تایبەت بکات. لە ماوەی چوار مانگی یەکەمدا جەننەت و کچەکەی چەندینجار قسەیان کرد و دواجار ئاشکرا بوو کە کچەکەی بە دوو منداڵەوە لە مووسڵ گیریان خواردووە. وەکوو خۆی دەڵێت "زۆر داوام لێی کرد رابکات، دەیگوت هیچ دەرفەتێک نییە بۆ راکردن". پاش بیستنی ئەم قسەیە، دایکەکە پەیوەندی بە دامودەزگای حکومی و باڵیۆزخانەکانەوە کردبوو، ناونیشان و ژمارەی کچەکەی پێدابوون، بەڵام وەکوو خۆی دەڵێت "هیچ کەسێک گوێی بۆ نەگرتم".

لە تشرینی یەکەمی 2016 دا دەست کرا بە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی مووسڵ. مانگێک دوای ئەوە جەننەت بۆ دواییجار لەگەڵ کچەکەی قسەی کردبوو، لەو کاتەوە پەیوەندییان پچڕاوە. دوایین هەواڵ کە ئەو لەبارەی کچەکەیەوە بیزانێت لە زاری کچێکەوە بیستوویەتی کە لە ناو داعشەوە گەڕاوەتەوە رووسیا. جەننەت دەڵێت "ئەو کچەکەم و نەوەکانمی لە وێنەیەکدا بینیوە کە لە تەلەعفەر بوون و گوتیشی ئەوان ئێستا لە ناوچەیەکن لە ژێر دەسەڵاتی کوردە".

ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی تەلەعفەر بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، تەنیا 12 رۆژی خایاند و لە رۆژی 2ی ئەیلولی 2017 ئازادکردنی هەموو شارەکە راگەیەندرا. پێش ئۆپەراسیۆنەکە 100 هەزار کەس لە شارەکەدا مابوون، رۆژێک پێش دەستپێکردنیشی نزیکەی 30 هەزار کەس شارەکەیان جێهێشتبوو. بەرپرسانی سەربازی چاوەڕێیان دەکرد 1500 چەکداری داعش لە شارەکەدا مابن.

یەکێک لە هۆکارەکانی خێرا تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنرایەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش لە شارەکە خۆیان رادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کردبوو، یان بەرەو سنوورەکانی رۆژئاوای عێراق رایانکردبوو. بەرپرسێکی کورد کە ناوی ئاشکرا نەکراوە، ئەو هەواڵەی بۆ (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی پشتڕاست کردبووەوە، گومان دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی چەکدارانی داعش هەر ئەو رێگەیەیان گرتبێتە بەر.

جەننەت دوای بیستنی ئەو هەواڵە پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ کردبوو، بەڵام دەڵێت "ئەوان هیچ هاوکاریمان ناکەن".

## بەدوای کچەکەیدا دەچێتە سووریا

پێتیمات سەلامۆڤا یەکێکی دیکە لەو دایکانەیە کە بۆ (رووداو) قسەی کردووە. ئەو بە پێچەوانەی مەلیکە و جەننەت توانیویەتی چاوی بە کچەکەی بکەوێتەوە، بەڵام ئەویش وەکوو دوو دایکەکەی دیکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کچەکەی نەیدەویست بچێتە سووریا و نەیدەزانی چی روودەدات.

پێتیمات سەبارەت بە چوونی کچەکەی بۆ ناو داعش بە (رووداو)ی گوت: "سەرەتا مێردەکەی لەژێر ناوی پشوودان لە کەناری دەریا چوو بۆ تورکیا، دوای ماوەیەک کچەکەشم دیارنەما. ئەوکات ئەوان منداڵێکیان هەبوو کە تەمەنی تەنیا دوو هەفتە بوو". بۆ ماوەی هەشت مانگ ئەو دایکە هیچ هەواڵێکی کچ و زاواکەی نەزانیبوو. دواجار کچەکەی پەیوەندی پێوە کردبوو گوتبووی "منیان بردووە بۆ سووریا بۆ ناو داعش".

دایکەکە لەو رۆژە بەدواوە کەوتە گەڕان بەدوای کچ و نەوەکەیدا. دوو مانگ دوای ئەو پەیوەندییە و دوای هەوڵێکی زۆر توانیبووی خۆی بگەیەنێتە سووریا و کچەکەی بدۆزێتەوە. پێتیمات دەڵێت "چوومە ماڵیان (لە سووریا)، قسەم لەگەڵ کردن و داوام کرد کچەکەم بگەڕێتەوە، بەڵام دیاربوو مێردەکەی رێگەی نەدەدا. ئەوە بوو دواتر بە جودا قسەم لەگەڵ کچەکەم کرد". کچەکەی بە نهێنی بە دایکی گوتبوو من هەرگیز نەمدەویست بێمە ئێرە، بەڵام مێردەکەم زۆری لێکردم.

کچەکەی پێتیمات لە کاتی دیارنەمانیدا تەمەنی 19 ساڵ بووە، وەکوو دایکەکە دەڵێت: "کچەکەم نەیدەتوانی بە قسەی مێردەکەی نەکات، نەریتی لای ئێمە ئاوهایە کە هەرچی مێردەکە گوتی ژنەکە دەبێت بە قسەی بکات".

دواجار هەوڵەکەی بۆ گەڕانەوەی کچەکەی بێسوود بوو. پێتیمات هەوڵی دابوو هەر هیچ نەبێت نەوەکەی وەربگرێت و لەگەڵ خۆی بیباتەوە، بەڵام کچ و زاواکەی لە ژوورێکی تاریک و ناخۆشدا بە پێتیماتیان گوتبوو کە داعش رێگە نادات منداڵەکە ببات.

## رێکخراوێک بۆ دۆزینەوەی کچەکان

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بۆ خەڵکانی دەرەوە وەکوو ناوچەی مەرگ بوون، بەڵام پێتیمات دەڵێت: "دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کاتێک چووم بۆ سووریا، داعش پێشوازییەکی باشیان لێکردم و زۆر یارمەتییان دام، بەڵام رێگای گەڕانەوەم زۆر ئەستەم بوو، لە هەر شوێنێکەوە چووبام بۆ شوێنێکی دیکە داوای پارەی زۆریان دەکرد".

دوای گەڕانەوەی بۆ گرۆزنی پایتەختی کۆماری چیچان، دایکەکە بیستبووی کە کچەکەی لەگەڵ مێردەکەی چوون بۆ عێراق. بۆیە بڕیاری دا ئەمجارەیان لە رێگەی تورکیاوە بچێتە بەغدا، بەڵام نەیتوانیبوو بچێتە بەغدا. ئێستا پێتیمات و دایکەکانی دیکە کۆمەڵەیەکیان دروستکردووە کە لە 600 ئافرەت پێکدێ و هەموویان هەوڵی دۆزینەوە و گەڕانەوەی کچەکانیان دەدەن.

**دایکی کچێکی چیچانی:**

**کچەکەم و هاوژینەکەی بەناوی پشوودانەوە چوونە تورکیا و نەگەڕانەوە**

**دڵنیام کچەکەم لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانە**

**باڵیۆزخانەی عێراق ئاگاداری کردینەوە کە نەچینە کوردستان**



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 489 ) - دووشەممە 2018/1/15

## لە هەولێر 500 بەندکراو ئازاد دەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک دەست بە جێبەجێکردنی یاسای لێبووردنی گشتی دەکرێت، پێشبینیش دەکرێت تەنیا لە هەولێر 450 بۆ 550 بەندکراو ئازادبکرێن و لە دهۆکیش 27 ئافرەت و منداڵ سوودمەندی یاساکە ببن، لە پارێزگای سلێمانیش لە ڕۆژانی داهاتوودا دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت. دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای لێبووردنی گشتی پەسەندکرد، ڕۆژی 2017/1/14 بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئازادکردنی ئەو بەندکراوانەی یاساکە دەیانگرێتەوە، لیژنەی لێبووردنی گشتیی بەندکراوان سەردانی چاکسازیی گەورانی هەولێری کرد، لە دهۆکیش لیژنەکە دەستبەکاربوو.

# ئەنجام لەنێو دووکانەکەیدا خۆی کوشت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

"من دەمرم، بەڵام دەزانم هیچ شتێک ناوەستێ خۆم نەبم! کەواتە بوونی من هیچ نەبوو.. ئەمە داخم دەداتێ" بە ماوەیەکی کەم دوای مەرگە تەمومژاوییەکەی، ئەم ڕستەیە بە هاشتاگێک خراوەتە سەر وێنەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک. ئێستا هەموو هاوڕێکانی دەزانن ئەنجام لە ژیاندا نەماوە، بەڵام داخی ئەوان ئەوەیە، بۆچی وا بەزوویی ماڵئاوایی لێکردن.

(ئەنجام.ئە.ب)، تەمەن 25 ساڵ کە هاوڕێ و کەسوکارەکەی بە وەستا ئەنجام بانگیان دەکرد، ڕۆژی 2018/1/12 دوای نانی ئێوارە ڕوخسەت لە باوکی وەردەگرێ و دەڵێت دەچێتە دووکانەکەی، چونکە کاری زۆری بەسەردا کەوتووە و دەیەوێ تەواویان بکات، بەڵام ئەمە دوایین قسەی ئەو دەبێ بۆ کەسوکارەکەی، ئیدی ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

تەرمی ئەنجام لەنێو دووکانەکەی خۆی لە ناوچەی پیشەسازیی ڕانیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی 13ی ئەم مانگە دۆزرایەوە. کەسوکارەکەی و پشکنینی پزیشکی دەڵێن خۆی کوشتووە، بەڵام پۆلیس گومانی هەیە کە ئایا خۆی کوشتووە یان کوژراوە؟

ئەحمەد کە مامی ئەنجامە، لە یەکەم ڕۆژی پرسەی برازاکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی ماڵی براکەی و بە تایبەتیش ئەنجام هیچ کێشەیەکیان نەبووە، پێش ڕووداوەکە هەموویان لەسەر یەک سفرە نانیان خواردووە و دواتر ئەنجام چووە بۆ دووکانەکەی.

ئەحمەد گوتی "دوای ئەوەی نانی ئێوارەی خواردووە، ئەنجام بە باوکی گوتووە کاری



پۆلیس بە گومانە و دەڵێت پێدەچێت ئەنجام کوژرابێت

زۆری لەسەر ماوەتەوە، بۆیە دەبێ بچێتە دووکانەکەی کارەکانی تەواو بکات". ئەو گەنجە لە ناوچەی پیشەسازیی ڕانیە، دووکانی بۆیاخکردنی ئۆتۆمبێلی هەبوو.

مامی ئەنجام دەڵێت: "باوکی تاوەکو درەنگانی شەو چاوەڕێی ئەنجامی کرووە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە، بۆیە ئەویش نووستووە و بەرەبەیان کە خەبەری بووەتەوە سەیر دەکات ئەنجام لەسەر جێگاکەی نییە، بۆیە یەکسەر دەچێتە دووکانەکەی".

باوکی ئەنجام بەسەر دیمەنێکی ناخهەژێندا دەکەوێ و دەبینێ کوڕەکەی خوێن لەنێو خوێنی خۆیدا کەوتووە.

کەسوکاری ئەنجام پێیانوایە خۆی کوشتووە، بەڵام ئێستا عەودالی وەڵامی ئەو پرسیارەن کە بۆچی خۆی کوشتووە؟ مامی ئەنجام دەڵێت "نازانین بۆ خۆی کوشت، نە ئەنجام و نە خێزانەکەی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییان نەبووە، باری ئابوورییان باش بووە، ئەنجام کاری خۆی هەبوو، ئۆتۆمبێلی خۆی هەبوو".

بە گوتەی ئەحمەد، برازاکەی بە دەمانچەیەکی تورکی کە لەنێو خەڵکدا لەبەر هەرزانیی نرخەکەی بە دەمانچەی "علوج" ناودەبرێ، گوللەیەکی لە نێوچەوانی خۆی داوە. دوای خۆیشی هیچ بەڵگەنامەیەکی جێنەهێشتووە کە هۆکاری خۆکوشتنەکەی ئاشکرا بکات.

بە گوتەی پزیشک، ئەوکاتەی تەرمی ئەنجام گەیەنراوەتە نەخۆشخانە، دوو کاژێر بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیبوو، کاژێر شەشی بەیانی تەرمی ئەنجام گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، بۆیە پێدەچێ چواری بەرەبەیان خۆی کوشتبێ.

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو) گوت: "تەرمی ئەو گەنجە کاژێر شەشی بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/1/13 هێنرایە بەشی دادپزیشکیی نەخۆشخانەکەمان و پشکنینی سەرەتایی بۆ کرا، ئەو گەنجە فیشەکێکی دەمانچەی بەرکەوتبوو، فیشەکەکە لە نزیکەوە بەر لای چەپی سەری کەوتووە، بۆیە حاڵەتەکە بە خۆکوشتن دەچێ، نەک تاوان".

بەهۆی شوێنی بەرکەوتنی فیشەکەکە، فەرمان ئەحمەد دەڵێت پێدەچێ ئەو کەسە چەپلەر بووبێ، بەڵام بەهۆی گومانکردنەوە تەرمەکە ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کرا، بۆ ئەوەی پشکنینی زیاتری بۆ بکرێ و ڕاستیی ڕووداوەکە بزانرێ.

بۆچوونی پۆلیس لەبارەی ڕووداوەکە هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە و گومان دەکەن ڕووداوەکە خۆکوشتن نەبێ. ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان گومان دەکرێ ڕووداوەکە تاوانکاری بێ، بۆیە تەرمەکەی بەرێکرا بۆ پەیمانگای پزیشکی دادوەری لە سلێمانی. دەمانچە بەجێماوەکەش لە شوێنی ڕووداوەکە هەڵگیرایەوە. بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر دادوەر بڕیاری داوە گوتەی کەسوکارەکەی وەربگیرێ".



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

## لە داخان ژنەکەی تەڵاق دا

هەموو هەوڵێکی دا بۆئەوەی هاوژینەکەی بگەڕێتەوە لای، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە لە داخان بڕیاری دا تەڵاقی بدات، شێوەی تەڵاقدانەکەشی زۆر هەڵە بوو، بە زەرەر بۆ خۆی شکایەوە. ئێستا ئەو ناچارە بچێتە ژێربازی ئەو بڕیارانەی دادگا لە دژی دەرکردوون.

ئەو پیاوە سەردانی کردین و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاینەوە بەو ئومێدەی ڕێگەچارەیەکی یاسایی بۆ بدۆزینەوە.

پیاوەکە گوتی: "ماوەی ساڵێکە ژنەکەم بەهۆی کێشەیەکەوە تۆراوە، سەرەتا زۆر گوێم پێنەدا و بەدوایدا نەچووم و چاوەڕێ بووم خۆی بگەڕێتەوە لام، دواتر لەبەر خاتری منداڵەکەم نەوەک سەرگەردان بێ، خەڵکم نارد بەدوایدا، بەڵام نەهاتەوە، چەند جارێکی دیکە خزم و ناسیاوم ناردن، هەر نەگەڕایەوە، بۆیە بڕیارمدا خۆم بەدوایدا بچم، لەوێ بە بەرچاوی کەسوکارەکەیەوە داوای لێبوردنم لێی کرد، بەڵام هەر بێسوود بوو. ئیدی وازم لێهێنا. من قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە لە ژنەکەم جیاببمەوە، قەتیش لەو باوەڕەدا نەبووم ئەویش بچێتە دادگا، بەڵام کە بینیم زۆر عینادە و حیساب بۆ قسەی کەس ناکات، تاقەتی ئەوەم نەبوو بچمە دادگا و سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم، هەر یەکسەر دوو شایەتم هێنا و لە داخان تەڵاقم دا. دواتر چوومە لیژنەی فتوا، ئەوانیش نووسراوێکیان بۆ کردم بۆ دادگای باری کەسی، دادگاش بە یەک دانیشتن تەڵاقەکەی پەسەند کرد".

ئەمجارەیان تۆپەکە دەکەوێتە گۆڕەپانی ژنەکە و پەنا بۆ دادگا دەبات. پیاوەکە درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت "دوای ماوەیەک ئاگادارییەکم لە دادگاوە بۆ هات، کە سەیرم کرد ژنەکەم سکاڵای لەسەر تۆمارکردووم، چەند جارێک ئاگادارکردنەوەی دادگام بۆ هات هەر نەچووم، دواتر دادگا بڕیاری خۆی لەبارەی کەیسەکە دابوو، لەوێ ژنەکە داوای مافێکی زۆری کردبوو، ئێستا هەر جارێک مانگانە لە کاتی خۆی نەیبەمە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن، یەکسەر فەرمانی پەلکێشکردنم بۆ دێت و هەتا پارەکە نەدەم بەرمنادەن".

بۆ پیاوەکە ڕوونکرایەوە کە پەلەی کردووە لە بڕیاردان، دۆسیەکەش پلەی کۆتایی وەرگرتووە و هیچ ڕێگایەک نییە بۆ تەمیزکردنەوەی، مەگەر ئافرەتەکە خۆی لە مافی خۆی خۆشبێ، ئەگینا لەڕووی یاساییەوە مافی خۆیەتی کە سکاڵای تۆمار کردووە و داوای هەقە مارەیی خۆی کردووە. هەروەها پێی گوترا کە ئەو ژنە خۆی خەتابار بووە و ماڵی جێهێشتووە. ئەگەر سەرەتا بە تۆمەتی جێهێشتنی ماڵ سکاڵات لەسەر تۆماركردبا، ئەوە دەتتوانی ژنەکەت تەڵاق بدەی بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی بکەوێ.

لە یاسادا لاساری بریتییە لە خۆبەگەورەزانینی یەکێک لە هاوژینەکان لەسەر ئەوەی دیکە. مادە 25ی یاسای باری کەسێتی لەبارەی لاساری دەڵێت: "بەجێهێشتنی ماڵی هاوسەرێتی لەلایەن ژن یان پیاو بەبێ مۆڵەت و هۆیەکی ڕەوا". هەر بەپێی ئەو یاسایە "لاساری بە هۆیەک لە هۆیەکانی جیابوونەوە دادەنرێ، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری، پلەی بنبڕ وەردەگرێ، ئەگەر ژن لاسار بوو ئەوە بێبەش دەکرێ لە بژێوی و مارەیی پاشەکی".

# پەناخوازێکی کورد لە فەرەنسا خۆی دەکوژێ



هێدی نەبەز عوسمان

**ڕووداو- هەولێر**

"دەمەوێ تەرمی کوڕەکەم بهێننەوە، هەتا لاشەکەی ماوە بۆم بهێننەوە" ئەمە داواکاریی دایکی هێدییە کە نایەوێ کوڕەکەی "گۆڕ غەریب" ببێ، بەڵام باری ئابووریی حکومەت و خێزانی هێدی، ڕەنگە ڕێگر بن لە بەجێهێنانی داواکەی.

چوار مانگ لەمەوبەر هێدی نەبەز عوسمان گۆمەشینی، تەمەن 17 ساڵ، کوردستان جێدێڵێ و لە کەمپێکی شاری ناربۆنە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا دەگیرسێتەوە، بەڵام لە ڕۆژی 2017/9/28ـەوە پەیوەندی بە ماڵەوە نامێنێت و لەو کاتەشەوە خێزانەکەی هیچ دەنگوباسێکی نازانن. دواتر دەرکەوێ خۆی بە پردێکی ئەو شارەدا هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە.

بۆ خانەوادەکەی قورستر لە هەواڵی مەرگی، نەگەڕانەوەی تەرمەکەیەتی. نەبەز عوسمان، باوکی هێدی، تاوەکو 28ی ئەیلول شەوانە قسەی لەگەڵ کوڕەکەی کردووە، هێدی پێیگوتووە کە لەو شارە ژیانی زۆر خۆشە، دەچێتە قوتابخانە، پارە وەردەگرێ و هیچ کێشەیەکی نییە، بۆیە نازانێ کوڕەکەی بۆچی خۆی کوشتووە.

پچڕانی پەیوەندیی هێدی لەگەڵ خێزانەکەی، بەلای باوکییەوە سەرەتا ئاسایی بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە خەڵکی دیکەی پرسیوە کە منداڵیان لە دەرەوە بووە، زۆربەیان پێیانگوتووە منداڵی ئێمەش جاری وا هەبووە شەش مانگ هیچ هەواڵی نەبووە، بەڵام دواتر دەرکەوتووەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە نەبەز تاوەکو دوو هەفتە لەمەوبەر زۆر بەجیددی سۆراخی کوڕەکەی نەکات.



باڵیۆخانەی عێراق لە فەرەنسا گوتبووی هێدی بێکەسە و بینێژن

نەبەز باسی دوایین پەیوەندی نێوان خۆی و کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "دوایینجار شەوی 2017/9/28 پەیوەندی پێوەکردم و زۆرتر هەواڵی ماڵەوەی پرسی، دواتر شەوشادی کرد و تەلەفۆنەکەی داخستەوە".

دوای ئەوەی سێ مانگ و 10 ڕۆژ بەسەر دیارنەمانی کوڕەکەیدا تێدەپەڕێ، نەبەز داوا لە هاوڕێیەکی خۆی دەکات سۆراخی کوڕەکەی بۆ بکات. نەبەز گوتی "هاوڕێیەکم لە ئیتاڵیا بە سەردان گەڕابووەوە کوردستان، پێمگوت سێ مانگە کوڕەکەم هیچ دەنگی نییە، ئەویش گوتی کە گەڕامەوە لەبەر خاتری تۆ دەچمە فەرەنسا. کاتێک چووبووە کەمپەکەی، لەوێ پێیانگوتبوو ئەو کوڕە سێ مانگە نەماوە، بەڵام هیچ زانیارییەکیان پێنەدابوو، گوتبوویان زانیاری تەنیا دەدەینە کەسە نزیکەکانی".

نەبەز ئەمجارە پەنا بۆ ئامۆزایەکی دەبات لە ئیتاڵیا، ئەویش کاتێک دەچێتە فەرەنسا، هەواڵی مردنی هێدی بۆ کەسوکارەکەی پشتڕاست دەکاتەوە.

دانا سەڵاح کە ئامۆزای نەبەزە، بە (ڕووداو)ی گوت: "کاک نەبەز پەیوەندی پێوەکردم گوتی دەڵێن کوڕەکەت نەماوە، منیش پەیوەندیم بە باڵیۆزخانەی عێراقەوە کرد لە پاریس، یەکێک وەڵامی دایەوە و بە عەرەبی قسەی کرد، بابەتەکەم بۆ باسکرد، گوتی شتی وامان نەبیستووە. دوای دوو ڕۆژ چوومە ئەو شارەی هێدی لێبوو، بۆمان ڕوون بووەوە کە ئەم کوڕە مردووە، لەوێ گۆڕەکەیان نیشانداین".

ئەوەی زیاتر کەسوکاری هێدی نیگەران کردووە، هەڵوێستی باڵیۆزخانەی عێراق بووە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆسیەکە. دانا دەڵێت: "شارەوانیی ناوچەکە پێیانگوتم کە ئەوان پێشتر باڵیۆزخانەی عێراقیان لەو ڕووداوە ئاگادار کردبووەوە، نزیکەی مانگێک چاوەڕێیان کردبوو، بەڵام ئەوان گوتبوویان بێکەسە و بینێژن".

دانا بۆی ڕوون بووەتەوە هێدی خۆی خنکاندووە، بەڵام هیچ لەبارەی هۆکارەکەی نازانێ. دانا گوتی "لەوێ گوتیان دانا خۆی بە پردێکەوە هەڵواسیوە، تەنانەت ڕەگەزنامەکەم برد، پەنجەمۆری سەر ڕەگەزنامەیان لەگەڵ پەنجەمۆری تەرمەکە بەراورد کرد دەرکەوت هێدییە".

باوکی نەبەز بە پشتبەستن بە قسەکانی دانا، دەڵێت کوڕەکەی خۆی کوشتووە، بەڵام نازانێ بۆچی. ئەو دەڵێت "هێدی هیچ کێشەیەکی نەبوو، نەخۆشیی دەروونیشی نەبوو، تەنانەت کە قسەی لەگەڵ دەکردم زۆر دڵخۆش دیاربوو، دەیگوت بابە 3-4 مانگی دیکە ئیقامە وەردەگرم و سەرتان لێدەدەمەوە. بۆیە نازانم بۆچی خۆی کوشتووە".

ئێستا ئەو خێزانە دڵنیا بوونەتەوە کە هێدی لە ژیاندا نەماوە، بەڵام بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێن تەرمەکەی بهێننەوە کوردستان.

عەلی دۆڵەمەڕی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا لەبارەی هێنانەوەی تەرمەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "دەبێ خانەوادەی هێدی لەڕێگەی کونسوڵخانەی فەرەنساوە داوایەک پێشکەش بکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکە و تەنیا خانەوادەکەشی دەتوانن ئەو کارە بکەن، ئەو پرسە کاتی زۆر و پارەی زۆریشی دەوێت". عەلی دۆڵەمەڕی گوتیشی: بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەوان ناتوانن هیچ برە پارەیەک بۆ گەڕاندنەوەی ئەو تەرمە تەرخان بکەن، بەڵام دەتوانن لەڕووی لۆجستییەوە هاوکاریی خێزانەکە بکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکە".

سەبارەت بە هەڵوێستی باڵیۆزخانەی عێراقیش، دۆڵەمەڕی بەدووری نازانێ ئەو هەڵوێستەی باڵیۆزخانەکە پەیوەندی بە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداوە هەبێ.

عەلی دۆڵەمەڕی ئاماژەی بەکێشەیەکی دیکەی کۆچبەران دا و گوتی "زۆربەی ئەو کۆچبەرە کوردانەی دێنە فەرەنسا، ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نادەنە دەزگاکانی حکومەت، یان هیچ بەڵگەنامەیەکیان پێ نییە، بۆیە لە ڕووداوی وەهادا کێشەمان بۆ دروست دەبێ، بۆ نموونە ئێمە بەناوی هێدی بەدوای چارەنووسی کوڕی کاک نەبەزدا دەگەڕاین کەچی دەرکەوت ناوە ڕاستەقینەکەی عوسمانە".

### 151
### تەرم هێنراونەتەوە کوردستان

نەزهەت حوسێن، بەرپرسی بەشی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران دەڵێت، هەرچەندە ئەو گەنجە بەخاکسپێردراوە، بەڵام دەتوانرێت تەرمەکەی بگەڕێندرێتەوە.

نەزهەت حوسێن باسی ڕێکارەکانی هێنانەوەی تەرمەکە دەکات و دەڵێت: "سەرەتا دەبێ باوکی هێدی بریکارنامەیەک بۆ حکومەت بکات، ئێمە بریکارنامەکە دەنێرینە نوێنەرایەتیی حکومەت لە فەرەنسا، ئەوانیش دەینێرن بۆ وەزارەتی داد و لەوێوە داخڵی کەیسەکە دەبین، بەڵام نازانین چەند کاتی پێویستە".

نەزهەت حوسێن دەڵێت لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 151 تەرم لە دەرەوە هێنراونەتەوە کوردستان، سەرجەم تێچووەکانیشیان لەسەر نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە".

## فریدریک تیسۆ، کونسوڵی پێشووی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# کوردستان وڵاتی داهاتووی منە




فریدریک تیسۆ، کونسوڵی گشتیی پێشووی فەرەنسا لە هەولێر لە بەشی دووەم و کۆتایی ئەو هەڤپەیڤینەدا کە بەرنامەی پەنجەمۆر لە کەناڵی (ڕووداو) لەگەڵی ساز کردووە، باسی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، تیرۆرکردنی د.سادق شەرەفکەندی، کۆڕەوەکەی کورد لە ساڵی 1991 و هۆکاری دەستنیشانکردنی بە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت کوردستان بە وڵاتی داهاتووی خۆی دەزانێ و ئێستاش ڕۆژانە کار بۆ کورد دەکات.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

بەشی دووەم و کۆتایی

> **ڕۆژانە ئیش بۆ کورد دەکەم**

**ڕووداو: بۆچی بڕیارتان دا کوردستان بەجێبهێڵن و بچنە مەغریب، ئایا د.قاسملوو داوای لێنەکردن بمێننەوە؟**

**تیسۆ:** بێگومان داوایان لێکردم بمێنمەوە. بەڵام لەگەڵ هاوژینەکەم بڕیارمان دا بەبێدەنگی بچینە وڵاتێکی دیکە. لەو کاتەدا حدکا لە عێراق بوو. دۆخەکە جیاواز بوو. لە دیوی عێراق نەخۆشخانەیەکمان دروستکرد. تیمێکی دیکەی فەرەنسی هاتنە لای حدکا.

**ڕووداو: بۆچی مەغریبتان هەڵبژارد، لە خۆشیی گەرماکەی بوو؟**

**تیسۆ:** کاتی خزمەتی سەربازیم بوو، وەک پزیشکێک چوومە مەغریب. شارەزایی باشم لە مەغریب هەبوو، ناوچەیەکی شاخاویم پێدەزانی کە پزیشکی لێ نەبوو. بۆیە لەگەڵ هاوژینەکەم بڕیارماندا بچینە ئەوێ. وەزیری تەندروستیی مەغریب پێیگوتم دکتۆر تیسۆ دەتەوێ بچیتە ئەو ناوچە دوورەدەستە؟! هیچی لێ نییە، جادەوبان و ئۆتۆمبێل و تەلەفۆنی لێ نییە، تەنیا باڵەخانەیەکی بچووکی لێیە، لەگەڵ دوو پەرستار. منیش گوتم ئەو شوێنە زۆر باشە بۆ من، دەچمە ئەوێ. ئەویش گوتی نەخێر ئێمە لە شارێکی دیکە پێویستمان پێتە، لە عیفران. عیفران شاری پشوودانی شای مەغریب بوو. گوتم نەخێر، حەز دەکەم بۆ خەڵک کار بکەم.

**ڕووداو: بەڵام ڕۆژێک لە کوردستانەوە تەلەفۆنێکت بۆ دەکرێت، کێ تەلەفۆنی بۆ کردی و دوای ئەوە چیتان کرد؟**

**تیسۆ:** بەڵێ لەبیرمە، مانگی حوزەیرانی ساڵی 1984 بوو. زۆر سەیر بوو، چونکە ئەو کات وەک ئێستا مۆبایل نەبوو. قاسملوو پێیگوتم دکتۆر تیسۆ کێشەیەکی بچووکمان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکەت، پێویستە بێیەوە و کێشەکە چارەسەر بکەی. منیش گوتم باشە. مافی ئەوەم نەبوو سەردانی ئەوێ بکەم، چونکە بۆ حکومەت کارم دەکرد، بەڵام بە فڕۆکە چوومە بەغدا، بە ئۆتۆمبێلی موخابەرات چوومە کەرکووک، لەبیرمە لەوێوە چوومە سلێمانی، لەوێشەوە بۆ چیاکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی نێوان ڕێکخراوەکە و حدکا.

**ڕووداو: ئەوان ئاگایان لە هاتنەکەی تۆ هەبوو، پەیوەندیت لەگەڵ موخابەراتی عێراقی هەبوو؟**

**تیسۆ:** نەخێر، پەیوەندیم لەگەڵیان نەبوو، تەنیا کە چوومە بەغدا، لەوێ کوردێک پێشوازی لێکردم، دواتر خۆم لەناو ئۆتۆمبێلێکی موخابەراتدا بینییەوە.

**ڕووداو: داواکارییەکەی دکتۆر قاسملو چی بوو، بۆت جێبەجێ کرد؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، چارەسەرمان کرد، کێشەی هەڵە لێکتێگەیشتن بوو لەنێوان تیمە فەرەنسییەکە و د.قاسملو. کێشەکەمان چارەسەر کرد.

**ڕووداو: ئەوکاتە بێرنارد کۆشنەریش هاتبوو بۆ کوردستان یان عێراق، تۆ لە ڕێگای دکتۆر قاسملووەوە ئەوت ناسی؟**

**تیسۆ:** وایە. ئەویش بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کورد هاتبوو. کۆشنەر لەساڵی 1974 لە حاجی ئۆمەران چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی کەوتبوو. شارەزای کوردستان بوو. ئەوکاتەش گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەوەی قاسملوو ببینێ، هەروەها بۆ ئەوەی بزانێ دەتوانێ چی بۆ بکات. ئەوکاتەی من هاتمەوە کوردستان، ئەویش لەوێ بوو، پێشتر هەرگیز کۆشنەرم نەبینیبوو. ئەوکات منیش شێوەم وەکو کورد بوو، جلی کوردیم لەبەردەکرد، سمێڵیشم هەبوو، بە کوردییەکی باشیش قسەم دەکرد. قاسملو پێیگوتم فەرموو وەرە دانیشە ئێستا لەگەڵ دوو پزیشکی فەرەنسی کۆبوونەوەم هەیە، لە پشت قاسملوو لەسەر بەردێک دانیشتم. ئەگەر قاسملوو شتێکی پرسیبا، بە کوردی وەڵامم دەدایەوە. پاشان کوشنەر باسی ڕەوشی تەندروستی و پێداویستییەکانی کرد، قاسملوو گوتی ئێستا دەتوانی لەگەڵ دکتۆر تیسۆ باسی ئەو بابەتە بکەن. منیش دەستمکرد بە قسەکردن بە فەرەنسی. کوشنەر چاوی زەق بووەوە، گوتی ئەم پیاوە فەرەنسییە؟ خولەکێک لەمەوبەر بە کوردی قسەی دەکرد و لەناو پێشمەرگەکان بوو، ئێستا دکتۆرێکی فەرەنسییە! لەو کاتە بەدواوە پەیوەندییەکی زۆرباشم لەگەڵ کۆشنەردا هەیە.

**ڕووداو: شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات، تۆ ئەوکاتە لە کوردستان بوویت، وەکو کەسێکی بێلایەن، لەسەر ئەو شەڕە چی دەڵێی، کێ دەستپێشخەر بوو؟**

> **بۆ کورد هەموو ڕۆژێک کاتی سەربەخۆییە**

**تیسۆ:** ناتوانم قسەی لەسەر بکەم. ئەو کات من کونسوڵی گشتیی فەرەنسا نەبووم، تەنیا پزیشکێک بووم. ئەرکەکەم سیاسی نەبوو، تەنیا پزیشکێک بووم. هەواڵی شەڕەکەم بیستبوو، شەهیدیش هەبوو لەشەڕی نێوان کورد و کورد، لە شەڕی براکاندا چۆن دەکرێ ناویان بنێن شەهید لەکاتێکدا بەدەستی برای خۆیان کوژراون؟ تێگەیشتن لەوە سەختە. بۆ من سەخت بوو تێبگەم بۆچی دیموکرات و کۆمەڵە لەدژی یەکدی شەڕ دەکەن. ئەوە چیرۆکی کوردە، ئێستا زۆر بەباشی ئاشنای ئەو چیرۆکانەم.

**ڕووداو: ساڵی 1989 یەکێک لە باشترین هاوڕێکانی تۆ کە قاسملوو بوو شەهید کرا. هەڵوێستی وڵاتانی ئەورووپی چی بوو لە کاتێکدا قاسملوو خۆی هاووڵاتییەکی ئەورووپی بوو؟**

**تیسۆ:** نزیکەی هیچ نەگوترا. لە نەمسا کوژرا، لەلایەن دیپلۆماتە ئێرانییەکانەوە، هەموو کەسێک ئەوە دەزانێ. پۆلیسی نەمسا ئەو تیرۆرستانەیان دەستگیرکرد، دواتر ڕەوانەی ئێران کرانەوە، بەڵام حکومەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا شتێکی وایان نەکرد، تەنیا چەند قسەیەکیان کرد کە لە دژی ئەو ڕووداوەن و شتی لەوجۆرە. ڕاستییەکەی ئەو ڕووداوەیان بەلاوە گرنگ نەبوو.

**ڕووداو: دکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی گفتوگۆ شەهیدکرا، ئەوەی تۆ ئاگادار بیت، مادام میتران و هاوڕێکانی ئاگاداری ئەوە بوون کە قاسملوو خەریکی گفتوگۆیە لەگەڵ ئێران؟**

**تیسۆ:** نەخێر، پێموانییە، ڕاستە کە مادام میتران هاوژینی فرانسوا میتران سەرۆکی فەرەنسا بوو، بەڵام دانیاڵ حەزی لە سیاسەت نەبوو. لە سەردەمی گەنجیدا ژنێکی سیاسی بوو، دژایەتیی ئەڵمانیای نازی دەکرد، بەڵام دوای ئەوە ڕقی لە سیاسەت بوو. نەخێر ئەو هیچی لەبارەی ئەو دانوستاندنەوە نەدەزانی.

**ڕووداو: ساڵی 1989 کۆنفرانسی پاریس کرا کە بۆ کورد گرنگییەکی زۆری هەبوو، کێ بەشداری کرد، ئایا حکومەتی فەرەنسا ئاگاداری ئەو کۆنفرانسە بوو؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، یەکەمجار بوو لە پاریس شتێکی وا ڕوویدات. ئێمە لەگەڵ پەیمانگای کوردی بە هاوکاری حکومەتی فەرەنسا ڕێکمانخست. کۆنفرانسێک بوو بە بەشداریی لایەنە کوردییەکان، وەک هەوڵێک بۆ بیرکردنەوە لە داهاتووی ئەم وڵاتە، هەروەها چی بکرێت بۆ خەڵکی کورد.

**ڕووداو: ئێران و عێراق و تورکیا دژایەتییان نەکرد؟**

**تیسۆ:** کاتێک پەیمانگای کوردیمان لە پاریس دامەزراند، پرسمان بە تاران و بەغدا و ئەنقەرە نەکرد. بۆ کۆنفرانسەکەش بەهەمانشێوە. دیپلۆماتانی تورکی و عێراقی گوتیان نەخێر ئەوە مەحاڵە، بۆ ئەو کۆنفرانسە ڕێکدەخەن! ئێمە لە فەرەنسا ئازادین. ئەگەر بمانەوێ کۆنفرانسێک ڕێکبخەین دەتوانین، خۆ کردەوەیەکی تیرۆریستی نییە. عێراقییە بەعسییەکان لە فەرەنسا لۆبییەکی گەورەیان هەبوو، لەبەرئەوەی سەددام حوسێن زۆر بەهێز بوو. دۆستی فەرەنسی هەبوون، دۆستی زۆر باش. هەماهەنگی پیشەسازی و چەک و ئۆتۆمبێل و چەندین شتی دیکەش. بازرگانییان دەکرد.

**ڕووداو: ساڵی 1990 -1991 گۆڕانکاریی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، بەتایبەتی بەهۆی داگیرکردنی کوێت لە لایەن سەددامەوە، ئەوکاتە تۆ و کۆشنەر هانی کورد دەدەن کە ڕاپەڕن؟**

**تیسۆ:** لەبیرمە لە پاریس چاومان بە دکتۆر شەرەفکەندی کەوت، لەگەڵ چەند کەسێکی سەر بە یەکێتی و پارتی، پێمانگوتن کاتی ئەوە هاتووە ئۆتۆنۆمی بەدەستبێنن. گوتمان پێویستە لەدژی سەددام شەڕ بکەن. چونکە ئێستا ئەگەری سەرکەوتن هەیە، ئێستا سەددام ڕوو لە کۆتاییە. ئەوە واقیعەکە نەبوو، چونکە سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان شەڕیان وەستاند.

> **لە فەرەنسا تەنیا دە کەس لۆبی بۆ کورد دەکرد**

لەو کاتەدا شیعەکان لە باشوور و کورد لە باکوور لەدژی سەددام ڕاپەڕین، سەددام زۆر بەهێز بوو، دەیویست هەم شیعە و هەم کورد تێکبشکێنێ. دوای ئەوە کۆڕەو ڕوویدا، دوو ملیۆن کورد بەرەو ئێران و تورکیا هەڵاتن. من و بێرنارد کۆشنەر لەسەر سنووری تورکیا وەستابووین. دەیان هەزار کوردمان بینی لە ناو بەفردا، مانگی ئادار بوو، نە خواردنیان پێبوو نە هیچ. لەو کاتەدا لەگەڵ کۆشنەر بڕیارماندا تەلەفۆن بکەین. تەلەفۆنمان بۆ دانیاڵ میتران کرد، گوتمان تکایە سەرۆک ڕازی بکە کە فەرمان بکات بە وەزیری بەرگریی فەرەنسا بۆ ئەوەی خواردن و خێوەت و پێداویستی بۆ خەڵکی کورد بەربدەنەوە. من لەگەڵ یەکەم فڕۆکە بووم کە هات و شتی بەردایەوە. زۆر مەترسیدار بوو.

**ڕووداو: بۆچی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ناڕازی بوو؟**

**تیسۆ:** لەبەرئەوەی ڕەنگە دۆستی سەددام بووبێت، لەبەر چەک و شتی دیکە. پێیگوتین ئەرکی من ئەوەیە وڵات بپارێزم و سەرقاڵی کاری مرۆیی نەبم.

**ڕووداو: ئەوکاتە فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا لە ئاسمانەوە خواردنتان بۆ ئاوارەکان دەخستە خوارەوە و ئەمریکاش هاوکاریی کرد، بەڵام هیچ پشتیوانییەکی سیاسی لە کورد نەکرا؟**

**تیسۆ:** پێموایە ئەوە ڕاست نییە، ئێمە پێکەوە بڕیارنامەی 688مان دەرکرد.

**ڕووداو: بەڵام ئەوە دواتر بوو؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، بەڵام کردمان، دەزانی بۆ سیاسییەکان بەشدار نەبوون؟ هەموو کات پێویستە گوشار لەسەر سیاسییەکان دروستبکرێت. پێشتر کەس کوردی نەدەناسی. لە فەرەنسا تەنیا دە کەس بووین کە لۆبیمان بۆ کورد دەکرد. من و کۆشنەر گوشاری زۆرمان دروستکرد. فرانسوا میتران پشتگیری کردین، دانیاڵ میتران پشتگیریی کردین.

**ڕووداو: ڕۆڵی فەرەنسا لە دەرکردنی بڕیاری ژمارە 688 دا چی بوو؟**

**تیسۆ:** لەو کاتەدا کوشنەر و ڕاوێژکارەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەو بڕیارنامەیە. فەرەنسا پێشنیازی بڕیارنامەکەی کرد کە بە هاوبەشی لەگەڵ بەریتانیا و ئەمریکا بنووسرێ. بێگومان زۆر پێویست بوو، بۆ ئێمە مەحاڵ بوو ڕێگە بدەین سەددام حوسێن بۆردومانی کورد بکات. لەو کاتەدا یەکەمجار بوو بڕیارێکی وا ستراتیژی بدرێت لە بەرژەوەندیی کورد. لەو کاتە بەدواوە کورد توانی ببێتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی و نیمچە سەربەخۆیی.

**ڕووداو: دانیاڵ میتران سەردانی کەمپی ئاوارەکانی باشووری کوردستانی کرد لە دیاربەکر و ماردین، تۆش لەگەڵیان بووی؟ لەسەر ئەو کەمپانە چیت هەیە بۆمان باس بکەیت؟**

**تیسۆ:** ئەوکات لەگەڵ دانیاڵ میتران نەبووم. دواتر لەگەڵی چووم. یەکەمجار دانیاڵ میتران سەردانی دیاربەکر و ماردینی کرد. دوای ئەم سەردانە، دانیاڵ میتران سەرۆکی فەرەنسای ڕازی کرد هەندێک کۆچبەری کورد لە فەرەنسا وەربگرێت. لەو کاتەدا کۆشنەر وەزیر بوو لە

> **هەر کات دەچوومە تورکیا ترس دایدەگرتم**

کابینەی حکومەتدا. دانیاڵ میتران داوای لە کۆشنەر کرد کەسێکی پێ بناسێنێ کە یارمەتی ئەو کۆچبەرە کوردانە بدات کە دەگەنە فەرەنسا، ئەویش تەلەفۆنی بۆ من کرد. چونکە من تاکە پزیشکی فەرەنسی بووم کە بە زمانی کوردی قسەم دەکرد. هەوڵماندا شێوازێکی دروست بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بە گەرمی و بەشێوازێکی پڕ ڕێز پێشوازییان لێبکەین. دواتر، مادام میتران و حکومەتی فەرەنسا بڕیاریان دا ژمارەیەکی دیکەی ئاوارەی کورد وەربگرن. منیش ڕاسپێردرام بۆ ئەوەی سەردانی کامپی ماردین بکەم و چەند خێزانێک هەڵبژێرم. کارێکی زۆر سەخت بوو، چونکە نەمدەزانی کێ هەڵبژێرم لەناو 18 هەزار ئاوارەدا. منیش چووم و بەمجۆرە گوتم ئەم خێزانە و ئەو خێزانە تا ژمارەکە تەواو بوو.

**ڕووداو: لەسەر شەهیدکردنی شەرەفکەندی، شاهیدیی چی دەدەیت، ئەویش بەهەمانشێوەی قاسملوو شەهید کرا؟**

**تیسۆ:** ئێوارە لەگەڵ شەرەفکەندی نانم خوارد. بۆ سبەینێ چووە ئەڵمانیا. من بەرپرسی بەهاناوەچوونی بە پەلە بووم لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا. نیوەشەو بوو، هاوڕێیەکم لە حیزبی دیموکرات تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی هەر ئێستا شەرەفکەندی لە ئەڵمانیا تیرۆر کرا. بۆ من زۆر ناخۆش بوو، شۆک بووم. دەستبەجێ تەلەفۆنم کرد بۆ باڵیۆزی فەرەنسا لە ئەڵمانیا.

> **ئێستاش جار جار سەردانی گۆڕی شەرەفکەندی و قاسملوو دەکەم**

ئەوکاتە دەسەڵاتی ئەوەم هەبوو تەلەفۆنی لەوجۆرە بکەم، پێمگوت هەر ئێستا هاوڕێیەکمان تیرۆرکرا، پێویستە بچیتە شوێنی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ببینی و بزانی چ یارمەتییەکت لەدەستدێ. ئێمە ئامادەکاریمان کرد لە شوێنێکی نزیک لە گۆڕی قاسملوو بە خاک بسپێردرێ. ئێستا شوقەکەم لە پاریس 300 مەتر دوورە لە گۆڕستانەکەوە. هێشتا لەگەڵ ئەوان دەژیم، زۆرجاریش سەردانی گۆڕەکانیان دەکەم.

**ڕووداو: فەرەنسییەکان زۆر لە کوردەوە نزیک بوون، تەنانەت فرانسۆ میتران و کۆشنەر لە یەکەم**

> **من وەکو خۆم ئەوە قبوڵ ناکەم کە پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسرێ**

**دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ئامادە دەبن، بەڵام ئەمریکا ڕۆڵی زیاتر بوو لە ئاشتکردنەوەی پارتی و یەکێتی؟**

**تیسۆ:** بێرنارد کۆشنەر و فرانسوا میتران هەوڵیاندا ڕێککەوتنێک لە نێوان یەکێتی و پارتی واژوو بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، شەڕەکە بەردەوام بوو. تاوەکو ئەو کاتەی بەهاوکاریی دیپلۆماسی ئەمریکا یەکێتی و پارتی چارەسەرێکیان دۆزییەوە و ڕێککەوتن.

**ڕووداو: ساڵی 1999 عەبدوڵڵا ئۆجەلان دێتە ئەورووپا داوای مافی پەنابەرێتی دەکات، بەڵام هیچ وڵاتێکی ئەورووپی ئەو مافەی نادات، هۆکاری ئەوە چی بوو؟**

**تیسۆ:** هەموو وڵاتانی ئەورووپا بەرژەوەندیی ئابوورییان لەگەڵ تورکیا هەبوو، شتەکە سادەیە، هەموو کاتێک پارادۆکسی تێدایە. ئەو وڵاتانە بە قسە دەڵێن مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن و بەرگرییان لێدەکەن، بەڵام هەندێجار وا ناکەن. ئۆجەلان پەناهەندەیەکی تایبەت بوو، چونکە کەسایەتییەکی سیاسی بوو، لەهەمانکاتدا لەدژی حکومەتی ئەنقەرە شەڕی دەکرد. ئەنقەرەش دۆستی ئەورووپایە و تورکیا ئەندامی ناتۆیە، سەختە هەر باسی ئەو مەسەلەیەش بکرێ کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە وڵاتانی ئەورووپا وەک پەناهەندە قبوڵ بکرێ.

> **بەعسییەکان لە فەرەنسا لۆبییەکی گەورەیان هەبوو**

**ڕووداو: دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە هاوکاریی کۆمەڵێک وڵات بوو، ئیسرائیل، ئەمریکا، ئایا فەرەنساش بەشداربوو لە گرتنی ئۆجەلاندا؟**

**تیسۆ:** من نازانم، بەڵام ڕەنگە بەشدار بووبێت، لەبەرئەوەی فەرەنسا لەگەڵ هاوپەیمانان بوو، بێگومان پەکەکە کێشە بوو بۆ ئەورووپا، چونکە هێرشی دەکردە سەر دۆستێکی ئەورووپا کە تورکیایە. ئەوە پارادۆکسە، هەمیشە دەڵێم پارادۆکسە. من وەکو خۆم ئەوە قبوڵ ناکەم کە پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسرێ. لەبەرئەوەی تیرۆریستی یەکەم لە تورکیا کێیە؟ هەمووان دەزانن کێ تیرۆریستە، بێگومان حکومەتی تورکیا.

**ڕووداو: ساڵی 2007 وەکو نوێنەری فەرەنسا لە هەولێر دەستبەکاردەبی، چۆن بوو تۆیان پێشنیاز کرد بۆ ئەو پۆستە؟**

**تیسۆ:** سەرۆک سارکۆزی و بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوە. بڕیاریاندا من دەستنیشان بکەن وەک دیپلۆماتی یەکەم لەم هەرێمە. چونکە پێشتر لێرە پزیشک بووم. بە زمانی کوردی قسە دەکەم، هەمووان من دەناسن. منیش زۆر کەسم دەناسی لە کوردستان، ئاگاداری کێشەکانی کوردستانم، بۆیە منیان هەڵبژارد. ئەوە شەرەفێکی گەورە و مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ من.

**ڕووداو: ئەوکاتەی لە هەولێر بوویت، پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ مەسعود بارزانیدا هەبوو، لە کۆبوونەوەکاندا باسی سەربەخۆیی کوردستانتان دەکرد؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، بێگومان. ڕێزی زۆرم بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی هەیە، پێکەوە باسی سەربەخۆییمان کردووە. هەندێکجار پێیگوتووم ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ سەربەخۆیی، بەڵام هەموو کاتێک هەوڵم داوە قەناعەت بە بارزانی و مام جەلال و سەرۆکوەزیرانیش بکەم کە ئێستا کاتیەتی. چونکە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەرگیز ئەو کاتە نایەت، بەڵام بۆ کورد هەموو ڕۆژێک کاتی سەربەخۆییە.

**ڕووداو: دیبلۆماتە ئەورووپییەکان یاخود ئەوانەی کە سیاسەت دەکەن لە کاتی نووسینەوەی یادەوەرییەکانیاندا، هەندێک شتی نهێنی دەدرکێنن؟ تۆ لە کتێبەکەتدا، هیچ نهێنییەکت باس کردووە؟**

**تیسۆ:** هیچ نهێنییەک نییە، من دیپلۆماتێکی فەرەنسیم، بەڵام ئازادم، هیچ نهێنییەک نییە، چونکە لەو کاتەوە کە کونسوڵی گشتی بووم تاوەکو ئەمڕۆ، ئەو شتە باس دەکەم کە بینیومە. حکومەتی فەرەنسا هاوکاری پێشمەرگەی کردووە، کونسوڵخانەی فەرەنسی لە هەولێر کردەوە. هیچ دانوستاندنێکی نهێنی نییە لەنێوان حکومەتی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان. پەیوەندی نێوان دەزگا هەواڵگرییەکان و زانکۆکان و نەخۆشخانەکان زۆر باشە. وەکو دوو وڵات پەیوەندی هەیە.

**ڕووداو: ئێستاش کار بۆ کورد دەکەی؟**

**تیسۆ:** ژیانی من لەگەڵ کورد هەرگیز کۆتایی نایەت. ئێستاش بەردەوامم لە کارکردن لە پاریس، هەموو ڕۆژێک سات بە سات ئیش بۆ کورد دەکەم. هەندێکجار خەڵکی کورد تەلەفۆنم

> **بێرنارد کۆشنەرم لە ڕێگەی قاسملووەوە ناسی**

بۆ دەکەن و دەڵێن تکایە دکتۆر تیسۆ دەتوانی شوقەیەکمان بۆ بدۆزیتەوە کە خزمەتگوزاریی سۆشیال بیگرێتەوە، یان بۆ وەرگرتنی ڤیزا داوای یارمەتیم لێدەکەن.

**ڕووداو: لە یادەوەرییەکانتدا هەر لە سەرەتاوە کە دێیت بۆ کوردستان باسی (میت) دەکەیت، میت و میت و میت، ئەو میتە چییە کە ئاوا خەڵکیان پێ ترساندووە؟ تەنانەت تۆیش لێی ترساوی؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، ئەو میتە، دەزانی میت چییە. دەزگای هەواڵگریی تورکیایە، زۆریش مەترسیدار بوو ئەگەر چووبایتە ناو خاکی تورکیا. بەتایبەت لە ناوچەکانی دەوروبەری وان تاوەکو سەر سنوور. ئەو کات هەموومان زۆر دەترساین. هەر کات دەچوومە تورکیا ترس دایدەگرتم. لە تورکیا بەندکرام، لەبەرئەوەی لەگەڵ دانیاڵ میتران چوومە تورکیا و هاوکاریی خەڵکی کوردم کرد. هەشت ڕۆژ لە زیندان مامەوە. بەڕاستی زۆر دەترسام.

**ڕووداو: لەو ماوە دوورودرێژەی کە پەیوەندیت بە کوردەوە هەبووە، زیاتر شانازی بە چ شتێکەوە دەکەی؟**

**تیسۆ:** هەر لەو کاتەوە کە پزیشک بووم لە کوردستان و یارمەتی خەڵکی کورد و پێشمەرگەم دەدا مایەی شانازیمە، هەروەها شانازی دەکەم کە بوومە یەکەم کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە کوردستان، وڵاتی داهاتووی من.



# WHO: 50%ی تووشبووانی ئەنفلۆنزای باڵندە، مردوون

# ئەنفلۆنزای باڵندە لە دیالەوە سەرهەڵدەداتەوە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

لە سنووری پارێزگای دیالە ئەنفلۆنزای باڵندە بڵاودەبێتەوە و سەرچاوە لۆکاڵییەکانی پارێزگاکەش دەڵێن زیاتر لە 25 هەزار مریشک لە یەکێک لە کێڵگەکانی پەلەوەر لەنێوبراون. وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق و رێکخراوی جیهانیی تەندروستیی ئاژەڵان دواتر پشتڕاستیان کردەوە کە ڤایرۆسی (H5N8) رۆژی 27ی مانگی پێشوو لە پارێزگای دیالە تۆمارکراوە.

ئەنفلۆنزا لەکۆنەوە لەگەڵ مرۆڤ بووە، هیپۆکراتی باوکی پزیشکیی مۆدێرن باسی کردووە. لە مێژووشدا کارەساتی زۆر گەورەی قەوماندووە، بەپێی ئاماری رێکخراوی جیهانیی تەندروستی، ئێستاش ئەنفلۆنزای وەرزی، ساڵانە 250-500 هەزار کەس دەکوژێت.

ئەوەی پسپۆڕان لێی دەترسن، ئەوەیە کە ئەنفلۆنزایەکی نوێ و نامۆ بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە و هاوشێوەی پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانی ببێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی کە ساڵی 1918-1919 لەگەڵ راوەستانی جەنگی یەکەمی جیهانی بڵاوبووەوە و نزیکەی 100 ملیۆن کەسی لەنێوبرد، واتە زۆر زیاتر لە ژمارەی قوربانیانی جەنگەکە.

ڤایرۆسی تووشکەری ئەنفلۆنزای باڵندەش بەوە ناسراوە بە کەمی بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، بەڵام کە تووشی مرۆڤ بوو کوشندەیە، بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی جیهانیی تەندروستی، لە ساڵی 2000ەوە نزیکەی 900 کەس تووشی ئەم نەخۆشییە بوون و 450 کەسیان مردوون، ئەوەش رێژەیەکی بەرزی مردنە بە نەخۆشییەکی گوازراوە.

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ سەرەتا دەبێ خەڵکی هۆشیار بکرێنەوە کە سەرما هۆکاری تووشبوون بە هەڵامەت و ئەنفلۆنزا نییە. د.زانیار نووری عوسمان، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی لە سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت: "ئێستاش تووشبووی ئەنفلۆنزا دێنە لامان و دەڵێن بەهۆی سەرماوە نەخۆشکەوتوون و گەرم خۆیان پێچاوەتەوە، لەکاتێکدا هۆکاری ئەنفلۆنزا و هەڵامەت نە سەرمایە و نە گەرما، بەڵکو ڤایرۆسێکی تووشکەرە کە لە کەسێکی تووشبوو بۆ یەکێکی تەندروست دەگوازرێتەوە".

د.زانیار دەڵێت: "خۆ بە سەرما بووایە، دەبوو سویدی و نۆرویژی و فینلەندییەکان هەمووەم هەڵامەت و ئەنفلۆنزایان هەبووایە، خەڵکی بیابانی عەرەبی و ئەفریقیش لە ئەنفلۆنزا دووربوونایە، کەچی بەپێچەوانەوە، بەهۆی هۆشیارییانەوە ئەنفلۆنزا لە ئەسکەندەناڤیا کەمترە بەراورد بە ناوچە گەرمەکانی ئێمە".

چاودێریی رەوشەکە دەکەین و ئامادەسازیش دەکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر لێکەوتەیەکی مەترسیداری نەخۆشییەکە

دکتۆر زانیار ئامۆژگاریی هاووڵاتیان دەکات و دەڵێت هەنگاوی هەرە گرنگ خۆبەدوورگرتنە لە بەرکەوتن لەگەڵ تووشبووان "کەواتە تکایە لەمەودوا لە بری ئەوەی سێ بلو ز و پاڵتۆیەک لەبەر بکەی بۆ خۆپاراستن لە ئەنفلۆنزا، بەرکەوتنت لەگەڵ کەسانی تووشبوو کەم بکەوە. کە خۆیشت تووش بووی، بزانە پژمە و کۆکە و تەوقەکردنت لەگەڵ کەسانی تەندروست، ڤایرۆسەکەیان بۆ دەگوازێتەوە".

سەبارەت بە ئەنفلۆنزاکەی دیالەش دەڵێ: "ئەنفلۆنزا چۆن تووشی ئێمە دەبێ، تووشی ئاژەڵیش دەبێ، ترسەکە ئەوەیە ئەو جۆرانەی لە ئاژەڵەکاندا هەن، گۆڕانکاریی جینی لە خۆیاندا دروستبکەن و توانا پەیدا بکەن وەکوو جۆرێکی نائاشنا و نامۆ بە کۆئەندامی بەرگریی مرۆڤ، بچنە جەستەی مرۆڤەوە و نەخۆشی بخەن".

دکتۆر زانیار دەڵێ یەکەم هەنگاو بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی گواستنەوەی ڤایرۆسی (H5N8) لەسەر خەڵکی عێراق و کوردستان، ئەوەیە هەر لەئێستاوە و لەنێو پەلەوەرەکانەوە قەلاچۆ بکرێ، تاوەکو ئەو ئەگەرە نەهێڵین کە رەنگە ڤایرۆسەکە توانا پەیدا بکات و بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە.

هۆشداریش دەدات کە تەنیا پزیشکان دەتوانن حاڵەتی سادە و ئاڵۆزی مەترسیداری ئەنفلۆنزا جیاوازەکان (وەرزی، بەراز و باڵندە) لێک جیابکەنەوە "وەکوو زەردوویی نییە هەمووان بیناسنەوە، بەڵکوو نیشانەی زۆربەی ئەنفلۆنزاکان و پەتاکانی کۆئەندامی هەناسە لێکدەچن و نیشانەیەکی تایبەت نییە کە بە ئاسانی لێکیان جیابکاتەوە".

پسپۆڕێکی بواری نەخۆشییەکانی پەلەوەر دەڵێ تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسانی ئەکادیمیی وەکوو ئەوی رانەسپاردووە لێکۆڵینەوە بکەن لەبارەی ڤایرۆسەکە کە ئایا لە کوردستان هەیە یان نا، هەروەها چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی.

د.نەوزاد رەشید، پسپۆڕی پەلەوەرزانی و مامۆستای کۆلێژی ڤێتەرنەری لە زانکۆی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی ئەم پەتا ڤایرۆسییانە پێویستی بە کاری تیم و بە کۆمەڵ هەیە کە دەبێ ئێمە وەکوو ئەکادیمی و مامۆستایانی زانکۆ ئەندامێکی کارای بین تاوەکو زانستانە لێی بکۆڵینەوە، بەڵام هەرگیز ئێمە بانگهێشت نەکراوین تاوەکو لە مەترسی و چارەسەری ئەو نەخۆشییانە بکۆڵینەوە".

بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی دەڵێ ئەوان لەگەڵ پەیوەندیدارانی کشتوکاڵ و ڤێتەرنەری لە هاوئاهەنگیدان بۆ گەمارۆدانی هەر مەترسییەک.

د.رزگار عەلی، بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە ئاگاداری ئەو حاڵەتانەی دیالەین و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگە تایبەتمەندەکانی دیکە چاودێریی رەوشەکە دەکەین و ئامادەسازیش دەکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر لێکەوتەیەکی مەترسیداری نەخۆشییەکە لەسەر مرۆڤ".

د.نەورۆز عوسمان، سەرۆکی بەشی نەخۆشییە گواستراوەکان، دەڵێت تاوەکوو ئێستا لە شارەکانی کوردستان نەخۆشخانەی تایبەت بە جیاکردنەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان (پەتاگەری) نییە، بۆیە ساڵانە ناچارن هۆبەیەکی بچووک لەنێو نەخۆشخانەیەک دابین بکەن بۆ جیاکردنەوەی هەر حاڵەتێکی گوماناوی.

لەوبارەیەوە د. خالس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "ئێستا دۆخی ئابووریمان لە ئاستێکی وەهادا نییە باسی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی لەو جۆرە بکەین، پێشتریش کە قەیران نەبوو، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی داواکاریی لەو جۆرەیان لە وەزارەت نەکردووە تاوەکوو بۆیانی جێبەجێ بکەین".


بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی لە سلێمانی

### نیشانەکانی:

سەرەتا ئەنفلۆنزاش وەک هەڵامەت دەستپێدەکات بە نیشانەکانی وەک لووتگیران و سووتانەوەی قوڕگ و لووت و تای کەم. بەڵام لە ئەنفلۆنزادا دواتر ئازاری ماسولکەکان و داهێزرانی لەش و هەوکردنی سییەکانی بەدوادا دێت.

### کێ خۆی بکوتێ؟

- منداڵانی سەروو شەش مانگ و خوار دوو ساڵ.
- پزیشک و کارمەندانی تەندروستی.
- ژنانی سکپڕ.
- کەسانی سەروو 65 ساڵ
- ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، وەکوو: رەبۆ، دڵ، خوێن، شەکرە، ئایدز، شێرپەنجە، سستی گورچیلە و جگەریان هەیە.

### بۆچی ئەنفلوەنزا لە زستاندا بڵاودەبێتەوە؟

- لە وەرزی سەرمادا خەڵکی زۆرتر لە شوێنی داخراودا دەمێننەوە. بۆیە کاتێک کەسێک تووش دەبێت، بە ئاسانی خەڵکی چواردەوری تووش دەکات.
- لە زستاندا هەوا سارد و وشکە، ئەوەش نێو لووت و کەناڵەکانی هەوا وشک دەکاتەوە و لووت ناتوانێ ڤایرۆسەکە لەگەڵ شلەکانی نێوی فڕێ بداتە دەرەوە.
- کەشی فێنک و وشک، ژینگەی نموونەیین بۆ مانەوەی ڤایرۆسەکە و گواستنەوەی.

# وەرزش ئازاری سووڕی مانگانە کەمدەکاتەوە

رووداو- فرۆیندین

گۆڤاری (فرۆیندین)ی ئەڵمانی دەڵێ وەرزشکردن رێگایەکی کارایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سەختییانەی خانمان لەکاتی سووڕی مانگانەدا گرفتاریان دەبن کە بریتین لە ئازار و کرژبوونی سک، سەرئێشە، هەستکردن بە ماندوێتی و پشتئێشە و گرفتی دیکە.

گۆڤارەکە کە گرنگیی بە تەندروستی و جوانی دەدات، دەڵێ لەکاتی سووڕی مانگانەدا ماسولکەکانی منداڵدان بەشێوەیەکی رێکخراو، شەپۆلی گرژبوونیان پێدا دەڕوات، ئەوەشە هۆکاری ئەو ئازارە زۆرەی سووڕی مانگانە.

هەرچی وەرزشە، ئەوە خوێنێکی زۆرتر دەنێرێ بۆ منداڵدان و حەوز، بەوەش کاریگەریی گرژبوونەکان کەمدەکاتەوە، چونکە لەکاتی گرژبووندا خوێن لە ناوچە کرژەکە کەمە و هۆکارێکی سەرەکی ئازارەکەش کەمبوونەوەی خوێن و ئۆکسجینە لە ناوچە کرژبووەکە.

گۆڤارە تەندروستییەکە رێنمایی خانمان دەکات لەکاتی سووڕی مانگانەدا پایسکیلسواری و پیادەڕەوی زیاتر بکەن. هەروەها یۆگاش سووڕی خوێن بە گشتی چالاکدەکات و ماندوێتییەکی کەمتری دەوێ و بۆ ئەوانە گونجاوە کە خواستی وەرزشی ماندووکەریان نییە.

بە گشتیش وا باسە وەرزشەکان لە سەختیدا مامناوەند بن، نەک زۆر سەخت بن و ماندوویی و کەنەفتییەکی زیاتر لە جەستەدا دروستبکەن.



# وەرزش کێشت زیاد دەکات!!

رووداو- DW

بە بەرنامە وەرزش دەکەی، خۆت ماندوو دەکەی بۆ ئەوەی کێشت دابەزێ، کەچی کاتێک خۆت دەکێشی، دەبینی کێشت زیادی کردووە! پشکنینت بۆ دەکەن دوای دەستپێکردنی پرۆگرامە وەرزشییەکە، دەبینی بارستایی چەوریی لەشت زیادی کردووە! توێژینەوەیەکی نوێی ئەمریکی ئەمەی دەرخستووە و توێژەرەکانیش سەریان سوڕنەماوە، چونکە ئەوان دەڵێن وەرزشکردن تاکە رێگای دابەزاندنی کێش نییە!

توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی ئەریزۆنای ئەمریکا دەریخستووە وەرزشکردن بەبێ پرۆگرامێکی خۆراکیی دروست، نابێتە هۆی دابەزاندنی کێش، بگرە هەندێکجار زیادیشی دەکات، چونکە بەشێک لەوانەی وەرزش دەکەن لە جاران زیاتر دەخۆن!

توێژینەوەکە لەسەر 81 خانم کراوە و ئەنجامەکەی لە جۆرناڵی زانستی "Strength and Conditioning Research" بڵاوکراوەتەوە.

ئەوانەی توێژینەوەکەیان لەسەر کراوە بۆ ماوەی 12 هەفتە خراونەتە پرۆگرامێکی وەرزش و چالاکیی جەستەییەوە، لە هەر هەفتەیەکدا سێ رۆژ وەرزشیان پێدەکرا، بەڵام هیچ رێنماییەکیان پێ نەدەدرا لەبارەی باشکردنی شێوازی خواردنیان. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەرکەوت 70%ی بەشداربووان کێشیان نەک کەمی نەکردووە، بەڵکوو زیادیشی کردووە.

توێژەرەکان دەڵێن "پاش ماوەیەک لە وەرزشکردن چاودێریی کێشت بکە، ئەگەر نەگۆڕابوو یان زیادی کردبوو، ئەوە دەبێ سەرنج بدەیتە سەر نەریتی خواردنت، چونکە گرفتەکە لەوێیە".

توێژەران گوتوویانە ئەگەر بە وەرزش بڕێک کالۆری بسووتێنی و دواتر بە زیادەخۆری هێندەی ئەوە و زیاتر بخۆی، ئەوە کێشت دانابەزێ!

بۆ نموونە ئەگەر کەسێک کێشی 70 کیلۆگرام بێ، بە وەرزشکردن بۆ ماوەی نیو کاژێر 350 کالۆری وزە دەسووتێنێ. بەڵام پارچەیەک شوکولاتە بخوات، ئەوە 350 کالۆری وزە وەردەگرێتەوە، بۆیە گۆڕانکاری لە کێشی روونادات، سەرەڕای وەرزشکردنەکە.

# ئایا پێڵاوی نەرم و فەروو زیانبەخشە؟



رووداو- RTL

پزیشکێکی پسپۆڕی ئەڵمانی هۆشداری دەدات لە لەپێکردنی پووتی نەرم و فەروو، چونکە دەبێتە هۆی شێواندنی پێیەکان و ئازاری خوارەوەی پشت.

گێرنۆت فۆگڵس، پزیشکی ئێسک و بڕبڕەی پشت، بە کەناڵی (ئار تی ئێڵ)ی ئەڵمانی راگەیاند کە ئەو پێڵاوانەی لە ماددەی نەرم و شل دروستکراون، خاڵێکی پتەوی جێگیر نادەنە پێیەکان لەکاتی رۆیشتندا، هەروەک پەرژینێکی سنووردار بۆ پێیەکان دروستناکەن، ئەوەش بە شێوانی پێیەکان لەگەڵ تێپەڕینی کات کۆتایی دێ.

پزیشکە ئەڵمانەکە هەروەها دەڵێ: "بەردەوامیی لەپێکردنی پێڵاوی فەروو بۆ ماوەی درێژ، دەبێتە هۆی ئازاری پێیەکان و شێواویی درێژخایەنیان". شێوانی پێیەکانیش کار لە جێگیری و گۆشەی نووشتانەوە و رێکبوونەوەی ئەژنۆکان دەکات، ئەوەش رێگە خۆشدەکات بۆ داخورانی کرکڕاگەی ئەژنۆ. بە گشتیش نارێک رۆیشتن لە ئەنجامی گرفتی پێیەکان و ئەژنۆ، کار لە پشت دەکات و دەبێتە هۆی ئازاری خوارەوەی پشت.

واتە پێڵاوی نەرم و فەروو کار لە رۆیشتن و تەواوی ئەو جومگانە دەکات کە پێکیدەهێنن، بۆیە پزیشکە پسپۆڕەکە رێنمایی دەدات، هەر کەسێک خواستی لەسەر ئەو جۆرە پێڵاوانە هەیە، سەردانی پزیشکی ئێسک و جومگە بکات بۆ ئەوەی باشترین دیزاینی بۆ دیاری بکات.

ئەوانەی ئەم جۆرە پێڵاوانە لەپێ دەکەن و ئازاری پێیەکانیان هەیە، بە هەندێک وەرزشی سادە دەتوانن ئازارەکە کەم بکەنەوە، وەکوو راوەستان لەسەر نووکی پێ و یاریکردن بە تۆپێکی گۆڵف، ئەوەش بە هێنان و بردنی لە رێگەی گوشار لەسەر دانانی بەبنی پێیەکان.

ئەگەر هەر ئەو پێڵاوانەش لەپێ دەکەی، وا باشە ماوە ماوە بێ، واتە ماوەیەک پێڵاوی ئاسایی ماوەیەک فەروو، بۆ ئەوەی بوار نەدرێ پێیەکان تووشی شێوان ببن.

# دەزگا هەواڵگرییەکان چی لەبارەی حەشارگەی بەغدادی دەڵێن؟

**رووداو- هەولێر**

هەواڵگریی ئەمریکا و رووسیا لە هەردوو دیوی رووباری فورات دەگەڕێن، هەردوولا گومان دەکەن ئەبوبەکر بەغدادی لەو ناوچەیە خۆی شاردبێتەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا 25 ملیۆن دۆلار خەڵاتی بۆ هەر کەسێک داناوە کە زانیارییەکەی ببێتە هۆی دۆزینەوە یان کوشتنی بەغدادی، تاوەکو ئێستا هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون. پرسیاری سەرەکیش ئەوەیە بۆچی دۆزینەوەی شوێنی بەغدادی ئاسان نییە.

## سیخوڕی بەسەر داعشەوە زەحمەتە

دەزگا هەواڵگرییەکان بۆ دەستخستنی زانیاری پشت بەو سەرچاوانە دەبەستن کە لە خەڵکانی ناوچەی جێی مەبەستەوە بۆیان دێت، بەڵام دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی رۆژئاوایی نەیانتوانیوە سیخوڕ بنێرنە نێو داعشەوە. کۆمەڵێک سەرچاوەی هەواڵگریی ئوردنی بە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە توندئاژۆیی (ICSVE) یان راگەیاندووە کە وڵاتەکەیان توانیویەتی سیخوڕ بنێرێتە نێو رێکخراوی داعش و سیخوڕەکەیان تاوەکو پلەی فەرماندەییش چووە، بەڵام ناچاربوون پێش هێرشەکانی سەر شاری رەققە، بە فڕۆکە رزگاری بکەن.

بەرپرسانی کۆسۆڤۆش بە (ICSVE) یان راگەیاندووە کە ئەوانیش هەوڵی ناردنی سیخوڕیان داوە، بەڵام شکستیان هێناوە، تەنانەت یەکێک لە سیخوڕەکانیان لای داعش ئاشکرا بووە و کوژراوە. هەواڵگریی ئیسرائیل و رووسیا توانیویانە سیخوڕ رەوانەی نێو رێکخراوەکە بکەن، بەڵام ئەوانیش ئەستەمە بتوانن لە کاتی خۆیدا و بە خێرایی زانیارییەکان بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانی خۆیان بنێرن.

توێژەرانی ناوەندە ئەمریکییەکە لەگەڵ 66 ئەندامی دەستگیرکراو یان گەڕاوەی داعش قسەیان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کادیرەکانی داعش لەژێر چاودێرییەکی توندی رێکخراوەکەیاندا بوون، بۆ نموونە مۆبایلەکانیان لێ وەردەگیرا.

> بیدۆزینەوە یەکسەر دەیکوژین
>
> فەرماندەیەکی ئەمریکی

شایەتحاڵەکان دەڵێن زۆرجار بیستوویانە کەسێک بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ رووسیا کوژراوە، هەرچەندە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەمترین بەڵگە لەبەردەست نەبووە کە بیسەلمێنێت کەسەکە کاری بۆ رووسیا کردووە.

کۆنە ئەندامانی داعش جەختیان لەوە کردووەتەوە کە باڵی هەواڵگریی داعش (ناسراو بە ئەمنی) بەردەوام لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بووە، نەوەک سیخوڕ دزە بکاتە نێو سەرکردایەتیی رێکخراوەکەوە، هەر بۆیە "هەموو پەیوەندییە دەرەکییەکان لەژێر چاودێریدا بوون، ئەوانەی کە لە رێکخراوەکەدا نوێ بوون و هیچ کەسێک پشتگیری نەکردبوون ماوەیەک لەژێر چاودێری و لێکۆڵینەوەی ئەمنیدا دەمانەوە".

ئەگەر چەکدارێکی نوێ لەلایەن کەسێکی دیکەوە پشتگیری لێنەکرابا، داعش یەکسەر رەوانەی بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دەکرد. فەرماندەکانی داعش پێیانوابوو ئەگەر ئەو چەکدارە لە شەڕێکی سەختدا نەترسانە شەڕ بکات و رزگاری بێت، ئەوە دەکرێت هی ئەوە بێت متمانەی پێبکەن، ئەگەریش دوای شەڕێکی نەترسانە کوژرا، ئەوە حیسابی "شەهید"ی بۆ دەکرێت.

## گەڕان بەدوای شوێنپێیەکاندا

نادا بۆکۆس یەکێک لەوانە بووە کە لە نێوان سالانی 2003 بۆ 2006 بەشداری هەوڵەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (سی ئای ئەی) بووە بۆ دۆزینەوە و کوشتنی ئەبو مەسعەب زەرقاوی کە بە دامەزرێنەر و باوکی رێکخراوی قاعیدەی عێراق و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق (داع) دادەنرێت.



رەنگە خەلیفەی دەوڵەتەکەی داعش بە جلی ژنانەوە، یان خۆی لەنێو تونێلەکانی مووسڵ شاردبێتەوە

بۆکۆس بە کەناڵی تەلەفزیۆنی هیستری دەڵێت: "هەموو گومانلێکراوێک شوێنەوار جێدەهێڵێ، چونکە هەموو مرۆڤێک بەدوای کۆمەڵێک شتدا دەگەڕێ، لەوانەش خۆراک، پەناگە و هێڵی پەیوەندی لەگەڵ خەڵک. ئەمانە کۆمەڵێک غەریزەی بنەڕەتیی مرۆڤن بۆ مانەوە و هەر ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی کەسەکە شوێنەوار جێبهێڵێ".

جیا لەمە هەموو مرۆڤێک خاڵی لاوازیی هەیە، بۆ نموونە نەخۆشی و ئەو شتانەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکە پێویستن. خێزان، هاوڕێی نزیک و ئەو شوێنانەی کە گومانلێکراو وەکوو ماڵ یان وڵاتی خۆی سەیریان دەکات، خاڵی دیکەی لاوازین کە دەکرێت بەهۆیانەوە شوێنەوار جێبمێنێ.

بۆکۆس دەڵێت "کاتێک بۆ زەرقاوی دەگەڕاین، هەموو فۆکەسمان لەسەر ئەوە بوو کە ئەو لە کوێی تۆڕەکەدا هەست بە پارێزراوی دەکات، لە کوێوە پەیوەندی بە خەڵکانی دیکەوە دەکات و دەیەوێت ژیانی رۆژانەی لە کوێ بەسەربەرێ".

دواجار هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا بۆیان دەرکەوت کە زەرقاوی لە حوزەیرانی 2006دا لەگەڵ ئیمامێکدا دیداری دەبێت. دیدارەکە لە دەرەوەی شاری بەعقووبە دەبوو. درۆنە ئەمریکییەکان شوێن ئۆتۆمبێلی ئیمامەکە کەوتن کە بەرەو شوێنی دیدارەکە بەڕێوەبوو. لەگەڵ گەیشتنی ئیمامەکە بۆ خانووەکە، فڕۆکەی ئێف 16ی ئەمریکی خانووەکەیان بۆردومان کرد.

بەڵام وەکوو بۆکۆس دەڵێت، رێکخراوەکەی زەرقاوی زیاتر مەرکەزی بوو، لە کاتێکدا داعش رێکخراوێکی هەرەمییە. ئەمە لە لایەکەوە دەرفەتی ئەوە بە داعش دەدات بە ئاسانی هەڵسێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی ئەوە بە بەغدادی دەدات بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

لە کۆی ئەو 66 کۆنە کادیرەی ناوەندە ئەمریکییەکە دیمانەی لەگەڵ کردوون، ژمارەیەکی یەکجار کەمیان بەغدادییان لە نزیکەوە بینیوە. جیا لەمەش داعش و کادیرە هەواڵگرییەکانی رژێمی سەدام حوسێن کە ئێستا لە رێکخراوەکەدان، ئەزموونیان لە کوژرانی زەرقاوی و بن لادن لەلایەن ئەمریکا وکوژرانی سەرکردەی چیچانییەکان لەلایەن رووسیاوە وەرگرتووە. وەکوو لە راپۆرتەکەی (ICSVE)دا هاتووە، بەغدادی کۆمەڵێک رێگەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، لەوانەش ئەو تونێلە هەزار بە هەزارانەی لە دەشتی نەینەوا دروستیان کردوون، یان دەتوانێت بە جلی ژنان و لەژێر پەچەدا خۆی بشارێتەوە.

مانگی ئابی رابردوو، ژەنەراڵ ستیڤن تاون سێند، فەرماندەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش رایگەیاند: "بەڕای من ئەو هەر دەبێت لە عێراق یان لە سووریا بێت. وابزانم دەبێ لە شوێنێک لە دۆڵی رووباری فوراتدا خۆی شاردبێتەوە". درێژایی ئەو ناوچەیە 250 کلیۆمەترە. جیا لەمەش ئەو ناوچەیە جێی ناکۆکیی رووسیا و حکومەتی سووریا لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی، ئەمەش خاڵێکی یارمەتیدەرە بۆ بەغدادی تاوەکو خۆی بشارێتەوە. چونکە هێزەکان لەو ناوچەیە ئەوەندەی هەوڵ دەدەن تووشی شەڕ و پێکدادان نەبن، ئەوەندە هەوڵی دۆزینەوەی بەغدادی نادەن، ئاخر هەموو هەوڵێکی لەو جۆرە دەکرێت هێزەکانی ئەو ناوچەیە تووشی پێکدادان بکات.

تاونسێند لەبارەی هەوڵەکانی ئەمریکاش بۆ دۆزینەوەی سەرکردەی داعش، گوتی: "ئێمە هەموو رۆژێک بەدوای ئەودا دەگەڕێین، پێشموایە کاتێک دۆزیمانەوە یەکسەر هەوڵی کوشتنی دەدەین، چونکە ئەوەندە ناهێنێت هەوڵی دەستگیرکردنی بە زیندوویی بدەین".

### بەغدادی و کارتی هەڵبژاردن

> ژمارەیەک بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی عێراق بە ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکییان راگەیاندووە کە دوور نییە حکومەتی عێراق لە سێ مانگی داهاتوودا هەوڵەکانی بۆ دەستگیرکردنی بەغدادی چڕبکاتەوە. بە تایبەتیش لە کاتێکدا حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، چاوی لەوەیە دەستگیرکردن یان کوشتنی بەغدادی وەکوو کارتێک لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاردا بەکاربهێنێ.

# رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران ئەورووپا و ئەمریکا رووبەڕوو دەکاتەوە

**رووداو- هەولێر**

رۆژی هەینیی رابردوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند ئەگەر مەرجەکانی ئەو بۆ پێداچوونەوە بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران جێبەجێ نەکرێن، ئەوە دوایین جاری دەبێت متمانە بە رێککەوتنەکە بدات، داوای لە هاوپەیمانە ئەورووپییەکان و کۆنگرێسیش کرد کار بکەن بۆ ئەوەی "کەموکورتییە کارەساتبارەکان"ی رێککەوتنەکە چاک بکەن.

رۆژێک پێش راگەیەندراوەکەی ترەمپ، ژمارەیەک لە وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لە برۆکسل لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران کۆبوونەوە و جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان پابەندن بە رێککەوتنەکە، هەرچەندە نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران و فراوانخوازییەکانی لەناوچەکەدا دەربڕی. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت بڕیارەکەی ترەمپ گوشاری زیاتر بخاتە سەر ئەورووپییەکان و دووریش نییە درز بخاتە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا.

لە رێککەوتنەکەی 2015ی نێوان ئێران و گرووپی 5+1دا، سێ وڵاتی ئەورووپی بەشدارن کە بریتین لە بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا، جگە لەو سێ وڵاتە، فێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوە و سیاسەتی ئەمنیی یەکێتیی ئەورووپاش کەسێکی چالاک بووە لە رێککەوتنەکەدا، هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ پرسی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە پرسی بەرنامەی مووشەکیی ئێران و دەستتێوەردانی تاران لە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست جیابکەنەوە.

ترەمپ ماوەی 120 رۆژی بۆ پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی ریشەیی رێککەوتنەکە داناوە. لەوبارەیەوە گوتی: "سەرەڕای حەزی خۆم، تاوەکو ئێستا ئەمریکام لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەکشاندووەتەوە، بەڵکو دوو رێگەم داناوە: یان ئەوەتا کەموکورتییە کارەساتبارەکانی رێککەوتنەکە چاک دەکرێن یان ئەمریکا لە رێککەوتنەکە دەکشێتەوە"، جەختی لەوەش کردووە "ئەمە دوایین دەرفەتە" بۆ ئەوەی رێککەوتنێکی دیکە ئامادە بکرێت، چونکە ئەگەر رێککەوتنە نوێیەکە ئامادە نەکرێت "ئەمریکا جارێکی دیکە لادانی سزاکان لەسەر ئێران درێژ ناکاتەوە، لە هەر کاتێکیشدا هەست بکەین رێککەوتنە نوێیەکە ئامادە ناکرێت، یەکسەر لە رێککەوتنەکەی ئێستا دەکشێینەوە".

> ئەمریکا لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، ئەوا سزاکانی هەموو ئەو کۆمپانیا ئەورووپییانەش دەگرێتەوە کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن



ترەمپ ماوەی 120 رۆژی بۆ پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی ریشەیی رێککەوتنەکە داناوە

ئیدارەی ترەمپ کۆمەڵێک مەرجی سەختی داناوە بۆ ئەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنەکەدا بمێنێتەوە. یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان مافی سەردانی هەموو بنکەیەکی ئەتۆمیی ئێرانیان هەبێت، مەرج و خاڵە بنەڕەتییەکانی رێککەوتنە کە رێگە لەوە دەگرن ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، هەتاهەتایی بن، نەک ئەوەی پاش 10 یان 15 ساڵ بەسەر بچن. واشنتن داواش دەکات سیستەمی مووشەکی دووربڕی ئێران و بەرنامەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی ئێران جیانەکرێنەوە و وەک یەک پاکێج مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

بەرپرسێکی کۆشکی سپی دەڵێت ترەمپ دەیەوێت کۆنگرێسیش لە هەوڵەکانی ئەو بۆ توندکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا بەشدار بێت، بۆیەش داوای لە کۆنگرێس کردووە بەو مادە یاساییانەدا بچنەوە کە تێیدا مەرجەکانی ئەمریکا بۆ مانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە دیاری کراوە. جەختی لەوەش کردەوە کە ئێستا واشنتن لەگەڵ ئەورووپییەکان دانوستاندن دەکات بۆ ئەوەی دەنگی پشتگیری بۆ پرۆژەکەی ترەمپ کۆبکاتەوە.

ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بە گەورەترین دەستکەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکە دەزانێ، بەڵام بەرپرسێکی کۆشکی سپی بە (رۆیتەرز)ی راگەیاندووە کە ترەمپ لە کۆبوونەوە تایبەتەکاندا گوتبووی ئەو رێککەوتنە ئەمریکا لاواز نیشان دەدات.

ئێران سوورە لەسەر ئەوەی رێککەوتنەکە دەبێت وەکوو ئەوەی کراوە جێبەجێ بکرێت و رەتی دەکاتەوە جارێکی دیکە لەسەر مادەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دانوستاندن بکات، بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە ئێران ئامادە دەبێت لە رێککەوتنە 150 لاپەڕەییەکەدا بمێنێتەوە ئەگەر ئەمریکا لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە؟

بەرپرسانی ئێرانی دەزانن کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنەکە بەربەستی گەورە بۆ ئەو دەستکەوتە ئابوورییانە دروستدەکات کە لە چوارچێوەی رێککەوتنەکەدا بەدەستیهێناون. چونکە ئەگەر ئەمریکا لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا هەموو ئەو کۆمپانیا ئەورووپییانەش دەگرێتەوە کە مامەڵەی بازرگانیی گەورە لەگەڵ ئێران دەکەن، ئەمەش دەستی ئەورووپییەکان دەبەستێتەوە لەوەی ئازادانە کار لەگەڵ کۆمپانیا، بانک و پیشەسازییە جیاجیاکانی ئێراندا بکەن.

بڕیارە رۆژی 22ی کانوونی دووەم وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان لە برۆکسل بکەن و چاوەڕێش دەکرێت هەڵوێستی ئەورووپا بەرامبەر بڕیارەکەی کۆشکی سپی و رێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە تەوەرێکی سەرەکیی کۆبوونەوەکە بێت.

وەکوو جەی سۆلۆن، شارەزای کاروباری ئێران لە پەیمانگای واشنتن ئاماژەی بۆ دەکات "ئەوە یەکەمجار نییە ئەورووپا و ئەمریکا لەسەر پرسێکی پەیوەندیدار بە ئێرانەوە تووشی ناکۆکی قووڵ و ستراتیژیک ببنەوە". هەر سێ ئیدارەی بیل کلینتن، جۆرج بوشی باوک و جۆرج بوشی کوڕ سەبارەت بە سزاکانی سەر ئێران لەگەڵ ئەورووپییەکاندا کێشەیان هەبووە.

جیاوازیی هەڵوێستی ئەمریکا و ئەورووپا بەرامبەر ئێران و رووداوەکانی ئەم وڵاتە لە ماوەی خۆپیشاندانەکەکانی ئەمدواییەی ئێراندا زەقتر دەرکەوت. ئەورووپییەکان هەڵوێستێکی موحافەزەکارانەیان بەرامبەر خۆپیشاندانەکان هەبوو، تەنیا داوایان لە حکومەت و خۆپیشاندەران کرد خۆیان لە توندوتیژی بپارێزن. بەڵام ترەمپ هەر لە رۆژی یەکەمەوە پشتگیریی حکومەتەکەی بۆ خۆپیشاندەران دەربڕی.

سۆلۆن، کە ساڵانێکە لە پەیوەندییەکانی ئێران و رۆژئاوا دەکۆڵێتەوە، پێیوایە بەشێک لە جیاوازیی هەڵوێستی ئەورووپا و ئەمریکا بەرامبەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و رووداوە نێوخۆییەکانی ئێران بۆ جیاوازیی تێڕوانینی واشنتن و بروکسڵ بەرامبەر حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری میانڕەوی ئێران، دەگەڕێتەوە.

بە بۆچوونی سۆلۆن، ئەورووپییەکان پێیانوایە روحانی سەرکردەیەکی میانڕەوە کە دەیەوێت رێککەوتنەکە وەکوو ئامرازێک بۆ خۆشترکردنی گوزەرانی خەڵکی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی موحافەزەکارەکان بەکاربهێنێ، بەڵام ترەمپ و راوێژکارەکانی سوورن لەسەر ئەوەی روحانی تەنیا "رواڵەتێکی نەرمی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرە". ژمارەیەک لە بەرپرسانی کۆشکی سپیش پێیانوایە روحانی ئەگەر بیشیەوێت ناتوانێت چاکسازی لە ئێراندا بکات، هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر خۆپیشاندانەکانی ماوەی رابردووش بە بەڵگە دەهێننەوە.

هەرچەندە ترەمپ ئامادە بوو بۆ ماوەی سێ مانگی دیکەش متمانە بە رێککەوتنەکە بدات، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوودا مشتومڕی توند لە نێوان واشنتن و پایتەختە ئەورووپییەکاندا هەبێت. ئەورووپییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکە یان کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنەکە دەیان ملیار دۆلار زیان بە کۆمپانیا ئەورووپییەکان دەگەیەنێت، بێ ئەوەی وایکردبێت ئێران دەست لە بەرنامە مووشەکییەکەی هەڵگرێت یان فراوانخوازییەکانی لە ناوچەکەدا سنووردار بکاتەوە.

# سۆچی..
# دۆڕانی ئەمریکا و بەرەی سوننە لە سووریا

**رووداو- هەولێر**

ڕۆژی 24ی کانوونی یەکەمی رابردوو، عادل جوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعودیە، شاندێکی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی پەیامێکیان بە راشکاوی پێ رابگەیەنێت کە وڵاتەکەی پشتگیری سەربازیی خۆی بۆ رووخاندنی حکومەتی ئێستای سووریا دەگرێتەوە. ئەم پەیامە پەردە لەسەر قۆناغێکی خوێناوی لە شەڕی ناوخۆی سووریا دادەداتەوە.

سعودیە لە حەوت ساڵی رابردوودا چەندین ملیار دۆلار پارە و چەکی بۆ گرووپە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ناردووە، بەڵام دوو کەس لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی جوبەیر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) یان راگەیاند کە وەزیری دەرەوەی سعودیە گوتبووی، پێویستە وڵاتەکەی وزە و کاتی خۆی بۆ رێککەوتنێکی سیاسی لە کۆنفرانسی ئاشتیی سۆچی تەرخان بکات. جوبەیر پێیوابووە ئەگەر ریاز بە باشی خۆی بۆ سۆچی ئامادە بکات، هەلی ئەوەیان لەبەردەستە لەسەر قۆناغی گواستنەوەی سیاسی لە سووریا بە رێککەوتنێک بگەن.

گوتەکانی جوبەیر لەلایەکەوە شکستی هەوڵەکانی بەرەی سوننەیە بۆ تێکشکاندنی حکومەتی ئەسەد و لەلایەکیشەوە سەرکەوتنی خێرای رووسیایە لە فۆرمولەکردنی داهاتووی سیاسی و دیپلۆماتیکی سووریای دوای جەنگ.

بەڵام ئەوە تەنیا سعودیە نییە کە بەو بڕوایە گەیشتووە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەیەوێت هەرچۆنێک بێت لە دارشتنی پلانی ئاشتیی سۆچیدا رۆڵی هەبێت. ستێفان دێمیستورا، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا، لە پشتی پەردەوە هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی لەو دانیشتنانەدا کورسییەکی پێ بدرێت، داواشی لە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن کردووە هەر چۆنێک بێت لەو کۆنفرانسەدا بەشداری بکەن کە بڕیارە لە رۆژانی 29 و 30ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ، هەڵبەت ئەگەر دیسان دوانەخرێ.

سیاسەتی هەردوو ئیدارەی پێشوو و ئێستای ئەمریکا رۆڵی سەرەکی هەبووە لەوەی رووسیا لە سووریا ئەو دەسەڵاتە زۆرەی هەبێت. ئیدارەی پێشوو ماوەی نزیکەی چوار ساڵ گوێی لە قەیرانی سووریا خەواند. ئیدارەی نوێش هەموو هەوڵەکانی خۆی لە سووریا لەسەر تێکشکاندنی داعش چڕ کردبووەوە، بێ ئەوەی هیچ پلانێکی بۆ سووریای دوای شەڕ یان قۆناغی گواستنەوە ئامادە کردبێت.

دیپلۆماتێکی رۆژئاوایی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پێیوایە "سووریا یەکێکە لەو نموونانەی کە دەریدەخات دیپلۆماسیی ئەمریکا چیدی پێشەنگ نییە. ئەمریکا لە پرسی سووریادا بە رووسیا دۆڕاوە". یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش ئەوەیە کە ئەمریکا هیچ بەشدارییەکی سیستەماتیکی سەربازی لەدژی ئەسەد نەبووە، ئەوەش دەستی ئەمریکای لەڕووی دیپلۆماسییەوە لاواز کردووە.

هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی رووسیا ساڵێک دەبێت بە چڕی دەستیان پێکردووە. سەرەتای ساڵی رابردوو، رووسیا دەرگای دانوستاندنەکانی ئاستانەی لە کازاخستان کردەوە کە ئێران و تورکیاش تێیدا بەشدار بوون. ئەمریکا بە کردەوە لەو دانوستاندنانە پشتگوێ خرابوو. ئەوکاتیش زۆربەی لایەنەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی دانوستاندنەکانی ئاستانە ئەڵتەرناتیڤی دانوستاندنەکانی جنێڤن کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رێکدەخران.

هەوڵەکانی رووسیا زۆربەی حکومەتە ئەوروپییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی سووریای نیگەران کردووە. نیگەرانییە سەرەکییەکەش ئەوەیە رووسیا بەشێکی زۆر لەو خاڵانە هەڵوەشێنێتەوە کە لە جنێڤ هەوڵی ئەوە دراوە رێککەوتنیان لەسەر بکرێت، لەوانەش حکومەتی کاتی و رێکخستنەوەی کایە سیاسییەکان لە سووریای پاش ئەسەد. ژمارەیەکیش لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا جەخت لەوە دەکەنەوە کە رووسیا، وەکوو پاڵپشتی سەرەکی ئەسەد، ناتوانێت نێوبژیوانێکی گونجاو بێت.

فرانسوا دێلارتێ، نوێنەری فەرەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە (فۆرین پۆڵسی) راگەیاندووە "هیچ کۆنفرانسێک ناتوانێت ئەڵتەرناتیڤی کۆبوونەوەکانی جنێڤ بێت". 130 گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش لە نامەیەکی رۆژی سێی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا بۆ دێمیستورا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە دانوستاندنی سۆچی "دابڕانێکی مەترسیدارە لە پرۆسەی جنێڤ" و "هەڕەشەیەکی جیدیشە" لەسەر هیواکانی ئاشتی بۆ سووریا.

بەشداریی راستەوخۆی هێزەکانی رووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا رۆڵی گەورەی بینیوە لەوەی دانوستاندنەکانی جنێڤ رۆڵی ئەوتۆیان نەمێنێ، لە کاتێکدا هاوکارییەکانی رووسیا دەستی حکومەتی سووریایان ئەوەندە بەهێزکردووە کە ئامادە نییە مەرجەکانی ئۆپۆزیسیۆن و نەتەوە یەکگرتووەکان قەبووڵ بکات. ئەوروپییەکانیش گلەیی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دیپلۆماسی خۆی بەکاربهێنێ بۆ پاراستنی سەنگی دانوستاندنەکانی جنێڤ.

لە نێوخۆی نەتەوە یەکگرتووکانیشدا ناکۆکی هەیە سەبارەت بە بەشداریکردن یان نەکردنی رێکخراوەکە لە دانیشتنەکانی سۆچی. ئانتۆنیۆ گوتێرێز، ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەختی لەوە کردووەتەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا بەشداری کۆنفرانسی سۆچی دەبێت کە ئەمریکا، سعودیە و هاوبەشەکانی دیکە بەشدار بن یان گڵۆپی سەوز بۆ بەشداریی نەتەوە یەکگرتووەکان داگیرسێنن، بەڵام دێمیستورا سوورە لەسەر ئەوەی هەم نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم ئۆپۆزیسیۆن دەبێت لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بن.

دیپلۆماتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکە رەتیکردووەتەوە لە ناو رێکخراوەکەیدا ناکۆکی هەبێت، بەڵام پشتڕاستی کردووەتەوە کە "دێمیستورا دەیەوێت بەشداری کۆبوونەوەکە بێت، بەڵکو لەو رێگەیەوە روانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتە نێو پرۆسەکەوە، هەرچەندە ئەمە رەوایەتی بە ئامانجەکانی رووسیا دەدات". دیپلۆماتەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، جەختی لەوەش کردووەتەوە کە "ئەمینداری گشتیی پێیوایە سۆچی مەرجەکانی بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدا نییە".

رەزوان زیاد، چالاکڤانی سووری مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا پێیوایە "دێمیستورا بەلای رووسەکاندا بایداوەتەوە. ئەو هەست دەکات ئەمریکا خۆی لە سووریا کێشاوەتەوە، بۆیەش تاکە رێگە بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریگەرییەکی هەبێت ئەوەیە لە رووسەکان نزیک ببنەوە".

هەرچەند بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە (فۆرین پۆڵسی) راگەیاندووە کە "کۆبوونەوەکانی جنێڤ تاکە رێگەی چارەسەرین"، بەڵام هەر لەناو ئیدارەی ئەمریکیدا ژمارەیەکی زۆری بەرپرسان پێشوازی لە هەوڵەکانی رووسیا دەکەن، لە سەرووی هەموو ئەو بەرپرسانەشەوە برێت مەکگورک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، دێت.


سعودیە لە حەوت ساڵی رابردوودا چەندین ملیار دۆلار پارە و چەکی بۆ گرووپە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ناردووە

> سووریا یەکێکە لەو نموونانەی کە دەریدەخات دیپلۆماسیی ئەمریکا چیدی پێشەنگ نییە
>
> دیپلۆماتکارێک لە ئەنجوومەنی ئاسایش

## کتێبێکی نوێ لەبارەی سەرۆک ترەمپ

# "دوائامانجی ترەمپ هیچکات ئەوە نەبوو ببێتە سەرۆک"

**رووداو- هەولێر**

هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، بەشی زۆری ستافی کەمپینی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، خۆیان بۆ شکست لە هەڵبژاردنەکە ئامادە دەکرد، بەشی سەرەکی پلانەکەش ئەوە بوو چۆن شکستەکە قبووڵ بکەن و ئەندامانی باڵای کەمپین دوای هەڵبژاردنەکە چیان بەسەر دێت؟ مایکڵ وۆڵف، رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکی، لە دوایین کتێبیدا بەناوی (ئاگر و قین) پەردە لەسەر دوایین رۆژەکانی پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە 2016 لادەدات.

بەگوێرەی کتێبە نوێیەکە، هەموو ئەندامانی کەمپینەکە "نەک هەر لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ترەمپ نابێتە سەرۆک، بەڵکو دەیانگوت نابێ ترەمپ ببێتە سەرۆک". ترەمپ خۆیشی بەردەوام بە گەشبینییەوە لە کەمپینەکەی دەڕوانی، نەک لەبەر ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی سەردەکەوێت، چونکە "دوائامانجی ترەمپ هیچکات ئەوە نەبوو ببێتە سەرۆک".

### ترەمپ چاوی لەسەر دەرفەتەکانی دوای شکست بوو.

رۆجەر ئەیلز، سەرۆکی پێشووی فۆکس نیوز و هاوڕێی کۆنی ترەمپ، بەردەوام دەیگوت ئەگەر دەتەوێت لە تەلەفزیۆندا سەرکەوتوو بیت، جارێک خۆت بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێرە. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانیشدا، دەنگۆی دامەزراندنی تۆڕی تەلەفزیۆنی ترەمپ بڵاوبووەوە. سەرۆکی ئێستای ئەمریکا دڵنیایی بە ئەیلز دابوو کە دوای هەڵبژاردنەکان دەرفەتی نوێ دێتە ئاراوە.

وەکوو لە (ئاگر و قین)دا هاتووە، هەفتەیەک پێش هەڵبژاردنەکان ترەمپ بە سەرۆکی پێشووی فۆکس نیوزی گوتبوو "ئەمە دەرفەتێکی زۆر لەوە گەورەترە کە خەونم پێوە دەبینی. من بیر لە دۆڕان ناکەمەوە، چونکە ئەمە دۆڕان نییە. ئێمە براوەین".

ستیف بەنۆن، دانەری پێشووی ستراتیژی کۆشکی سپی، لە ناوەڕاستی ئابی 2016ەوە پۆستی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپینی ترەمپی وەرگرت. وەکو لە کتێبەکەدا هاتووە بەنۆن سەری لەوە سوڕ مابوو بۆچی ترەمپ کە خاوەنی چەندین ملیار دۆلارە، ئامادە نییە پارەی خۆی لە کەمپینەکە خەرج بکات. لە دوای یەکەم دیبەیتی تەلەفزیۆنی، بەنۆن داوای 50 ملیۆن دۆلاری کردبوو بۆ ئەوەی خەرجییەکانی کەمپینەکە بدەن. جارد کۆشنەر، زاوای ترەمپ، لە وەڵامدا گوتبووی "ئەگەر نەتوانی گەرەنتی سەرکەوتنمان پێبدەیت، ناتوانیت ئەو 50 ملیۆنەش وەربگری". بەنۆن دواجار 10 ملیۆنی بە قەرز لە ترەمپ وەرگرتبوو.

کاژێر 8ی رۆژی 8ی تشرینی دووەمی 2016 هەواڵە چاوەڕواننەکراوەکە راگەیەندرا. دۆن ترەمپ کوڕی دۆناڵد ترەمپ بە یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی گوتبوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە "باوکم وەکوو ئەوە وابوو شەبەحی بینیبێت، میلانیا فرمێسک لە چاوەکانی نەدەوەستان، فرمێسکەکان هی خۆشی نەبوون".

چوار رۆژ دوای سەرکەوتنەکە، سەرۆکی هەڵبژێردراو لە بورجی ترەمپ لە نیویۆرک پێشوازی لەو میوانانە دەکرد کە بۆ پیرۆزبایی هاتبوون. کەسانی نزیک لە ترەمپ هێشتا لە شۆکدا بوون. ترەمپ چاوەڕێی رۆپێرت مۆردۆک، سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای زەبەلاحی فۆکسی دەکرد. مۆردۆک درەنگ کەوتبوو، ترەمپیش زوو زوو داوای لە میوانەکان دەکرد نەڕۆن هەتا مۆردۆک ببین، چونکە ئەو "یەکێکە لە مەزنەکان". مایکڵ وۆڵف پێیوایە ترەمپ هێشتا بڕوای نەکردبوو کە ئەو خۆی بەهێزترین پیاوی جیهانە نەک مۆردۆک.

رۆژی دوای هەڵبژاردن، تیمی پەشۆکاوی کەمپینەکانی ترەمپ لە واشتنەوە بەرەو نیویۆرک بەڕێکەوتن. هیچ کەسێک بیری لەوە نەکردبوویەوە کە رۆژی 9ی تشرینی دووەم دەبێ کۆبوونەوەی پێکهێنانی حکومەت ساز بکەن. ئەیلز لە کۆبوونەوەکە بوو و وەکوو هەمیشە بە دەستەواژەی "حەرامزادە" باسی خەڵکی دەکرد و بە ترەمپی دەگوت "تۆ حەرامزادەیەکت دەوێ بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان، حەرامزادەکە دەبێ واشتن باش بناسێت".

سەرۆکی دیوان لە ئەمریکا هاوشانی سەرۆکوەزیرانە لە وڵاتە کۆمارییەکانی دیکە. بەپێی "ئاگر و قین" ترەمپ نەیدەیویست کەسێکی بەهێز لەو پۆستە دابنێ. سەرەتا ناوی کۆشنەری زاوای دابوو، بەڵام یەکێک لە راوێژکارەکانی پێی گوتبوو "رەنگە هیچکەس نەیەوێت ئەمەت پێ بلێت، بەڵام تۆ ناتوانیت منداڵەکانی خۆت لە کۆشکی سپی دامەزرێنی".

دووەم ناو کە ترەمپ کە بۆ ئەو پۆستە پێشنیازی کردبوو ستیف بەنۆن بوو، بەڵام بەنۆن لە ناو کۆمارییەکاندا خۆشەویست نەبوو، لەگەڵ مۆردۆک نێوانیان خۆش نەبوو و مەترسی ئەوەشی لێدەکرا دامەزراوە فەرمییەکانی واشنتن بخاتە سەر ئاگر. بۆیەش ترەمپ بەناچار بیری لە راینس پریبس، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆمارییەکان، کردەوە. هەرچەند پریبس لە سەرکردە ناسراوەکانی کۆمارییەکان نزیکبوو، بەڵام خۆی دوودڵ بوو لەوەی پۆستەکە قەبووڵ بکات.

یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ترەمپ بە پریبسی گوتبوو "ئەگەر کۆبوونەوەیەکی یەک کاژێریت لەگەڵ ترەمپ هەبوو، ئەو لە 54 خولەکیدا حیکایەتت بۆ دەکات، حیکایەتەکانیش هەمووی دووبارەن، بۆیەش تۆ تەنیا کاتی ئەوەت بەدەستەوەیە یەک خاڵی بۆ باس بکەیت، بۆ ئەوە دەبێت شوێنێک بدۆزیتەوە بۆ باسکردنی".

رۆژی 20ی کانوونی دووەمی 2017 مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ بوو. وەکوو وۆڵف لە کتێبەکەیدا باسی دەکات "ترەمپ ئەو رۆژە دڵخۆش نەبوو. تووڕە بوو لەوەی ئەستێرە بەناوبانگەکان ئامادە نەبوون لە مەراسیمەکەدا بەشداری بکەن، لە شێوازی رێکخستنی ژووری میوانی سەرۆک رازی نەبووە و تەنانەت لەگەڵ هاوژینەکەشی شەڕی کردبوو".

هەر لەو رۆژەشەوە هەوڵەکانی بەنۆن بۆ دەستگرتن بەسەر کۆشکی سپیدا دەستی پێکرد، یەکەم کەسیش کە دەبوایە لە سەرۆکی دوور بخاتەوە مۆردۆک بوو. مۆردۆک گلەیی دەکرد کە ترەمپ وازی لێ ناهێنێ. لای بەنۆن ئەو پۆستە نوێیە (واتە دانەری ستراتیژی کۆشکی سپی) دەرفەتێک بوو بۆ سەرخستنی ئەجێندای راستڕەوە توندئاژۆکان. ترەمپ، بە پێچەوانەوە، هەوڵی دەدا کاژێرەکانی کارکردنی خۆی لە ئۆفیس کەم بکاتەوە و زیاتر خەریکی ژیانی ئاسایی خۆی بێت، کە یاریی گۆڵف بەشێکی سەرەکی پێکدەهێنا.

هەشت رۆژ دوای دەستبەکاربوونی، ترەمپ بڕیاری قەدەغەی گەشتی دانیشتووانی ژمارەیەک وڵاتی موسڵمانی واژۆکرد. پلانەکە هی بەنۆن بوو، بەڵام هیچکەس لەوە تێنەدەگەیشت بۆچی بڕیارەکە لە رۆژی هەینیدا راگەیەندراوە، لە کاتێکدا دوو رۆژی پشوو دەرفەتی خۆپیشاندانی بەرفراوان بە دیموکرات و چەپەکان دەدات. بەڵام ئەوە رێک ئەو شتەبوو کە بەنۆن دەیویست، ئەو پێیوایە ئەو بشێوییە دیموکرات و چەپەکان لێک نزیک دەکاتەوە و بەو پێیەش درزی نێوان موحافەزەکار و لیبراڵەکان گەورەتر دەبێتەوە.




### کراسەکانی سەرۆک

مایکڵ وۆڵف، رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکی، لە دوایین کتێبیدا بەناوی (ئاگر و قین) دەڵێت هیچ هۆکارێک هێندەی هەڵسوکەوتی ترەمپ رۆڵی لە تێکدانی کۆشکی سپیدا نەبووە. لە رۆژانی یەکەمی دەستبەکاربوونیدا داوای کردبوو جگە لەو تەلەفزیۆنەی لە ژوورەکەی هەبوو دوو تەلەفزیۆنی گەورەی دیکەشی بۆ دابنێن. ترەمپ هیوایەتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن و خواردنی چیزبێرگەر و دۆزینەوەی ئەو کەسانە بووە کە وردەکارییەکانی کۆشکی سپی دەدەنە دەست میدیاکان. داواشی لە ستافی پاککردنەوەی کۆشکی سپی کردبوو دەست لە قەمیسە کەوتووەکانی ئەو نەدەن، هیچ ستافێکی پاککردنەوە مافی ئەوەی نەبوو دەست لە کەلوپەلەکانی بدات، بەتایبەتیش فڵچەی ددان شۆردنەکەی، چونکە "ترەمپ هەر لە کۆنەوە ترسی ئەوەی هەبووە ژەهراوی بکرێ".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# مەترسییە گەورەکەی هەڵبژاردن

لەڕاستیدا ئەوەی بەغدا بە کوردستانی دەکات بەشێکە لە ستراتیجی شیعی لە ناوچەکەدا، بەڵام پێویستیان بە پاساوێک هەبوو بۆ ڕەوایەتیدان بەوەی دەیکەن. گشتپرسیی کوردستانیان کرد بە بیانووی جێبەجێکردنی ئەو پلەبەندیەی کە دۆخێکی ڕاگوزەری ستراتیژێکی دوورمەودا دەیخواست، پێویست بوو لەم کاتەدا وەک هەنگاوی یەکەمی قۆناغێکی نوێ، شکۆی کورد بشکێنن. ئەوان لە سەرەتای ڕووخاندنی عێراقی سوننییەوە بەپلانی ورد و قۆناغ بە قۆناغ کار بۆ ئامانجێکی ستراتیجی دەکەن کە بەشێکە لە پرۆژەیەکی فراوانتر.

دوای تێکشکاندنی سوننە لەبەردەم خەونی بەشیعەکردنی ناسنامەی عێراقدا، قۆناغی لابردنی لەمپەری کورد دەستیپێکرد. وەک چۆن داعشیان کردە پاساوی هەڵتەکاندنی ڕیشەی سوننەی عەرەب، گشتپرسیی کوردستانیشیان قۆستەوە بۆئەوەی قۆناغی لابردنی کورد وەک ڕێگری بەردەم ناسنامەی عێراقی شیعی دەستپێبکەن. تا هاوشێوەی سوننە، کوردیش لە ڕیشەوە هەڵتەکێنن. بەڵام کوردستان وەک ناوچە سوننییەکان پاروویەکی ئاسان نییە، بۆیە پێویستیان بە قۆناغبەندییەکی تاکتیکی هەیە تا بگەن بەو ئامانجە ستراتیجییەی هەیانە. هەنگاوی یەکەمیان لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە بە شکاندنی شکۆی کورد و لاوازکردنی دەستیپێکرد و لە قۆناغەکانی دیکەدا دەیانەوێ ئەم شکستە بەردەوام بێت تا ئەندازەی بەپاشکۆبوونی شیعە، کوردستان تەسلیمیان بێت.

لە وەڵامی ئەوەی کە بەغدا پەلاماری کوردستانی هەر دەدا، بەڵام گشتپرسیەکەیان کردە بیانوو، زۆر کەس ڕەخنەی ئەوەیان لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەگرت کە کاتێک دەتانزانی بەغدا لە بۆسەدایە بۆچی بیانووتان بۆ ڕەخساند؟ هەرچەندە بەتێگەیشتنی من گشتپرسیەکە ڕێگایەک بوو بۆ دەربازبوون لەو مەترسیانە، نەک ڕەخساندنی بیانوو بۆ پەلامار و داگیرکردنەوەی کوردستان، بەڵام ئەوەی ڕوویدا تێپەڕاندنی قۆناغێکی تری تەشەیوع بوو نەک کۆتایی ستراتیژی شیعی. واتا 16ی ئۆکتۆبەر دەستپێکە نەک خودی ئامانجەکە. کەواتە هەنگاوی تری هاوشێوەی گرتنی کەرکووک و جینۆسایدی خورماتوو، چاوەڕوانکراوە.

بەڵام با ئەزموون لەوە وەرگرین و بۆ داهاتوو پاساوی دیکە نەدەینە بەغدا کە لەئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆ پشتیوانی هەنگاوە داگیرکارییەکانی بکەن، وەک ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەردا بینیمان. ئێستا کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی تردایە، بەغداش لە کەمیندایە تا بیکاتە پاساوێکی تر بۆ زیاتر شکاندنی کورد و وابەستەکردنی بە خۆیەوە. ئەگەر گشتپرسی پاساوی یەکەم بوو بێت بۆ ئەوەی بەغدا دەست بە پلانەکانی بکات لە داگیرکردنەوەی کوردستان، ئەوە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەکاتە پاساوی دووەمی قۆناغێکی تری ئەو داگیرکارییە.

ڕەنگە خوێنەر پێی سەیربێت کە دەڵێم ئەگەر بە ئاگاییەکی زۆرەوە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان تێنەپەڕێنین، بەغدا دەیکاتە پاساوی داگیرکاری. گشتپرسی پرۆسەیەک بوو لە دید و عەقڵیەتی دەمارگیریانەی نەتەوەی سەردەستەوە پلانی هەڵوەشانەوەی عێراق بوو، بەڵام بەشداریی کورد لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە قۆناغی دوای گشتپرسیدا ڕێگایەکە بۆ سەرلەنوێ وابەستەکردنەوەی کوردستان بە بەغداوە، ئیتر بۆ دەبێ بەغدا لە بۆسەدابێت تا بیکاتە پاساوی شکستپێهێنانی کوردستان؟ هۆکاری یەکەمی پەیوەستە بە ستراتیژی شیعەوە لە بەشیعەکردنی ناسنامەی دەوڵەتەکە، دووەمیش پەیوەندی بە ژینگەی سیاسی و ئەو وێنایەوە هەیە کە بۆ تۆماری دەنگدان و بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پێشووتری کوردستان دروست بووە.

عێراقی ئێستا، دوای سەرکەوتنەکانیان بەسەر داعش و سوننە و دوای وابەستەکردنەوەی نزیکەی نیوەی جوگرافیای کوردستان بە بەغداوە، عێراقێکە نزیک بووەتەوە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی، نەک تازە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، بگرە دەرفەتی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغانەی بەردەمیشی لەدەست نادات. کەواتا پێویستە کوردستان ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە بەغدا کوردستانێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە و یەکگرتووی ناوێت، هەروەها ڕێگەش نادات کورد بەو هێز و پێگەیەی دەیەیەک پێشترییەوە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا. ئەمە وادەکات بەغدا بەدوای قۆستنەوەی هەموو دەرفەتێکەوە بێ. ژینگەی سیاسی کوردستان یارمەتیدەرە بۆ زیاتر پەلکێشکردنی لە خۆسەپاندنی بەسەر کوردستاندا. بەشداریی کوردستانیش بەو پەرتەوازەییەی ئێستایەوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئەگەری ئەوەی کە ململانێ ناوخۆییەکان وابکات لە دەرئەنجامی هەڵبژاردن زیاتر پەنا بۆ بەغدا ببرێت، ئەنجامەکەی بە بەچۆکداهاتنی کوردستان کۆتایی دێت.

بەرپرسیارێتی گەورە لە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە ئەم هاوکێشەیە هەڵگێڕنەوە، ئەویش بەوە دەکرێت کە زەمینەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد برەخسێنن، تۆماری دەنگدان پاکبکرێتەوە لەناوی مردووان و دووبارە و بەجۆرێک دڵنیایی پێشوەختە بدەن کە دەرفەتی ئەوە نەهێڵێتەوە نە لەناوخۆی کوردستان بکرێتە بیانووی پەنابردن بۆ بەغدا و نە لە بەغداش وەک پاساوی شکاندنی زیاتری کوردستان بقۆزرێتەوە. چونکە ئەوەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر کوردستانی بەپێوە ڕاگرتووە، لەگەڵ هەندێ بەرگری و گرتنەبەری سیاسەتی ئیحراجکردنی بەغدا، ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەیە کە بۆ مانەوەی کوردستان هاتنە سەرخەت. بەغدا ئێستا دەیەوێ لە قۆناغی داهاتوودا ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتیە نەهێڵێت.

پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەم کەشە سیاسییەی ئێستای کوردستاندا ئەو دەرفەتەیە کە بەغدا دەتوانێ سوودی لێ ببینێ بۆ لێدان لەو پشتیوانییە نێودەوڵەتیە. لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن بەغداوە سەرپەرشتی دەکرێت و سیستەمی هەڵبژاردن فرەبازنەییە، ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی بەتەنها پارێزگاکانی هەرێم بکاتە ئامانج. ئەگەر هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی پێشووی کوردستان لە ناوخۆدا بیانووی ئەوە بدرێت کە چەند لایەن و قەوارەیەک، چەند لایەن و قەوارەیەکی دیکە تۆمەتبار بکەن بە ساختەکاری، بەغدا ئەمجارە چاو ناپۆشێت و دەیکاتە دەرفەت بۆ شکاندنی کورد، ئەنجامەکانی پووچەڵ دەکاتەوە و وێنایەکی قێزەون لەبەرچاوی ڕای گشتی دونیا بۆ کوردستان دروست دەکات.

بۆیە گرنگ بوو هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە لە هاوپەیمانێتییەکدا بن، ئەگەر بەو جۆرە بووایە لەلایەک یارمەتیدەر دەبوو لە هێورکردنەوەی ناکۆکی و ناتەباییە سیاسییەکان بۆ دۆخی ناوخۆ و لەلایەکی تریشەوە ئەو دەرگایانەی بە ڕووی بەغدادا دادەخست تا دەست لە کوردستان وەربدات. بەڵام ئێستا کە بە پەرتەوازەیی و بەو ناکۆکی و ململانێ نادروستەی نێوانیانەوە دەچنە هەڵبژاردنەوە، وێنای پێشینەیەکی خراپیشمان هەیە لە هەڵبژاردن، ئەوە بەدڵنیاییەوە هیچ لایەنێک دان بەپشکی خۆی و قەبارەی نەیارەکانیدا نانێت. هەمووشیان سکاڵاکانیان دەبەنە بەر قاپی بەغدا و هیچ بەدوور نازانرێت بەغداش بۆ لەکەدارکردنی کوردستان و لاوازکردنی ڕۆڵ و پێگەی کورد لە قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکان بەشی زۆری سندوقەکانی هەڵبژاردن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پووچەڵ بکاتەوە.

بەتایبەتی کە تێبینی دەکرێت ئەوانەی مەیلی بەعێراقیکردنی کوردستانیان هەیە لە ئێستاوە زەمینە بۆ ئەو قۆناغەی دوای هەڵبژاردن خۆش دەکەن. جا بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات، دەبێت کوردستان هەڵبژاردنێکی بیانووبڕ بکات، هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و دوور لە تەزویر. لە ئێستاشەوە دڵنیایی ئەوە دروستبکات کە ڕێز لە ئەنجامەکانی دەگیرێت. بەمەش لەلایەک مەترسی پیلانەکانی بەغدا لەخۆی دووردەخاتەوە و لەلایەکی تریشەوە ئەو پشتیوانی و مەیلە نێودەوڵەتییە بۆ مانەوەی کوردستانێکی بەهێز، بەهێزتر دەکات.



سەلام سەعدی
salam@rudaw.net

# یارییەکی زیرەکانەی حیزبی دەعوە

ئیدی ئەوەی کە عێراق بەتەواوی کەوتووەتە ژێر هەژموونی ئێران و هەموو سیاسەتەکانی لە فەلەکی بەرژەوەندییەکانی تاراندا دەخولێنەوە، بووە بە فاکت و هیچ گومان و مشتومڕێک هەڵناگرێ. عێراق لەڕووی سیستەمی سیاسی و مۆدێلی حوکمڕانیشەوە هێدی هێدی هەمان ئەزموونی ئێران دووبارە دەکاتەوە: دەوڵەتێکی بە مەزهەب شیعی کە پیاوانی ئاینی (لەم نوسخەیەشدا هەر لە قوم و تارانەوە) ڕێبەرایەتی دەکەن و هێزێکی نیمچە نیزامی (حەشدی شەعبی کە هاوشێوەی سوپای پاسدارانە) بە وەلائی موتڵەقەوە بۆ ئایدیۆلۆژیای فەرمی، ئەم سیستەمە دەپارێزێ.

هەنگاوی دواتر ئەوەیە کە هاوشێوەی ئێران، کۆی هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق، هێدی هێدی ڕکابەرێتی و ململانێکانیان دەبەنە چوارچێوەی یەک سیستەمی سیاسییەوە. واتە سیستەمێکی جێگیر و نەگۆڕی هاوشێوەی ئەوەی ئێران کە موحافیزکاران و بەرەی ڕیفۆرم لە کێبڕکێی گرتنەدەستی دەسەڵاتدان، ململانێ تەنیا لەسەر گۆڕینی هەندێ نەهج و دەموچاو دەبێت. ڕوخساری ئەم یارییە کە یاساکانی لە ئێرانەوە دارێژراوە و حیزبی دەعوە بەڕێوەی دەبات، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەتەواوی دەردەکەوێ. ئێستا نووری مالیکی، ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوە و حەیدەر عەبادی بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی هەمان حیزب، بە موبارەکەی حیزبی دەعوە خۆی!، یەکلایی بوونەتەوە لەسەر ئەوەی بە دوو لیستی جیاواز بچنە هەڵبژاردنەوە.

من نموونەیەکی تری هاوشێوەی ئەمەم لە هیچ شوێنێکی دنیا پێ شک نایەت: یەک حیزبی سیاسی دوو لیستی جیاوازی بۆ هەڵبژاردن هەبێ. حیزبێک لەکاتی هەڵبژاردن ببێتە دوو بەرە و کەچی ریزەکانی حیزب یەکانگیر بێت!

لە یەکەم نیگادا، هەندێ سەیرە ئەم ململانێ گەورەیە لەناو یەک حیزب بە بەرچاوی مەرجەعی باڵا و عەڕڕابەکانی ڕژێمی تازەی عێراقەوە لە ئێران ڕوودبات و کەسیش دەخالەت نەکا. ئینجا ئەم ململانێیە لەناو حیزبێکیش کە لە 2005 بەدواوە بێ پسان حوکمی عێراقی لەدەست بووە!!

ئایا ئەمە پێچەوانەی گوتاری "یەکێتیی ناوماڵی شیعە"یە کە هەمیشە بۆ پارێزگاری لەو دەسەڵاتەی کەوتووەتە دەستیان جەختی لێ دەکرێتەوە؟ ئایا شیعە هەڵبژاردنەکانی ئاداری 2010یان لەبیر کردووە کە ئەیاد عەللاوی و ئیئتیلافی عێراقیەی (سوننی) بەهۆی دابەزینی لایەنە شیعییەکان بە لیستی جیاواز زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان برد و ئەگەر "حیلەی شەرعی" بەهانایانەوە نەهاتبا، حوکمڕانییان لەدەست دەردەهات؟

چی گۆڕاوە کە ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی بەچەند لیستێکی جیاواز دەچێتە ناو هەڵبژاردنەوە و باکی بە دۆڕانیش نییە؟

مەعلومە ئەوەی کە گۆڕاوە یاساکانی یارییەکەیە. لەدوای سەرکەوتنە بەئاگاهێنەرەوەکەی سوننە لە هەڵبژاردنەکانی ئاداری 2010، حوکمڕانە ڕاستەقینەکانی عێراقی نوێ هیچ نەما نەیکەن بۆ نابووتکردنی ئیئتیلافی عێراقیە و پەرتەوازەکردنی سوننە کە لێرەدا بوار نییە هەمووی بەبیربهێنینەوە. ئەوەندە بەسە بڵێین: ئێستا سوننە چەند شارێکی وێرانکراو و یەک دوو ملیۆن ئاوارە و دەربەدەر و دوو جۆر سوننەیان هەیە: سوننەی مالیکی و سوننەی عەبادی!

ئێستا ئیتر عێراق ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە سێ جەمسەری شیعە- سوننە- کورد لە ململانێیەکی سیاسیدا بن. سوننە تەقریبەن لە گۆڕەپانەکە کراوەتە دەرەوە و لەم هەڵبژاردنەشدا کورد دابەش دەبنە سەر دوو جەمسەرەکەی حیزبی دەعوە کە بە هەموو بارەکاندا، دەنگی ڕازی و ناڕازی، لایەنگر و نەیاری ئێران و دۆست و دوژمنی ئەمریکا دەچننەوە.

لەڕاستیدا هەر ئەم تەکتیکە زیرەکانەیەی سەرکردەکانی دەعوە وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە کە ئەگەر ئەمریکا بەنیاز بێت لەڕێی پشتیوانی لە عەبادی، عێراق لە چنگی ئێران دەربهێنێتەوە، بۆچی کارێکی ئەوتۆی نەکرد کە پەیوەندیی سەرۆک وەزیران لەگەڵ هەولێر تا ئەم ئاستەی ئەمڕۆ ئاڵۆز نەبێ؟

وەڵامەکە وا دیارە ئەوەیە کە ئەوە واشنتن نییە پەنا بۆ عەبادی دەبات تاوەکو عێراق لەژێر هەژموونی ئێران دەربهێنێ، ئەمە شتێکە لۆژیک قبووڵی ناکات، بەڵکو ئەوە عەبادییە سوود لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وەردەگرێ بۆ ڕاکێشانی ئەو دەنگانەی هاوئاوازی عرووبە و نەیاری ئێرانن و هیوایان بە حەیدەر عەبادیدا هەڵواسیوە. سوودوەرگرتن لە پەیوەندییەکانی ریکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ڕێکخستنی دیداری عەبادی و شای سعودیە و ئەو وردە هەنگاوانەی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی بەغدا و ریاز نراون، زۆرتر نمایشێک بوو بۆ ڕاکێشانی سۆزی سوننە و شیعەی نەیاری ئێران. لەپشتی هەموو ئەم نمایشەشەوە، مایسترۆیەک لە تاران دانیشتووە. بۆیە هێزە سیاسییەکانی عێراق ئەگەر نایانەوێ ببنە بەشێک لەم یارییە، ئەوە دەبێ بیرێک لە تێپەڕاندنی حیزبی دەعوە بکەنەوە نەک دابەشبوون بەسەر جەمسەرەکانیدا.



گۆڤار مەلا خدر

# کەرکووک دەستەخوشکی سەرایێڤۆ

ڕێککەوتننامەی دایتۆن لە ڕەحمی تونێلەکانی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی شاری سەرایێڤۆوە* هاتە ئاراوە کە لە هەموو لایەکەوە سربەکان گەمارۆیان دابوو، بۆسنییەکان چەکەکانیان سادە و کەم کاریگەر و خاوەنی هێزێکی نابەرابەر بوون، بەڵام ئیرادەیەکی پۆڵاینیان هەبوو، لەپێناوی بەدیهێنانی مافەکانیان و پاراستنی ناسنامە و دەرخستنی قەبارەی تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەژادی، سەرسەختانە بەرگرییان کرد، گەمارۆی سەرایێڤۆ سێ ساڵی خایاند، تەنانەت لەکاتی ئەنجامدانی دانوستاندنەکان لە نێوان سربەکان و بۆسنییەکان و کرواتەکان شەڕ بەردەوامی هەبوو، سربەکان میراتگری چەکە قورسەکانی یۆگوسلاڤیای هەڵوەشاو، لە ڕووی سەربازییەوە خاوەنی ئەزموون و هێزێکی کاریگەری بێ وێنە بوون، بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئامانجەکانیان کە ئەویش داگیرکردنی سەرایێڤۆ و سڕینەوەی ناسنامەکەی و لەگۆڕنانی خەونی بۆسنییەکان بوو بۆ هەتاهەتایە. بەرگریی سەرایێڤۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایە دەنگ و سربەکانی ناچار کرد بێنە ناو ڕێککەوتننامەی دایتۆن و ملکەچی فشاری نێودەوڵەتی بن. کەرکووک چاوەڕێ بوو ببێتە دەستەخوشکی سەرایێڤۆ بە زیانێکی کەمتر و دەسکەوتی گەورەترەوە، بەڵام پلانی بەرگریکردن لێی هەرزوو لەبار برا، هەموو ئەو دەنگانەی باس لە نابەرابەریی هێز دەکەن نەزۆکن لە بیرکردنەوە، بەرگریی چەند ڕۆژێکی پێشمەرگە دەبووە کۆدی نهێنیی سەرکەوتنەکە و دەرفەتی گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی ئێمەی لەو دۆخەی ئێستا تیایدایە ئاسانتر دەکرد و بەغدای ناچار دەکرد پەنا بباتە بەر چارەسەری ئاشتیانە لە جێگای بەردەوامیدان بە شەڕ. هەرگیز کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگای نەدەدا دوای شەڕی سێ ساڵەی داعش شەڕێکی تر شوێنی بگرێتەوە و درێژە بکێشێت، دەرهاویشتەکانی بەرگریکردنی پێشمەرگە لە پردێ و سحێلا ئەمەیان سەلماند، هیچ گومان هەڵناگرێ کە بەرگری لە کەرکووک پێگەی هەرێمی کوردستانی لە عێراق و دەرەوە کاریگەرتر و هەڵوێستیشی لە دانوستاندنەکاندا قایمتر و پڕ بایەختر دەکرد.

## دانوستاندن لە دامێنی دەستووردا

ئەنوەر سادات* لە 9 ی نۆڤێمبەری 1977 لە گوتارێکدا و لەبەردەم ئەنجوومەنی گەلی میسر ئاماژەی نارد بۆ ئیسرائیل و ئامادەیی نیشاندا بچێتە هەر شوێنێک بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی، دوای شەش ڕۆژ لە گوتارەکەی، بانگهێشتنامەیەکی فەرمی لەلایەن ئیسرائیلەوە بەدەست گەیشت و لە 19ی نۆڤێمبەری هەمان ساڵدا سەردانی ئیسرائیلی کرد بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی لەبار هەبێت بۆ دانوستاندن، هەردوو وڵاتەکە لەشەڕدابوون و پرۆسەی ئاشتی هێشتا دەستی پێنەکردبوو.

نێچیرڤان بارزانی لە زۆربەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی پاش کەوتنی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەر، بە دەیان جار ئاماژە دەنێرێت بۆ بەغدا و ئامادەیی نیشان دەدات بۆ دانوستاندن، بەڵام وەڵامی دەستناکەوێت. ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر حکومەتی هەرێم بۆ دووبارە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا ڕایگەیاند کە ڕێز لە ڕاڤەی دادگای دەستووری دەگرێت سەبارەت بە گشتپرسی.

میسر و ئیسرائیل دوو وڵاتی سەربەخۆی جیان، بەڵام هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و پەیوەندییەکانیان بەپێی دەستوور ڕێکخراوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتی هەرێمیش جەخت لەسەر بە بنەماگرتنی دەستوور دەکەنەوە لە دانوستاندنەکاندا، بەڵام بەغدا ستراتیژی ململانێی گرتووەتە بەر و بە ڕووکەش بانگەشەی کرانەوەی دەرگای گفتوگۆ دەکات، لە هەمانکاتدا هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ زیانگەیاندن بە حکومەتی هەرێم و کەڵک لە جیاوازی و ململانێی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خراپیی دۆخە ئابوورییەکەی وەردەگرێت، سەرەڕای ئەمەش کات بەفیڕۆدەدات لە ڕێگای دروستکردنی چەندین لێژنەی تەکنیکیی جیاواز و درێژەدان بە کۆبوونەوەی بێ ئەنجام. ئەم گەمە ڕێکخراوەی بەغدا بۆ پەرتەوازەکردنی جۆری ململانێیەکەیە کە لە بنەڕەتدا سیاسی و دەستوورییە و بەدووریش نییە لە کاریگەرییەکانی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق. جێگای تێڕامانە سەرەڕای هەڵوێستی فەرمیی ئەمریکا کە پشتیوانی لە کوردستانێکی بەهێز دەکات لە عێراقدا، بەرپرسە ناوچەیی و هەرێمییەکانی ئەمریکا بوونەتە بەشێک لەم گەمە ستراتیژییەی بەغدا و لە ڕێگای تویتەکانیان وای نیشان دەدەن کە عەبادی هەنگاوەکانی دانوستاندنی لەگەڵ هەرێم خستووەتە سەر ڕێچکە.

هەرچەندە نامەکانی پشتگیریی وڵاتان و سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی ئاماژەی ئەرێنین بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگیی هێزی دانوستاندن لە داهاتوودا، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەگەر خۆی ڕێکنەخاتەوە لە ناوەوە و زامنی نێوەندگیری نێودەوڵەتی نەکات، دەبێت چاوەڕێی ئەگەری هەمەچەشنی نەخوازراو بێ بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکان.

## عەبادی و هەڵبرینی گۆچانی پۆپۆلیستی

لە نێوەڕۆکی زۆربەی گوتارەکانی عەبادیدا پەراوێزێک هەیە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان کە جارێک هەڵسواوی بەخشینەوەی تۆمەت و ناپابەندیی حکومەتی هەرێم نیشان دەدات لە ئاست دەستوور و دەسەڵاتە ناوەندیەکەی، جارێکی تر پێناسەکردنی سەرکەوتنەکانیەتی بەسەر پلانی دابەشکردنی عێراق.

ئەمانە بەشێکن لەو کەرەستانەی کە گونجاون بۆ گەمژاندنی ڕای گشتی و دوو ئامانجی سەرەکی بۆ عەبادی پێش هەڵبژاردنەکان بەدەست دەخات، یەکەمیان چەواشەکردنی هاونیشتمانیانە لە هەرێمی عێراقی عەرەبی لە ئاست خزمەتگوزارییە سەرەتاییە گشتییەکان، دووەمیان ئاراستەکردنیانە بەرەو ناسنامەیەکی عێراقی توندئاژۆ کە زۆرینەی سوننە و شیعەکان پێوەی کاریگەرن و کەڵکی لێوەردەگرێت بۆ فراوانکردنی بنکە جەماوەرییەکەی، ئەم شێوازی بەڕێوەبردنی بانگەشەیە لە ناواخنیدا هەڵگری خەسڵەتی فۆرمێکی پۆپۆلیستیانەیە. لەم جۆرە فۆرمانەشدا بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوە و ئاینن، زەرەرمەندی ژمارە یەک کەمینە نەتەوەو ئاینییەکانن و کاریگەرییەکانی لە دوای هەڵبژاردن بەسەر هەرێمی کوردستانەوە دەردەکەون، بە هیچ شێوەیەک ناچێتە خزمەتی ئەم دانوستاندنەی کە بڕیار وایە لە نێوان هەولێر و بەغدا بەڕێوەبچێ لە داهاتوودا، بەتایبەت ئەگەر عەبادی پشتیوانییەکی گەورەی جەماوەری کۆبکاتەوە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوکات هەرێمی کوردستان دووچاری گەورەترین ئاستەنگی وجودی دەبێتەوە لەماوەی 14 ساڵی ڕابردوودا و چانسی گەیشتن بە لێکتێگەیشتنی هاوبەش کەمتر دەبێتەوە.

بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم گوتارانە، دەبێت حکومەتی هەرێم ئەو ئامانجانە بۆ ڕای گشتی هەرێمی کوردستان و عێراق ڕوون بکاتەوە لە ڕێگای دەرخستنی دەستکەوتەکانی لە بواری خزمەتگوزاریی گشتی و ئاسایش و سێکتەرە جیاوازەکان و بە داتا و زانیاری بەردەستیان بخات و بەراوردیان بکات بەو دەستکەوتانەی کە لە هەرێمی عێراقی عەرەبی بەدەستهاتوون لە دوای 2003 . گومانی تێدا نییە ئەنجامەکەی ئەزموونێکی سیاسی و ئیداری شکستخواردووە و عەبادیش وەکو کاراکتەرێکی مامناوەند لەم ئەزموونەدا بەر لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ڕۆڵی هەبووە. لەهەمانکاتدا حکومەت پێویستە جەخت لەسەر ئەو چەمکانە بکاتەوە کە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان مسۆگەرتر دەکات.

## بەتاڵکردنەوەی سیحری پیلانەکە

پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و جیاوازیی دیدگایان بۆ داهاتوو کاری کردووەتە سەر تەونی کۆمەڵایەتی هەرێم و قووڵکردنەوەی ناوچەگەری و قەتیسمانی ئەو هێزانە لە ناوچە لۆکاڵییەکان، هۆکارەکانی زۆرن، بەشێکیان درێژخایەنن و ڕەگی مێژووییان هەیە و بەشەکەی تری پەیوەندی بە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەرێمەوە هەیە، لەناویاندا چۆنیەتی ئیدارەدان و دابەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان و گەلێک بابەتی تری پەیوەست بە کۆی سیستەمەکە، سەرەڕای ئەم هەموو جیاوازیانە، بەڵام مەرجە هێزە سیاسییەکان عەقیدەی سیاسی هەرێمی کوردستان بپارێزن، پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێم لە چوارچێوەی ئەم عەقیدەیەدا و پشتئەستوورکردنی حکومەتی هەرێم لە دانوستاندنە چاوەڕوانکراوەکەی لەگەڵ بەغدا بە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دێتە دی، قۆناغی داهاتووی سیاسی عێراق و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەڕووی گرنگیەوە هیچی کەمتر نابێ لە قۆناغی نووسینەوەی دەستووری ساڵی 2005.

هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە هێزەکان لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق خۆیان کۆبکەنەوە و بخزێنە نێو هاوپەیمانییەکی کوردستانی تۆکمە بۆ بەتاڵکردنەوەی سیحری ئەو پیلانەی کە زۆرینەی هێزە شیعیەکان گرەوی لەسەر دەکەن، ئەویش پەرتەوازەیی هێزە کوردستانییەکانە.

جێگای قبوڵی هاونیشتمانیانی کوردستان نییە هەمان چارەنووسی هێزە سوننییەکان و ئەزموونی ئەوان بۆ نێو هێزە کوردستانییەکان بگوازرێتەوە، بە پێچەوانەوە هێزە شیعییەکان هەرچەندە پەرتەوازە بن، بەڵام لە کۆتاییدا مەرجەعیەتی نەجەف کۆیاندەکاتەوە و بەرژەوەندییەکانیان یەک دەخات.

دەکرێت هاوپەیمانییەکەی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق پەیکەرەیەک و پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێت و میکانیزمی کارەکانی ڕێکبخات بەم شێوەیە:

1- **سەرۆک:** ماوەکەی دەوری بێت بەپێی وەرزی گرێدان یان بەپێی ولایەتی پەرلەمانی ماوەکەی دابەش بکرێت و هەر جارەی لەلایەن سەرۆکی کوتلەیەکەوە سەرۆکایەتی بکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارەی کوتلەکە.

2 - **دەستەی سەرۆکایەتی:** سەرۆکی کوتلەکان ئەندام بن تیایدا و بەرپرسیارێتی ڕاستەخۆی لێژنەکان لە ئەستۆ بگرن، هەماهەنگی بکات لە گواستنەوەی پێشنیاری ئەندامانی لێژنەکان.

3- **لێژنەکان:** لە ئەندامانی پەرلەمان پێکدێت و هەر لێژنەیەک ئیدارەی چەند فایلێک دەکات.

*** پایتەختی بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا.**
*** سەرۆکی پێشووی میسر.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# تەقە لە بەرهەم ساڵح مەکەن

1

پارتی خەریکە هەڵەی دە ساڵی رابردووی خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیی تازەی سلێمانی دووبارە دەکاتەوە، شەش ساڵی رەبەق لە 2006ـەوە تا 2012، لە ژێر ناوی هاوپەیمانیی ستراتیژیدا، لەدژی بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا، شەڕی بەوەکالەتی بۆ ماڵباتی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد کرد، نەتیجەکەشی چنییەوە! پارتی لە جیاتی ئەوەی دژایەتی بەرهەم ساڵح بکات، دەبێ خۆشحاڵ بێت کە ئێستا بووە بە چەتری بەرەیەکی سیاسی و حیساباتی سیاسیی خۆی تا رادەیەک لە یەکێتی جیاکردووەتەوە. تەنانەت بە حوکمی ئەو پەیوەندییە باشەی کە لە نێوان بەرهەم ساڵح و سەرکردایەتی پارتیدا هەیە، دەبوو لانیکەم دوای بەستنی کۆنگرەکەی، پەیامێکی پیرۆزباییان بۆ ناردبایە! ئەوە وایدەکرد کەمێک ئەو کەشوهەوا دڕودۆنگەی لە رووی سیاسییەوە لەناو حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا هەیە، ئەهوەن ببێتەوە. پارتی دەبێ بەرهەم ساڵح وەک شانسێکی نوێ لە سەرکردایەتیی ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەتیش دوای غیابی نەوشیروان مستەفا سەیر بکات، کە بتوانێ لە داهاتوودا لەسەر بنەمای هاوسەنگ ئیئتیلافی لەگەڵدا بکات. ئەو هاوپەیمانییە (گۆڕان، کۆمەڵ و هاوپەیمانی) ئەگەر لە داهاتوودا لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی ناوخۆیی کوردستانیش بەردەوام بێت، هیچ مەترسییەکی بۆ سەر دەنگەکانی پارتی نییە، پێش ئەوەی پارتی یان یەکێتی هیچ هەنگاوێکیان هاویشتبێت، گۆڕان و کۆمەڵ بۆ لەدەستنەدانی پێگەی سیاسیی خۆیان (بە چوونیان بۆناو هاوپەیمانی و یەک لیستی) بەرهەم ساڵحیان بەجۆرێک ئیحتیوا کردووە. ئەوەش رەنگبێ سەودایەکی سیاسی بێت لەگەڵ بەرهەم ساڵحدا بۆ بەرگرتن بەو نەزیفە سیاسییەی کە ئەو دوو حیزبە لە چەند ساڵی رابردوودا تووشی هاتبوون و، کادر و ئەندامانیان چاوەڕێی بەدیلێکی دەرەوەی پارتی و یەکێتییان دەکرد.

دەشێ قسەکانی بەرهەم ساڵح لەسەر سیستەمی حوکمڕانی (کە خۆیشی بەشێکی کاریگەری ئەو حوکمڕانییە بووە) بەلای پارتی یان یەکێتییەوە توند بووبێت، بەڵام ئەوە واقیعی حاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانە کە لە چەند سەعاتێکدا نیوەی خاکی کوردستان لە سۆنگەی بەردەوامیی مەدرەسەی جەلالی و مەلاییەوە لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەشی شیعە کرا! بۆیە پارتی دەبێ دەرسی لە رابردوو وەرگرتبێت و، هەمیشە دەرگای کراوە بێت و لەدەرگەی بەرامبەرەکانیشی بدات. ئەوانیش دەبێ لەوە تێبگەن کە سیاسەتی (ئانتی پارتی) ئەگەر بە جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بەڕێوە نەچوو، بەوانیش بەڕێوەناچێت.

## تەحەدییەکانی بەردەم بەرهەم ساڵح

2

دوای جودابوونەوەی یەکجارەکیی بەرهەم ساڵح، ئیتر یەکێتی ناچارە پێداچوونەوە بەساختاری خۆیدا بکات، رەنگبێ لەم زرووفەدا یەکێتی نەتوانێ کۆنگرە ببەستێ، بەڵام لانیکەم توانای بەستنی پلینیۆمی هەیە و، ئیتر چارەنووسی یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسی و حوکمڕانیدا بەندە بە رێککەوتنی نێوان کۆسرەت رەسوڵ عەلی و بنەماڵەی تاڵەبانی و، هەر لەوێش رەنگبێ چارەنووسی ئەو کەسانە دیاری ببێت کە ئێستا لەناو یەکێتین و بەجۆرێک لە جۆرەکان پشتیوانی لە هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح دەکەن. ئەو قسەیە راست نییە کە فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی (کە بەرهەم ساڵح پشتئەستوور بە هێزی ئەوان توانای ململانێی لەگەڵ ماڵباتی تاڵەبانیدا هەیە) بتوانن لاقێکیان لەناو یەکێتی و لاقەکەی دیکەیان لەناو هاوپەیمانیدا بێت! کاتێک نەوشیروان مستەفا جیابووەوە، نەک سەرکردایەتی بگرە ئەندام کۆمیتەکانی یەکێتیشی بە ئیعترافی بینراو دەگواستەوە ناو هەڵسوڕاوانی خۆی و، کەس نەبوو (جگە لە ماڵباتی تاڵەبانی) لاقێکی لەناو یەکێتی و ئەوەی دیکەی لەناو گۆڕان بێت!

ئێستا کە هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح بووەتە حزبێکی سیاسی، پێویستی بە داڕشتنی ساختاری بەڕێوەبردنە کە ئەم ساختارە تا ئێستا تەنها دەستەواژەی (هاودید)، سەرۆکی هاوپەیمانییەکە و بەرپرسیاری چەند دامەزراوەیەکی رێکخستنی بەرهەم هێناوە. لێرە بەدواوە، پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەرهەم ساڵحیش وەکو نەوشیروان مستەفا تووشی هەمان ئەزموونی ململانێی نەوەی کۆن و نوێ و ئیسلامی و عەلمانی دەبێتەوە یان نا؟ ئایا ئەو فەرماندە سەربازییانەی کە پاڵپشتی لە بەرهەم ساڵح دەکەن و لەناو یەکێتیدان، ئامادەن پلە و پۆستەکانی خۆیان بەجێبێڵن و وەک (هاودید) لەگەڵ ئەو بەردەوام بن؟ ئایا ئەوان رێگە دەدەن کە بە حزووری ئەوان خەڵکێکی گەنج بێنە پێشەوە، بەتایبەتیش کە بەرهەم ساڵح بەقەدەر نەوشیروان مستەفا ئۆتۆریتەر نییە؟ ئایا بۆ جاری دووەم پۆپۆلیستە میدیایی و رێکخراوەییەکان و ئیسلامییەکانی کوردستان (کە خۆیان بە هێمنی دەخزێننە ناو هەموو جوڵانەوە سیاسییە نوێیەکانی کوردستان) وەک چۆن دەستیان بەسەر بزووتنەوەی گۆڕاندا گرت و لە بزووتنەوەیەکی چەپی مارکسییەوە کردیان بە بزووتنەوەیەکی موحافەزەکاری هاوپەیمانی دوو حیزبی ئیسلامی و پۆپۆلیست، دەست بەسەر هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵحیشدا دەگرن؟ ئایا بەرهەم ساڵح لە دەرەوەی دژایەتیدا، دەتوانێ هێڵە سیاسییە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ پارتی و یەکێتی و، لە پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا دابنێت؟ ئەمانە هەمووی تەحەددین و ئیدیکەشی بەدوادا دێن.

## دروستکردنی لیستی (نیشتمان)

3

دروستکردنی لیستی (نیشتمان) بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان، لەو سۆنگەیەوەیە کە لانیکەم (گۆڕان و کۆمەڵ) پێشتر نفوزێکی ئەوتۆیان لەوناوچانەدا نەبووە و، هاوپەیمانیش تائێستا شانسی خۆی تاقی نەکردووەتەوە. بەڵام پێیانوایە کە پارتی لە غیابی جەماوەرە ئاوارەکەیدا، دەنگ ناهێنێ و یەکێتیش بەهۆی خیانەتی بەشێکی ماڵباتی تاڵەبانی لەبەرچاوی خەڵک کەوتووە. بۆیە ئەمە ئەگەرچی پێچەوانەی ئیجماعی نیشتمانییە لەسەر چارەنووسی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە، بەڵام هەلێکی سیاسیی زێڕینە و پاڵنانی پارتی و یەکێتییە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی (کە پارتی بە حزووری خیانەتکارانی ناو یەکێتی ناچێتە بن ئەو بارەوە تەنانەت ئەگەر یەک دەنگیش نەهێنێت). رەنگبێ ئەگەر پارتی سەرباری ئەو هەوڵانەی ئێستا لە بەغداوە بە هاوکاریی ناوخۆیی لەدژی بەڕێوەدەچێ بچێتە ناو هەڵبژاردنەوە، دوور نییە بیر لە هاوپەیمانێکی شیعەی وەکو موقتەدا سەدر بکاتەوە و، بەوەش بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

## شۆکی پاش شکست

# چۆن کوردستان هەڵدەستێتەوە؟

ئەم هەفتەیە سێ مانگ بەسەر شکستی شازدەی ئۆکتۆبەردا تێدەپەڕێت. هێشتا لە کوردستان جەدەلێکی بێمانا و بێکەڵک لەسەرئەوەی کە ئەوەی روویدا شکست بوو یان شکست نەبوو، بەردەوامە. هێشتاش بەردەوامین لەسەر دووبارەکردنەوەی "ئەگەر خیانەت نەبوایە، نەدەشکاین". رستەیەک کە تازە ناتوانێ ئەوەی لەدەستماندداوە بۆمانی بگێڕێتەوە.

سێ راستیی تاڵ هەن کە دەبێ قبوڵیان بکەین: یەکەم، بەرامبەر عێراق و سێبەرەکانی سەر عێراق شکاوین و هەموو ئەو خاکەی بە خوێن گێڕابوومانەوە، لەدەستماندانەوە، دووەم، گشتپرسییەکی مێژوویی‌مان کرد، بەڵام بۆ ئەم قۆناخە نە لە ژووری دانوستاندن بەکەڵکمان دێت نە لە دەرەوەی ئەو ژوورەش، سێیەمیش، لە شازدەی ئۆکتۆبەردا بە رۆژی رووناک خیانەت کرا، بەڵام بۆ ئەم قۆناخە نە دەتوانین کەس لەسەر خیانەت سزابدەین و نە دەشتوانین نێوماڵی خۆمان بە پەنجەرۆکردن لەو برینە، لەوەی کە هەیە پەرتەوازەتر بکەین. گۆڕانکارییەکان خێران و ئەوەی لە سەرکردەکانی کوردستانیش دەیبیستین هیچی ئەو دڵنیاییەمان ناداتێ کە ئەجێندا و بەرنامەیەکی رێکوپێکیان هەبێ بۆ شکاندنەوەی گۆڕانکارییەکان بەقازانجی کوردستان. لەم دۆخە پڕ لە نائومێدییەدا دوو رێگەمان لەپێشن: یان دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕوانی ئەوەبین دۆخەکە بگۆڕێ و بەخت بێتەوە یاوەرمان، یانیش بەوەی کە هەیە رازی نەبین و بە بەخۆداچوونەوە و پلاندانان و کردەوە خۆمان وابکەین بەخت پشتمان تێنەکاتەوە. ئەوەی دەیخوێنیتەوە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن بە رێگەی دووەمدا بڕۆین.

### شۆکی پاش شکست و ترسی تەندروست

مێژوومان بریتییە لە شکستی یەک لەدوای یەک. هەر دە پازدە ساڵ جارێک نەوەیەک شۆکێکی پاش شکستی بینیوە. پاش هەر شکستێکیش بەهێزترەوە هەستاوینەتەوە. ئەنجامدانی گشتپرسی لە سەرتاسەری خاکی باشووری کوردستان دەرفەتێکی مێژوویی بوو کە پاش شکستی دەستپێکمان بەرامبەر داعش و شکستهێنانی بنەمای تەوافوق و شەراکەت لەگەڵ بەغدا، قۆستمانەوە و وەک دەرکەوت دووبارە نەدەبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندە داننان بە گشتپرسی وەک دەرفەتێکی مێژوویی گرنگە، هێندەش داننان بەوەدا گرنگە کە لە شازدەی ئۆکتۆبەرەوە شکاوین و دەبێ خۆمان بۆ دەرچوون لە شۆکی پاش شکست ئامادە بکەین.

رەخنەیەک کە لە چەند مانگی رابردوودا بەبەردەوامی لە عەبادی و بەغدای دەگیرێن، ئەوەیە کە لەخۆیان بایی بوون، بەڵام ئێمە پێش ئەوان لەخۆمان بایی ببووین. ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی رووداني شکستەکەی شازدەی ئۆکتۆبەر بوو. هەردوو لەخۆباییبوون خراپ بوون و خراپن، بەڵام بۆ ئێمە دوو جار زیاتری عێراق خراپ بوو. چونکە رووداوەکان دەریانخست ئەوان هەرچییەک بن و لە چاوی ئێمەدا هەرچەندە تائیفی و نادیموکراسیش بن، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەک دەوڵەت قبوڵکراون و ئێمەش هەرچەندە خۆمان پێ داکۆکیکاری بەهاکانی وڵاتانی رۆژئاوا و دۆستی دێرینیان و دوورگەی ئارامی و پێکەوەژیان بێت، هەر بەشێکین لەو دەوڵەتەی جیهان لە ئەدرێسی بەغداوە مامەڵەی لەگەڵدەکات. ئێمە زیادەڕەویمانکرد لە نەترسان و بێمنەتی، کە راستتر وایە ترسێکی تەندروستمان هەبێت. چیرۆکی ئەو ئیسرائیلییانەی هێشتاش لەماڵەوە کەرەستەی پەرینەوە لە دەریایان هەیە پەندئامێزە. ئەوان بە دڵ و گیان خزمەتی پێشکەوتن و بەهێزترکردنی دەوڵەتەکەیان دەکەن، ئەمەش وایکردووە لە زۆر بواردا تواناکانیان لە ناوچەکەدا بە هێز و توانای دەوڵەتانی دیکە بەراورد نەکرێت، بەڵام هەرواش ئەو ترسەیان لەدڵی خۆیان نەبردووەتە دەرەوە کە رەنگە رۆژێک دوژمنەکانیان رایانبماڵن و ناچاربن لەرێگەی دەریاوە هەڵبێن. ئەو ترسە ترسێکی تەندروستە و وادەکات نەوە دوای نەوە هەموو هەوڵێک بدەن کە قەت ئەو رۆژە نەیەت بۆ رزگاربوون پێویستیان بە دەریا بێت. نموونەی هەستانەوەی ژاپۆن و ئەڵمانیا و ترسی تەندروستی ئەوان لە دووبارەبوونەوەی شکستیش هاوکارێکی باشە بۆ بەخۆداچوونەوە و پلاندانانمان بۆ ئایندە. لەلای ئێمە لەسەر دوو ئاست کارمان لەسەر ترس کرد: یەکەم، ترساندنی خەڵک لە دووبارەبوونەوەی رووداوە مێژووییەکان، بۆئەوەی دەستەمۆیان بکەن، دووەمیش نەترساندنی خەڵک و دروستکردنی متمانەی زیاد لە پێویست بە توانای ئیدارەی کوردستان، بۆئەوەی سەرسامیان بکەن و پشتیوانییان نەدۆڕێنن. بەداخەوە لەدوای شکستی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە دەرکەوت ئەو نەترسانە چەندە زیانبەخش بوو. ئەو نەترسانە هەر لە بواری ئابووریدا نا، بەڵکو لە بواری دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیشدا دەریخست هێندە کەمتەرخەم و خۆشخەیاڵ بووین کە لەپڕ زانیمان قەوارەکەمان وەک پاشا بێ جلوبەرگەکە وایە.

### دیارنییە بەرەو کوێ دەچین

پاش شکستە کەمەرشکێنەکە، سەرکردایەتیی ئێستا دەیانەوێ کوردستان بەرەو کوێ ببەن؟ ئەمە ئەگەر بۆ من وەک رۆژنامەنووسێکی ئاگادار لە رووداوەکان روون نەبێت، چۆن بۆ دادە ئامینەیەکی نیو خوێندەواری دانیشتووی گەڕەکی تەیراوەی هەولێر روون دەبێت؟ لەو کۆنفرانسە رۆژنامەڤانی و پەیام و هەڤپەیڤینە نووسراو و بیندراو و بیستراوانەی لەمڕۆژانەدا بڕیاربەدەستانی کوردستان دەیکەن، هەستی ئەوەت نادەنێ کە هەڵسەنگاندنیان بۆ شکستەکە کردووە و پلانیان بۆ پاش شکست داناوە. جگە لە قسەی دووبارەی بەر لە شکست و یەکدی تۆمەتبارکردن و چەقین لە رابردوودا، کەمیان شتی نوێ لەسەر ئێستا دەڵێن. هەمیشە رێبەرایەتیی سیاسی، جا چ هی دەوڵەت بێت یان هی شۆڕش، وێنەیەک دەداتە جەماوەرەکەی کە بڕیارە بەرەو کوێ بچن. ئەو وێنە روونەیە ئەو جەماوەرە دەجووڵێنێت بۆ گەیشتنە ئامانج.

خەڵک مافی خۆیەتی بزانێ بەرەو کوێ دەچێت. ئەمەش تەنیا بەو مانایە نییە کە بزانین لەگەڵ بەغدا دەگەینە کوێ، چونکە ئەمە بەشێکە لە وێنە گەورەکە. بەڵکو ئەوەشە کە چۆن جلوبەرگێک بۆ قەوارەکەمان دەدروین، بۆئەوەی ئەگەر جارێکی دیکە وێنەیان گرتینەوە بە رووتوقووتی دەرنەکەوین. بۆنموونە لەرووی ئابوورییەوە بەتەمای چین، لەڕووی کولتووری و پەروەردەوە کار لەسەر چی دەکەین و نەوەی گەلێکی هەرەشەلێکراو پێویستە بە کام چەکی زانین و لێهاتوویی پڕچەک بکرێت و چۆن دەستمان دەگاتە ئەو چەکانە. چۆن قووڵایی ستراتیژیی خۆمان لە پارچەکانی دیکە دەپارێزین و واناکەین وەک تەنگانەی ئەمجارە هیچ سوودێکی بۆمان نەبێ. دەبێ بزانین لەڕووی دیپلۆماسییەوە هەڵەکانمان چی بوون و چۆن دەتوانین لەو بوارەدا هیچ نەبێ بۆ دە ساڵی ئایندە خۆمان ئامادە بکەین. گریمان سبەی رەوشەکە گۆڕا و دەرفەتمان بۆ دروستبوو ببینە دەوڵەت، بەو ناروونییەی ئێستا لە پلانی ئایندەماندا هەیە و دەریشکەوت چارەکە سەدەیەکە هیچمانەنەکردووە، هیچ لە حاڵی خەڵکی خۆمان ناگۆڕێن. هاونیشتمانییەکی کەرکووکی بە نموونەیەکی سادە وێنەیەکی جوانی رەوشی ئێستامانی بۆ باسکردم: "سەرکردایەتییەکەمان پێیگوتین با گوێتان کون بکەین و گوارەتان بۆ بکڕین. گوێیان کونکردین، کەچی دەرکەوت پارەی گوارەکەیان نییە!" ئەمە دروست ئەو پرسیارەیە کە دەبێ لەسەری رابوەستین: دەبێ بە کام رێگەدا بڕۆین بۆئەوەی ئەگەر جارێکی دیکە گوێمان کونکرایەوە، پارەی گوارەکەمان هەبێ؟

### ناچارین یەکڕیزبین

پاش شکستی شۆڕش لە حەفتاکاندا، سەدام یەکێک لە سەرکردەکانی سەردەمی شۆڕش دەبینێت. ئەو سەرکردەیە شتێکی هاوشێوەی حیزبی دروستکردبوو و داینابوو بەغدا لەسەر کێشەی کورد دانوستاندنی لەگەڵ بکات. لە دیدارەکەدا سەدام پێیدەڵێت: "حیزبەکانی دیکەش رازی بکە، ئەوکات دانوستاندن دەکەین". سەرکردەکە دەگەڕێتەوە و کەسی پێ رازی ناکرێت و دانوستاندنەکان سەرناگرن. عەبادیش لەمڕۆژانەدا هەمان شت بە کوردستان دەڵێت: "لەنێوخۆتاندا رێککەون، ئینجا وەرن بۆ رێککەوتن". چیرۆکی تاڵی ئێمە لەگەڵ بەغدا لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە هەر ئەوەیە. ئەوکاتانەی دوو شاند یان زیاتر بووین و چووینەتە ئەوێ هیچمان دەستنەکەوتووە. ئەوکاتەی یەک شاند بووین، وەک سەردەمی بەرەی کوردستانی و سەردەمی پاش رووخانی رژێمی سەدام، هەم بەغدا زۆرتر رێزی گرتووین و هەم دنیاش پشتیوانیی لێکردووین. ئێستا کێشەی گەورەی نێوخۆییمان هەن و هۆیەکەشی ئەوەیە شکستمان هێناوە لە خۆبەڕێوەبردن و سەلماندنی شیاویمان بۆ خۆبەڕێوەبردن. نزیکەی سی ساڵە کیانێکی دیفاکتۆمان هەیە، بەڵام نەمانتوانیوە دەستوورێکی بۆ دابنێین. کاتێکیش هەوڵماندداوە ئەو دەستوورە دابنێین، ئەنجامەکەی بێهەیبەتکردنی پەرلەمان بووە. نزیکەی سی ساڵە حکومەتداری دەکەین، کەچی حیزبەکانمان پێیان ئاساییە چەند مانگێک بەر لە هەڵبژاردن لە حکومەت بکشێنەوە. هۆکاری شکستی شازدەی ئۆکتۆبەر دەگەڕێنینەوە بۆ خیانەت، کەچی هۆکارە راستەقینەکە ئەوەیە کە لەو سی ساڵەدا نەمانتوانی سوپایەکی نیشتمانی دروستبکەین کە لەجیاتی حیزب و سەرۆک تاقم، فەرمان لە وەزیر و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی وڵات وەربگرێت. ئەوانە هەموویان هەن، بەڵام هیچ رێگەیەکی دیکەشمان نییە جگە لەوەی یەکڕیز و یەکدەنگ بین بەرامبەر دنیای دەرەوە و فرەدەنگ و هەمەچەشن بین لەنێوخۆماندا.

### تێگەیشتن لە جیهان

ئەوەی لەکاتی گشتپرسی و پاش گشتپرسیش بەسەرمان هات، دەریخست خوێندنەوەمان بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانمان هەڵە بووە. وڵاتانی جیهان و بەتایبەتیش رۆژئاواییەکان لەسەر دوو ئاست مامەڵەیان لەگەڵکردین: یەکەم، شەڕی داعش لەرێگەی کوردەوە لە عێراق و سووریا بە نرخێکی هەرزانتر بۆ ئەو وڵاتانە تەواو دەبوو لەوەی کە هێزی سەربازیی خۆیان هێنابوایە. مەبەست لە نرخیش هەم لەڕووی ئابوورییەوەیە هەم لەڕووی توانای مرۆییەوە و هەم لەڕووی سیاسیشەوە. کورد پێویستی بەوە بوو جیهان هاوکاریی بکات و لە هەڕەشەی داعش بیپارێزێت، جیهانیش پێویستی بەوەبوو ئەو شەڕی داعشەی بەملیدا هاتبوو بە هەرزانترین نرخ بیکات. ئەو هەموو بایەخەی لەو ماوەیەدا بە کوردستان دەدرا و هەولێر ببووە وێستگەی سەردانی سەرۆک و وەزیران و دیپلۆماتکاران و ژەنەراڵە رۆژئاواییەکان، بەشێکی گرنگی لەبەر ئەم تێگەیشتن و بەرژەوەندییە هاوبەشە بوو. خاڵی دووەم ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەچاو دەوڵەتی تورکیا و وڵاتانی دیکە بە چاوەڕوانیی کەمترەوە دۆستایەتیی رۆژئاوای کردووە و داواکارییەکانی زۆر نەبوون، بەڵام کاتێک باسی گشتپرسی هاتەگۆڕێ، چاوەڕوانییەکانی کوردستان لە دۆستە رۆژئاواییەکانی هێندە گەورەبوون کە بۆ ئەو قۆناخە بۆ ئەوان تەحەمول نەدەکران، بۆیەش دژی وەستانەوە. کەواتە لە شکستی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە زانیمان تەنیا چیاکان دۆستمان نین، بەڵام ئەو دۆستانەی هەمانن ئامۆزامان نین، ئەوانیش بەرژەوەندی و ئەجێندای خۆیان هەیە و ناچارنین هەمیشە سازیان بە ئاوازی ئێمە رێکخەن.

### گەڕانەوە بۆ بەغدا

نە عێراق وڵاتی بێ موفاجەئەیە و نە عەبادیش خدری زیندەی دەردەکانی عێراقە. بۆیە سەیرنییە ئەگەر شەش مانگی دیکە هەموو هاوکێشەکان لە عێراق سەرەوبن ببنەوە و جارێکی دیکە کورد لە یاریکەرێکی شکاوەوە ببێتەوە ئەوەی بە ئینگلیزی پێیدەڵێن کینگ مەیکەر. بەڵام ئەمە خۆزگە و ئەگەر و خەیاڵی شاعیرانەیە و واقیعەکە ئەوەیە کە ئەو بەغدایەی بێزمان نەدەهات وەک پایتەخت مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لە قۆناخی داهاتوودا بۆ راستکردنەوەی باری لارمان زۆر پێویستە تێیدا بەهێزببینەوە و بۆی بگەڕێینەوە. پێویستمان بەوەیە کەسە زۆر عاقڵەکانمان بنێرینە ئەوێ و نەهێڵین ئەوەی ئەمجارە بەسەرمان هات بەهۆی لاوازیی نوێنەرەکانمانەوە لەوێ، جارێکی دیکە بەسەرمان بێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە دەمارگیرانە بیردەکەنەوە، بە پێویستی دەزانم دەستی هەر کەسێک لە بەغدا بگوشین کە بزانین بەهۆیەوە پێگەی کورد لە عێراقدا بەهێزدەکاتەوە. ئێمە چەندە لە نێوخۆدا دەبێ خەریکی خۆبەهێزکردن بین، هێندەش دەبێ لە بەغدا هێز و هەژموونمان زیادبکەینەوە. چونکە ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا فێری بووین، ئەوە بوو کە تەنانەت ئەگەر دەرفەتێکمان بۆ جیابوونەوە لە عێراقیش بۆ دروستبووەوە، دەبێ ئەوە لەگەڵ بەغدایەک ببڕێنینەوە کە خۆمان تێیدا خاوەن هەژموون بین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## گولسێڤەن: من مەقامبێژی میوزیکی کلاسیکم

10 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net









